# پیاسەیەک پێکەوە..

# پیاسەیەک بەتەنیا

**توانا ئەمین**

ناوی کتێب: پیاسەیەك پێکەوە.. پیاسەیەك بەتەنیا

نووسینی: توانا ئەمین

بابەت: وتار

دیزانی ناوەوە: ئاکۆ عەبدولمەجید

هەڵەچنی: هیمداد حەمید

بەرگ: لالۆ

چاپ: یەکەم چاپ

چاپخانە: یاد، بازاڕی سۆز، نهۆمی سێهەم

تیراژ: (500)دانە

نرخی: (2500) دینار

ژمارەی سپاردنی(???) کتێبخانەی گشتی سلێمانی دراوەتێ

# پیاسەیەک پێکەوە..

# پیاسەیەک بەتەنیا

بەیازو دەستنووس

**توانا ئەمین**

**لەچاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم**

**زنجیرەی ژمارە (49)**

سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر

جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێهەم. ژمارەی تەلیفۆن: 07701575726

Pin_clap2008@yahoo.com

# پێڕست


1- خۆتەقاندنەوە؛ هەوڵێکی تری گەڕان ........................ 9

2- مەحوی؛ عارفێك لەنێوان سەرکێشیو ........................ 21

3- شارو قەحبە ........................ 79

4- هەڵحزانی زمانو گێڕانەوە بۆ ناو ........................ 85

5- ژیان شەڕێکی ئەبەدییە لەگەڵ پێکەنین ........................ 101

6- دۆزینەوە پاش فەناکردنی خود ........................ 109

7- ئەپسێردێتی تێکستو ئیرۆسییەتی ........................ 125

8- عەشق؛ پڕۆسەیەك بۆ جەللادبوون ........................ 135

9- بەختیار عەلی؛ پیاوی خوێنەرە ........................ 145

10- سێوی شین ........................ 151

11- داهێنەر جارێك وەك مامان ........................ 157

12- ژیانێکی تر بە قەرز ........................ 163

13- پیاوێك لە ئاونگ ........................ 167

14- دەقی دووەمی نامەیەك کە ناگات ........................ 173

15- لە ساڵی تازەدا ئیمەیڵێك کە نایبنێرم ........................ 179

16- خۆکوشتتن لە ئاوێکی سارددا ........................ 185

17- نامەیەك لە جەلادەت ئیسماعیل ........................ 189

18- دانپێدانەکانی بەردێکی خوێناوی ........................ 195

19- من سۆپەرمان نیم، منیش وەك تۆ ........................ 199

20- بەتەنیا لەیلی تۆ ........................ 203

21- شیعرفرۆش ........................ 207

پێشکەشە بە:

- هەدیل

یادەوەرییەکی تاڵ لە رۆژانێکی شیریندا..

- هەرمێ

تەنیا بەهانەی ئەم ژیانە پووچەی پیاوێك.. کە منم..!

# خۆتەقاندنەوە؛
# هەوڵێکی تری گەڕان
# بەدوای جوانیدا

ئەم وتارە، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی ئیستاتیکیی ئەم دیاردەیە

*هێندە کاڵفام مەبە. ئەی دۆست وابزانیت مردنی تۆ گوڵزار دەڕازێنێتەوە سەیربکەو ببینە. ئەی دۆست دوای مردنی تۆ ژیان هەروەکو خۆیەتی. سەیرکەو بگری. ئەی دۆست دوای گەڕانەوەشەت. مردن هەروەکو خۆیەتی.*

**له قەسیدەی کتێبی پیاوکوژانی بەختیار عەلی-یەوە**

*لە ناخی هەموو ناشرینییەکاندا جوانییەک هەیە. دەبێت بیدۆزینەوە.*

**لە دوا نامەی ڤان کوخ-ەوە بەر لە خۆکوشتنی**

میسۆلۆژیا یەك پارچە جووڵەی مرۆڤە لە سەنتەرەوە بۆ خاڵێکی تر، تاقیکردنەوەی ئیرادەو هەستکردنە بە توانای خود. ئەگەرچی بەپێی سترەکتوری کۆمەڵگەکان، ئەفسانەکان لە رەنگکردندا دەگۆڕێن. کۆمەڵگەیەك بۆ پتەوکردنی بونیادەکانی خۆی، جەخت لەسەر توانستی تاك دەکاتەوەو ئەم هەستە بە رۆحی هاوکۆمەڵەکانیدا پەخشاندەکات، نموونەشمان کۆمەڵگەی





یۆنانیی کۆنو ئەفسانە گریکییەکانە. بەپێچەوانەشەوە، ئەفسانە لەلای کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان (**لە قۆناغێکدا**) ئیحایی دەستەجەمعیو پێکەوە کارو تەواوو کۆیی وەرگرتووە وەکو ئەفسانە هیندییەکانو ئەفسانەی لوتو ئەسحابولکەهفو ...هتد.

ئەگەر لە گلگامێشدا، مرۆڤ گەڕانێکی بێکۆتایی بەدوای گیای نەمریو ژیاندا بگەڕێتو دواتریش بێکۆتاییو بێئەنجام دەستبەتاڵ بێت. ئەوا لەو رۆژەوە مرۆڤ هەوڵی داوە ئەلتەرناتیڤێکی تری گیای نەمری بدۆزێتەوە. بڕوانە تێکستە ئاینییەکان، بە سوودوەرگرتنێکی تەواو لە ئەفسانەکان، جەختکردنەوەیەکی توند لەسەر نەمری دەکەنەوەو پێیانوایە هەموو ئەوانەی لە رێی خوادا تیاچوون، مردوو نین؛ "ولاتحسبين الذين قتلو في سبيل للة امواتا" ئەم باوەڕە لە یەك کاتدا دەتوانێت وابکات تەوتەمێك دروست ببێتو ببێتە سیمبولی پیرۆزیو لە شوێنە هەرە عاسیو گیرەکانی باوەڕنەکردندا نەبێت، نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوانە، وەك: سوێندخواردن بە خوێنو گۆڕی شەهیدان.

ئەم باوەڕە جارێکی تر هەستی بەردەوامیی ژیان بە ئێمە دەبەخشێت، بەنزیکەیی وەڵامێکمان لەمەڕ پرسیارەکەی گلگامێش دەداتێ. خەیاڵی ئەوەمان لەلا گەوەرە دەکات، ئەگەر ئێمە دەمانەوێت نەمرین، ئەوا دەبێت لە پێناوێکدا بمرین، ئەگەرنا ناکرێت بمرینو لەپێناوێکدا نەبێت. ئەو جۆرە مردنە، مردنێکە خاڵی لەدواوەیەو دوورە لە نەمرییەوە.

زۆرجار ئەم سروتە بە رۆحی کولتوورەکەدا دێتە خوارێ، تا دەگات بەوەی سەیرکردنو پیرۆزی بۆ شەهیدو مردن لە شۆڕشی کوردیدا، رێك هاوتایە بەو دیدە ئاینییە، تەنانەت لە هەندێك جێشدا فێندەمینتاڵترە. ئەوەتا گوتاری ناسیۆنالیستیی ئێمە لە شاخ لێوانلێوە لە رشاندنەوەیەکی توند بەسەر ئەو

پیاوانەی بەخت یاوەریان نەبووە لەبن بەردێکدا فیشەکی دوژمن یان (**خائینان**) بیانکوژێتو سەرکزو نەگبەت لە ماڵەوە لەژێر جێگەدا مردوون. لە مێژووی شۆڕشی ئێمەدا مردنی ناو جێگە، بێزراوترین مردنە.

ئەم بەپیرۆزکردنەی مردن، سەرەداوەکەی لەوە دوورتر ئێمە لە وتارێکی کورتی ئاوادا دەستمانبکەوێت، بەڵام چۆن ئەم ئایدیایە لەگەڵ مۆدێلی ژیاندا قۆناغ بە قۆناغ خۆی نوێدەکاتەوەو خۆی دەگونجێنێت؟

**مەریوان وریا قانع** بەو دەرئەنجامە حەقیقییە دەگاتو دەڵێت: **"هیچ تێکستێکی دینی نییە مژدەبەخش نەبێت"** راستییەکەی ئەگەر دوالیزمەی پاداشتو سزا لە ئەفسانەکانەوە پەڕیبێتەوە بۆ ناو ئاینەکانو ئەوانیش وەکو دوو ئیختیاری حەتمی خستبێتیانە بەردەم مرۆڤ و خەڵکیان لە خۆیان پێ کۆکردبێتەوە، ئەوە بەراوردکردنی هەردوو مێژووەکەی سزاو پاداشت لە گێتیدا، کەمێك سەختە. رایەکی سۆسیۆ_ئەنسرۆپۆلۆژی هەیە، پێیوایە مادام ئەوان دوالیزمەیەکی دژبەیەکن، کەواتە بەیەکەوە هاتوونەتە بوون.

ئەگەر ئیسلام بە نموونە وەربگرین، دەبینین سەرەتا لەم ئاینەدا سورەتە مەکییەکانی کەمتر خۆی لە قەرەی ئەحکام دەداتو دیارە کە ئەحکام نەبوو، سنوور دیار نابێتو لە بێسنووریشدا کەس سزا نادرێت. ئەو سورەتە سەرەتاییانە (**وەکو مێژووی دابەزاندونیان**) زۆرتر رەنگێکی گشتیی ئایدیاکە دەرژێتو داوای بانگەوازو کۆبوونەوە لە دەروی خۆی دەکات. بەڵام پاش تێپەڕاندنی ماوەی مەککەو کۆچکردن، لە مەدینەدا ئیسلام دەوڵەتێکی بچووك دروستدەکات، سەرلەنوێ بەوردو درشتی ژیاندا دەچێتەوە، هەر لە بەرگ پۆشینەوە بۆ ئاخافتنو گفتوگۆو دواجاریش ژنو ژنخوازیو منداڵبوونو هەموو دیاردەکانی تری ژیان لە کۆمەڵگەدا دەخاتە ژێر تەلەسکۆبێکی شەریعییەوە.





ئەگەر خوێنەر ئەوەشی لەیادبێت کە ئیسلام پتر لە هەر ئاینێکی تر زیاتر دەست لە کاروباری ژیانی مرۆڤەوە وەردەدات، کە ئەم زێدەڕەوییە لەم ئاستە بەرزەدا، لە ئاینێکی تری تاکخودایی بۆ نموونە وەکو مەسیحیەتدا نییە.

دانانی دەقێكو گشتاندنی بەسەر دانیشتووانی مەدینەدا، جۆرێك لە یاسای دروستکرد. هەمیشەش یاسا بە پشتی هێزێکی گەورەی وەکو سزاوە، دەتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. لەو دەمەدا کەس لەسەر ئیشێکی باش پاداشت نەکراوە، رەنگە وا جواب کرابێت کە پاداشتی گەورەو راستەقینە لەلای خودایە؛ "الاجر عنداللة" بەڵام لەسەر دزی، سەدان دەستیان بە شمشێر پەڕاندووە. ئەوان کاتێك پاداشتیان بە کەس نەدەدا، هی ئەوە نەبووە بەیتولمالی موسڵمانان هیچی تێدا نەبووە، بەڵکە خوێندنەوەیەکی وردتر لەپشت ئەم دیدەوە هەبوو؛ ئیسلام نەیویست دەستکاری وەهمێکی گەورەی وەکو پاداشت بکات. دەیزانی پاداشتبەخشین، خەیاڵی مرۆڤێك لە رووباری هەنگوینەوە بۆ کیسەیەك نقود بچووکدەکاتەوە.

ئیسلام نەیویست ئەم خەونە لە چاوی مرۆڤ بتارێنێت، لەو کاتەوە تا ئێستا شوێنکەوتووانی ئاین یان لە سزا ترساون، یان چاوەڕێی پاداشتن. ئەم مۆدێلە نوێیەی ئیسلامی سیاسی، دەزانێت ئەمڕۆ ئەو لە ترساندنی مرۆڤ بە سزایەکی دووری ئەو دونیا، کورتدەهێنێتو لە هەمانکاتیشدا دڵنیایە لەوەی مێشکی ئەو بوونەوەرەی ناو مرۆڤ، ئەو کاتەی زۆر زۆر گەورەو قەرەباڵغ دەبێت، هێشتا جێگەی خەونی تێدا ماوە. بۆیە ستراتیژی ئیسلامی سیاسی، لە ئیشکردن لە تۆقاندنەوە بۆ ئیشکردن لەسەر ئارامی_بێدەنگیی (**بەهەشت**) گۆڕا. ئەوان سوودمەند بوون لە خوێندنەوەی ئەو حەقیقەتە مێژووییەی کە بەدرێژایی تەمەنی ئەم ئەستێرەیەو تەمەنی سیستەمەکانی حوکم، هێندەی خەونی

باشتربوونو جوانتربوون، خەڵكی بەكوشت داوە، نیوهێندە خەمی وێرانبوونو كاولبوون، خەڵكی لە جیهان دەرنەهێناوە. **هیتلەر** لەژێر پاساوی نەژادیو مانەوەی رەگەزی ئەسڵدا، كارەساتی هۆڵوكۆستی خوڵقاند. **روسیا** لەژێر پاساوی دروستكردنی دونیایەكی باشتردا، لەشكری سووری دروستكرد. **ئەمریكا** لە ژێر پاساوی دیموكراسیدا، **هەیمەنە** بەسەر جیهاندا دەكات. **هەمیشەش** ئایدۆلۆژیا بۆ ئەوەی خۆی لە فەوتان رزگاربكات، دەبێت خەون بەرهەمبهێنێت، واوەیلا بە حاڵی ئایدۆلۆیایەك كە مژدەكانی بچووكنو خەونی گەورەمان نادەنێ.

بیریارەكانی ئەم مۆدێلە نوێیەی ئیسلامی سیاسی، لە میدیاكانیانەوە دەستیانپێكرد. هێدی هێدی هەزری توندوتیژییان لەلای شوێنكەوتووانیان خاوكردەوەو گروپو حیزبەكانی خۆیان راسپارد كە **هە**ندێك فۆڕمو دیوی دەرەوەی خۆیان بگۆڕنو لە ئاستی فیكرییشدا، بانگەوازی تەفسیری جیاوازو تەئویلی نوێیان بۆ تێكستە ئاینییەكەیان كرد. ئەمە لە كاتێكدا ئەوان ئەزموونە فاشیلەكەی ئیسلامی چەكداری ئەو كاتەو مێژووە خوێناوییەكەیان لەپێشچاو بوو. ئەم فاكتەرانەی گۆڕان وایكرد، ئیسلام وەكو ئاینێك لە پایەی بەراوردو روانینی واقیعی بخاتە سەر پایە یۆتۆپییەكەی، دەشیانزانی ئەوە تەنیا رێگەو دوا رێگەیە بۆ ژیاندنەوەی.

لەو نێوەندەدا، لە كوردستان تاكی كوردی تووشی سەرلێشێوانێكی سایكۆلۆژیی خراپ بوو، ئەو نەیتوانی **هە**روا بەسانایی خانەی نیانیی خۆی زیندووبكاتەوەو بەبێ ئاوڕدانەوە، ئەو تاقە پڕ لە یادگارییانە جێبهێڵێت كە لەگەڵ فیشەكو حەماسو **(رقی پیرۆز)**دا **هە**یبوو. بۆیە دەركەوتنی گروپی توندڕەوی وەكو **تەوحیدو جوندو ئەنسار**، ئەگەرچی **هۆ**كاری بابەتیو سیاسیو مێژوویو واقیعیی خۆی لەپشتەوە بوو، بەڵام خاڵییش نەبوو لەو **هە**موو





حەماسەی **گوتاری ناسیۆنالیستیی** ئێمە، كە بە تەمەنی سەدەیەك لە ناخی **هە**ر كوردێكدا چاندبووی. بۆیە ناكرێت شوێنكەوتووانی ئەو رێكخراوانە، بە فەقیرعەقڵو **هە**رزەو منداڵ تێبگەین، بەڵكە ئەوە ناونانێكی بێ وردبوونەوەی میدیای حیزبیەو ئەو دیاردەیە پێویستی بە خوێندنەوەیەكی فرەڕە**هە**ند **هە**یە، كە دەوڵەمەند بێت بە میتۆدی زانستیی نوێ.

كێشەی **محەمەد عەتا**یەكی ئەندازیار كە لە **نیویۆرك** خۆی دەتەقێنێتەوەو **ئەبوتەڵحە**یەك كە یاسا لە **یەمەن** تەواودەكاتو لە **فەللوجە** خۆی دەتەقێنێتەوە تا دەگات بە **موریل دیگۆل**–ی كچە **بەلژیكی**، كە لە ریستۆرانتێكی ئەوێوە دێتو لە خۆرئاوای **بەغدا** خۆی دەتەقێنێتەوە، ناكرێت تەنها وا سەیری بكەین كە ئەمانە نەتەوەی **هاوبە**ش، یان جینی شەڕانگێزیی **هاوبە**ش، یان بیركۆڵی **هاوبە**ش، گەیاندوونییەتە خۆتەقاندنەوە. بە بڕوای ئێمە، ئەوەی وادەكات ئەندازیارێك لەوپەڕی دونیاو پارێزەرێك لەمپەڕی دونیا خۆی بتەقێنێتەوە، تەنها وەهمی **هاوبە**شە.

ئەگەر **میسۆلۆژیا** جووڵەی مرۆڤ بێت لە سەنتەرەوە بۆ خاڵێكی دەرەوەی سەنتەر، ئەوا ئسوڵییەت گەڕانەوەیەكی دەستبەتاڵی بیری مرۆڤە لە خاڵەوە بۆ سەنتەر. چێكردنی ماڵە لە كەلاوەكانی دوێنێو **هاتنەوە**یەكە بەسەر داروپەردووی ئەو وێرانەیەدا، كە عەیامێك پێشتر تێیدا ژیاوە. ئەم گەڕانەوەیە بۆ دواوە، تەنها دانیشتنێكو وردبوونەوەیەك نییە لە **هە**ڵە گەورەكانی فیكری خۆی، بەڵكە **هاندە**رێكی حەماسییانەی تاكە بۆ **هێ**رشكردنە سەر فیكرەكانی دەرەوەی خۆی. راوەستانێك نییە لەپێش پرسیارە نوێكانی مرۆڤی ئەمڕۆ، **هێ**ندە تێكشاندنی وەڵامەكانی ئەوی ترە بەوپەڕی بێمیتۆدی. ئسوڵییەت لەم بارەدا تەفسیركردنی دونیایە بە یەك دیدو رەتكردنەوەیەكی قورسی دیدەكانی

ترە. ترسناکیی ئسولێییەت لەوێوە دەستپێدەکات کە دانیشتن نییە بە دەردی خۆیەوە، هێندەی پەلامارێکی سامناکانەیە بۆ ئەوانەی بۆ تێگەشتن لەم گەردوونە، نەگەڕاونەتەوە بۆ تێکستێکی تایبەت.

لەو نێوەندەدا، ئەو مۆدیلەی ئیسلام سێرچێکی بێکۆتایی بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت کە ناڕازین، یاخین، خاوەن گلەیین‌و لە هەمانکاتیشدا تاسەیەکی قووڵیان بۆ جوانی هەیە. ئیسلامیی سیاسیی توندڕەو خەیاڵی ئەو جۆرە کارەکتەرانە بۆ تۆوە ژەهراویەکانی خۆی، بە زەوییەکی بەپیت دەزانێت، کە هەمیشە رووپۆشە بە جوانییەکی بێسنوور.

ئەوانەی بەدوای جوانیدا دەگەڕێن، پتر لە هەر مرۆڤێکی تر دەچنە ژێر کاریگەریی خەیاڵێك کە بۆنی جوانیی لێبێت، ئەوان دەیانەوێت ئەم دونیایە بگۆڕن، بەڵام بە چ میکانیزمێك؟ کەتیبە سەربازییەکانی هێزی ئیسلامی توندڕەو بە زنجیرە کۆرس‌و مەشق‌و وانە جەهەنەمییەکانیان، بەرسڤێکی ساختە بە گوێی گەڕیدەکانی جوانیدا دەدەن.

ئەوان دەڵێن جارێکی تر ئەم دونیایە بۆ ئەوەی بنیاتبنرێتەوە، **بێستەمی، عەدالەت، حەقیقەت** لە سەرەوە بێت، دەبێت سەرلەنوێ ئەم دونیایە هەڵبوەشێنینەوەو دروستیبکەینەوە. رەنگە ئەم بیرکردنەوەیە کەم‌و زۆر سوودمەند بێت لە تێزە فیکرییەکانی فەیلەسوفانی خۆرئاواو بەتایبەتییش **دریدا**. بەڵام بەو جیاوازییەی ئیسلامی سیاسیی توندڕەو هەڵوەشاندنەوەی لەوەدا نابینێتەوە، کە دەستوورو یاساو کۆی سیستەمی حوکمێك بخاتە ژێر خوێندنەوەیەکی ئەپستمۆلۆژیی سیاسی‌و لەوێوە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدات. بەپێچەوانەوە، ئەو هێزانە هەڵوەشاندنەوە لە تەقاندنەوەی نەخۆشخانەو





سەرتاشخانەو قوتابخانە سەرەتاییەکان‌و دەزگا مەدەنییەکانی تردا دەبیننەوە، لە کاتێکدا سەرنشینانی ئەو جێگەیانە لە خەڵکی سڤیل زیاتر، کەسی تر نین.

هەڵەیە ئێمە پێمانوابێت هەموو ئەوانەی خۆیان تەقاندووەتەوە، گوێیان لە پارچەیەك مۆسیقا نەگرتووەو تێکستێکی شیعرییان نەخوێندووەتەوەو بەدیار تابلۆیەکەوە رانەوەستاون، بۆنی دەشتێکی سەوزیان تێر هەڵنەمژیوەو دووریی ئازیزێکیان چاوی پڕ لە فرمێسك نەکردوون‌و بە دیار فیلمێکەوە نەگریاون. ئەم روانینە بۆ ئەم کارەکتەرانە، سەیرکردنێکە بە چاوێکی نوقاوەوە. چیتر بەربەستە کۆنکرێتییەکان‌و ژمارەی بازگەکان ناتوانن رێ لەو دیاردەیەی نێو تیرۆر بگرن. ئەگەر دەسەڵات خەڵك لە خۆی ئاشتنەکاتەوەو پێداچوونەوەیەکی لۆژیکییانەی بۆ بڕیارو پەیوەندییەکانی نەبێت‌و دەستی لەنێو دەستی تەیارە رەشەکانی تۆقاندن دەرنەکێشێت‌و دەستی دۆستایەتی بەسەر نەوەیەکدا نەهێنێت، کە نەوەی جەنگەو بە هەڵە لە قۆناغبەندیدا، بە نەوەی نوێ ناوزەد دەکرێت، رەنگە ئەم قەیرانە مێژووی خۆی بۆ سەردەم‌و دەمێکی تر درێژبکاتەوە. ئێمەش لە دەرەوە تەنها وەکو بابەتی نیوزو خامێکی چاکی لەیەکترازانی جەمسەرەکانی کۆمەڵگە، لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سودمان لێ ببینرێت.

ئەگەر ساتی خۆتەقاندنەوە، ساتی بەریەککەوتنی خەون‌و واقیع بێت، من باوەڕم وایە ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە، گەڕیدەیەکی وێڵی جوانین. ئەوان کاتێك لە گۆڕینی ئەم دونیا ناشیرینە کورتدەهێنن، دەیانەوێت لە وێرانکردنیدا پشکی شێریان بەربکەوێت. ئەوان کاتێك جەستەی قەرەبووتی خۆیان‌و ئۆتۆمبێلی سووتاوو خوێنی منداڵ‌و جانتا تێکەڵ بەیەکتری دەکەن، ویستوویانە بەم دیمەنە نـــــــایەکی گەورە بە رووی ستەم‌و بێدادی‌و ناشرینییەکانی

تردا، بدەن. ئەوان کە جەستەی پاسەوانەکانی ئێمە بە فیشەك دەبێژن، هەر تەنها حەقی ژیانکردونیان لێ نەسەندوونەتەوە، ئەوان دەیانەوێت بەم بێحورمەتیکردنە بە مرۆڤ، حورمەتی بۆ بگێڕنەوە.

بە بڕوای ئێمە، ئەو وێلگەردانەی جوانی، هەموو خەونەکانیان جوانە، تەنها لە میکانیزمی تەحقیقکردنی خەونەکەدا، هەڵەن، کە لە رووپۆشێکی ئایدۆلۆژیی توندڕەوەوە خۆی پێچاوە. دەکرا ئەوان ئەو هەموو خەونەی گۆڕانی دونیا بە دونیایەکی جوانترو باشتر، پێکەوە لەسەر ئەم زەوییە لەگەڵ ئێمەدا پراکتیك بکەن، سەربازێکی ئیسلامی لەبەردەرگای قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا خۆی نەتەقێنێتەوەو ئەو منداڵانە بە قەولی خۆی نەکات بە پەپوولەی باخچەیەکی خەیاڵی. ئاخر باخچەکانی ئێمەش لەم سەر زەمینە، پەپوولەیان دەوێت.

دروستبوونی کەسێکی خۆتەقینەر لە شارێکدا، هەموو ئەو شارەی لێ بەرپرسیارە. دیارە ئەو شارە سیماو رەنگو بۆی جوانیی ونکردووەو ئەو هاوشارییە مەراقێتی ئەو جوانییە بگێڕێتەوە؛ **"ئەگەر لێرەدا لە یادمان بێت کە پێیەکی ئسولێیەت هەمیشە وا لەناو نۆستالۆژیادا"**

جارێکی تر بە بڕوای من، جوانی دەتوانێت گەنجینەکانی خۆی بە خەیاڵی ئەو کەسانە دەوڵەمەند بکات، ئێمە دەتوانین لەو هەموو جوانییەی ناو خەیاڵدانی ئەوان، لەو مەیلە توندەی ئەوان بۆ جوانی، دونیایەك بنیات بنێین کە کەمتر جێپێی ناشیرینی لێ ببینرێت. هەڵەی کوشندەی ئەو هاوڕێیانە، لەیادکردنی مرۆڤە. لە هاوکێشەی (**مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە**) ئەوان شوێنگۆڕکییان بە جێگەی مرۆڤ و جوانی کردووە. لێرەوە ئەو کارەساتە دەخولقێت، کە هەموو مرۆڤایەتی بێزی لێدەکاتەوە تەنانەت، خودی جوانی خۆشی.

**2005**

# مەحوی؛

## عارفێك لەنێوان

## سەرکێشی و کوفردا

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی دیوێکی تری مەحوی

*میکانیزمی دابڕانی پەیوەندی لەگەڵ هەموو شتێکدا. میکانیزمی گەیشتنە بە دیداری خودا.*

***د. کوبرا مایار مەزهەری***

*من لەو کەسانە نیم کە نوێژکردنەکانیان تەنها پشتچەماندنەوە بێت و بەس. شێوەی نوێژکردنی من، لە گوڵێک ورد دەبمەوە. ئەستێران دەژمێرم. سەرم سوڕدەمێنێت لە جوانیی مەخلوق. لە کەماڵی نیزامەکەی. لە ئینسان ورد دەبمەوە کە جوانترین شاکاری خودایە.*

***خەیام، لە زاری ئەمین مەعلوف–ەوە***

**مەحوی سۆفییە یان عارف؟**

راستییەکەی سۆفیگەریو عیرفان هەرچەندە هەمیشەو بەردەوام پێکەوە بەکاربراون، بەڵام بە هەموو نزیکایەتییەکیانەوە لەیەك، لێکیش جیاوازن. وشەی





عیرفان (**Mystification**) واتا ناسین، یان دووبارەناسینەوە، یان ناسینی شتێکی مەرموز (هێمادار)، یان ناسینی حەقی تەعالا بە پەیبردنی رەمزیی حەقیقەت بە رێگەی کەشفو شهود. وشەی سۆفیگەرییش (**Mysticism**) خۆی لە بنەڕەتەوە لە (**صوف**)ی عەرەبییەوە هاتووە، کە جۆرێك خوریی ئاژەڵ بووەو سەرەتا سۆفییەکان ئەو بەرگەیان پۆشیوە.

سۆفیگەری واتە رێبازی سۆفییەکان، یان مانای رێگەی حەقیقەت. کەواتە عارف: واتە پەیڕەوکەری عیرفان، کە کەسێکە رەمزی شتێك لێکبداتەوەو کەشفی خودا بە رێگەی تێڕامانو پەیبردن بکات، نەك تەنها بە حاڵ. بەڵام سۆفی کەسێکە کە لەگەڵ خۆیدا لە جەنگدایەو تەنیا حاڵو وەجد بە میکانیزمی گەیشتنی بە نوری ئیلاهی دەزانێتو پەیڕەوی تەریقەتی تەسەوفە. د. زرین کوب لەبارەی جیاوازیی ئەم زاراوانەوە، دەڵێت: "**دەتوانین بڵێین دوو دیوی یەك شێوە ژیانی ئایینین، کە هەردووکیان لەسەر رەتکردنەوەی چێژەکانی دونیا کۆکن. بەڵام سۆفی رووی لە کردارەو خەریکی دژایەتیکردنی نەفسی خۆیەتی، لە کاتێکدا عارف رووی لە زانستەو سەرقاڵی کەشفەو دەیەوێت لەمەوە بورهان بەدەستبهێنێت.**"[1]

بەپێی ئەم پێناسکردنە بێت (**نەك پۆلێنکاری**)، ئەوا لە مێژووی دووردا **بایەزیدی بوستامی**و **مەنسوری حەلاج**و لە مێژووی کەمێك نوێدا، **مەولانا جەلالەدین**و **محێدین ئیبن عەرەبی**و لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردیی سەدەی نۆزدەشدا، **مەحوی**، لەوانەن کە هەردوو ناوەکەیان بەسەردا دەبڕێت. بەڵام ئێمە باوەڕمان وابوو مەحوی لە عیرفانەوە نزیکترە تا تەسەوف، هەربۆیە لە تایتڵدا مەحویمان وەك عارفێك ناوهێنا.

1– تصوفو عرفان– د.زرین کوب www.hawzha.com

**مەحوی لەنێوان دوو جۆر خوێنەردا**

مەحوی (**مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخیی 1831–1906**)[2] لە نێوەندیی ڕۆشنبیریی کوردیدا، کەم تا بیش حەقی دراوەتێو بە قورسو پڕ قووڵڵاییو خاوەن شیعری سۆفییانەو هەندێکجار فەلسەفییش تەماشاکراوە. هەموو ئەمانەش دەرئەنجامی دوو میکانیزمی پێچەوانەن، کە هەردووکیان یەك ئەنجامیان هەیە، ئەوانیش تێگەیشتنو تێنەگەیشتنی مەحوین لە یەك کاتدا.

خوێنەری ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی لەدەیەی هەفتاو هەشتاکاندا، بەهۆی زانینی زمانەکانی عەرەبیو بەتایبەتییش فارسی (**چونکە مەحوی لە دیوانەکەی چاپی 1977یدا تەنیا یەك شیعری عەرەبیو لە بەرامبەریشدا، 87 شیعرو 20 چوارینەو 2 تەخمیسو 7 بەیتی تاقانەی فارسیی هەیە، ئەمە جگە لە سێبەری ئەدەبیاتی فارسیو کاریگەریی ژێر شیعری حافزو سەعدیو شەبستەری لە کۆی دیوانەکەدا.**) توانیویەتی ئاسانتر هەزمی بکاتو زێدەتر مەحوی بخوێنێتەوە. بەڵام خوێنەری ئەم دوو دەیەیەی پاشتر، بەهۆی پێچەوانەبوونەوەی ئەو خاڵەی سەرەوە تێیدا، واتە عەرەبینەزانینو خۆنەدان لە فارسیو هەروەها کۆتاییهاتنی قۆناغی شیعری قافییەدارو کزبوونی خوێنەریشی، لە بەرامبەردا دروستبوونی ئەو کەشە نوێیەی ئەدەبی کوردیو بەتایبەتییش چێژوەرگرتن لە نووسینو خوێندنەوەی شیعری حورو بەشتزانینی هەموو شتێك، دواتریش کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی میدیای کوردی لەسەر بڵاوکردنەوەو راهێنانی خوێنەر لەسەر شیعرگەلی ساردو لاوازو بێرۆح، هەروەها کەوتنە نێو خێراییەکی سەرسوڕهێنەری زەمەنییەوە لە سەردەمی پاکس

---

2– بۆمێژووی لەدایکبونەکەی مەحوی ئێمە لەنێوان (1836)ەکەی محەمەد ئەمین زەکی بەگو (1836)ەکەی عەلادین سجادیو(1831)ەکەی کاکەی فەلاح دا، ئەمەی دواییمان پێپەسەندبوو.





تەکنەلۆژیاو بەماکدۆناڵبوونی جیهان بۆ شتی خێراو سەرپێی. ئەمانە کۆمەڵە دەرئەنجامێك بوون، کە جارێك بەهاو خاوەن بەهاکانیان خستە ژێر هەڕەشەی لەناوچوونەوەو جارێکیش گەر بیهێشتنایەوە، لەپێش مەترسیی پرۆسێسی ناولێنانەوەو پێناسەکردنەوەدا دەیهێڵانەوە.

مرۆڤ لەژیانی نێو وەها تەوژمێکیشدا، بەدوای لێکشیتاڵکردنو هیرمۆنتیکای تیکستانێکی کۆدهەڵگرو ناوەڕۆکچڕو پڕ قووڵاییەوە نابێت. بۆیە مەحوی ئەگەر خوێنەری خۆی لەدەستنەدابێت، جارێك بەهۆی ئەوەوەیە ئەم نەوە ئامادەیەی خوێنەر، لە تێکنەگەیشتنو وردنەبوونەوەیان بۆ مەحویو بەرکەوتنی ئەو هەموو وشە فارسیو عەرەبیو تەنانەت کوردییە کلاسیكو قەدیمانە، لایانوایە ئەمانە شیعری **"گەورە گەورە"**نو هیچی تر.

ئەم روانینەی نەوەی نوێ بۆ شیعرو ئەدەبیاتی کلاسیك، هەر مەحوی نەگرتووەتەوە، بەڵکە دەگەڕێتەوە بۆ بابەتایەرو تا نالیو دێتەوە بۆ لای قانعو بێکەس–یش، کە ئەم دوو ناوەی دواییان، وەك مەریوان وریا قانع دەڵێت بە هەموو دەستوورێك لە دەرەوەی ئەو چڕیو قووڵاییەی ناوەکانی پێشوون. ئەم کێشەیە، تەنیا نەخوێندنەوەو خۆماندوونەکردنە لەگەڵ ئەو تێکستانەدا، وشەگەلی وەك**"گەورە.. عەجیب.. موهیم"** تەنیا دەرئەنجامی خوێندنەوەی سەرپێین، نەك لە ئەنجامی تێرامانو شیکرنەوەو راڤەکارییەوە هاتبێتن.

لە بەرامبەردا، لەم دوو دەیەیەی پاشتردا، هێشتا ئەو شیعرانە خوێنەری راستەقینەی خۆیان وننەکردووە، جگە لە مەحویناسەکانو مامۆستایانی کۆلێژی ئەدەبیاتو ئەو خوێندکارانەی ماستەرو دکتۆرا، کە مەیلی ئەو ستایڵە لە ئەدەبی کوردی دەکەن. خوێنەرانێکی تر هەن، دەتوانن دەستی کەمیش بێت، دوای زیاتر لە سەد ساڵ لە نووسینیان، شتی نوێ لەو شیعرانە

هەڵبهێنجێننو بدۆزنەوە. ئەمە جگە لە چێژوەرگرتن لە ستاتیکای هاوکێشیو وشەسازیو ئەو گەمە سەیرانەی زمان..دواتریش لەم رێگەیەوە وردە وردە رۆبچننە ناو جیهانبینیی شاعیرەکەو لەم پنتەدا قسە لە دۆزینەوەی قووڵاییەکی فەلسەفی بکەن.

ئێمە چی دەخوێنینەوەو کامانەن ئەو شیعرانەی ئەم قسانە هەڵدەگرن؟ بۆ هەر قسەکردنێك لە ئەدەبیاتی نووسراوی کلاسیکی کوردی، توێژەرو خوێنەر ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکانی مامۆستایانی مودەڕیس (**مەبەستمان لە مامۆستایانی مودەڕیسیش، خوالێخۆشبووان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو فاتیحی مەلا کەریمو هەروەها بەڕێز محەمەدی مەلا کەریمە، ئێمە لێرە بەدواوە لەجیاتی ئەو ناوهێنانانە، تەنیا مامۆستایانی مودەڕیس بەکاردەهێنینو زیاتریش مەبەستمان لە ناوەکانی یەکەمو سێیەمە کە دیوانی مەحوییان ساغکردووەتەوە کە بابەتی ئەم نووسینەی ئێمەیە**).

ئەگەر زێدەڕەوی نەبێت، من باوەڕم وایە گرنگیو میسداقییەتی مامۆستایانی مودەڕیس لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، وەك گرنگیو میسداقییەتی ئیمامانی (**موسلیمو بوخاری**) وایە لە ریوایەتکردنی فەرموودەکاندا. ئەم مامۆستایانە دەستیان هەبووە لە دەرخستنی بەشێك لەو شاعیرانەو بەپێچەوانەشەوە، لە بزرکردن یان نامەوەرنەبوونی شاعیرانێکی تری هاوجیلی ئەوان، کە بە هەر هۆیەك بێت، نەیانتوانیوە یان ساغیان نەکردووەتەوە. لە کاتێکدا هاوزەمان خەڵکانی دڵسۆزی تریش هەبوونو تا ئێستاش ناوە ناوە ئەو هەوڵانە دەبینرێن کە هەمان کاریان لەئەستۆ گرتووە.[3]

---

3– دەتوانین لەو دڵسۆزانەی ئەدەبی کوردی ناوی مەسعود محەمەد، گۆران، کاکەی فەلاح، علی کمال باپیر ئاغا، مارف خەزنەدار، عیزەدین مستەفا رەسوڵ، ئازاد عەبدولواحید، ئومێد ئاشنا...هتد ببەین.





مامۆستایانی مودەڕیس هیچیان نەکردبێت، تەنیا بە رێکخستنو نویێ رێنووسکردنی شیعرەکانو نووسینەوەی ئەو خەتە شکستە فارسیئامێزەی کوردیی جاران، کارێکیان کردووە کە خوێنەرو توێژەریان لە کۆرساتی فێربوونی ئەو جۆرە خەتە رزگارکردووە. ئەوەی ئەم نووسینەش ویستوویەتی بیلێت، لەم رێنووسە نوێیەی دیوانی مەحوییەوە گوڵی کردووە.

## مەحوی لە چاویلکەی مامۆستایانی مودەڕیسەوە

ئێستا دوای زیاتر لەسی ساڵ تێپەڕین بەسەر چاپکردنەکەی دیوانی مەحویدا، بە لێکدانەوەو راڤەی مامۆستایانی مودەڕیس، ئیتر وەختە لەگەڵ مەسعود محەمەد هاوڕا بینو ئەگەر نەڵێین ئەم شەرحە تەمەنی خۆی کردووەو پیر بووە، ئەوا دەڵێین درزی تێکەوتووە[4]. دەکرێت جگە لە بەرزنرخاندنی ماندووبوونی ئەوان، خوێنەر هەوڵبدات بەدوای مانای تر لەم تێکستە شیعرییانەدا بگەڕێت.

روونە کە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس پیاوێکی ئایینی بووەو ئەم ئایدیالەشی بەزەقیو لە شێوەی جۆراوجۆردا لە شەرحی شیعرەکاندا لەم دیوانەدا دەبینرێت. من باوەڕم وایە زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت لە شتێك بگاتو بێتەگۆ کە لە دەرەوەی تێگەیشتنی خۆی بێت، بۆیە مەلا عەبدولکەریمیش نەیویستووەو نەشیتوانیوە جیاواز لە خۆی وەك پیاوێکی ئایینیو مەلایەك، بەیتەکان بخاتە ژێر تەلیسکۆبی شیکارییەوە.

وەك لە سەرەتای دیوانەکەی مەحویدا هاتووە، یەکەمجار ساڵی (1962) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس مانای بەیتەکانی لێکداوەتەوە. واتە رەنگڕێژیی

---

4– دەستەو دامەنی نالی.. مەسعود محەمەد لاپەڕ5 /دەزگای ئاراس 2007

ئەم پرۆژەیە، مودەڕیسی باوك بووەو دواتر لە (1963–1977) **محەمەدی مەلا کەریم** چەند جارێك پێیدا چووەتەوەو ساغیکردووەتەوە.

بەڵام جێیداخە نەیتوانیوە ئەو ئەتمۆسفێرە ئایینییە کاڵبکاتەوە کە بەسەر شەرحەکەدا سێبەری کردووە، بەڵکو لە پێشەکیی دیوانەکەدا، پێوانەی گەورەیی شیعری مەحوی، بە پلەی کوردایەتی دەپێوێتو دەنووسێت: **"راستییەکەی لە مەیدانی کوردایەتییشدا، کوردایەتییەکەی مەحوی ئەوەی لەباردا نییە شان لە شانی کوردایەتیی یەکێکی وەکو نالیو بەڵکو سالم–یش بدات، کە هیچ نەبێت لەبەر دواکەوتنی سەردەمی ئەمو دەرکەوتنی راستیی پتر بۆی، دەبو ئەگەر لەوان پێشیش نەکەوتایە، هیچ نەبێت بگاتە رادەو پلەیان."**[5] ئەمەیە کێشەی کاك محەمەدی مەلا کەریم، سەرزەنشتی مەحوی دەکات کە هەستی نەتەوایەتیی کز بووە، ئەم بەڕێزە داوای کوردایەتی لە شیعر دەکات، رەنگە پێیوابووبێت کە ئەوە سوچی شاعیرەکانمانە ئێمە نەبووین بە نەتەوە، چونکە لای وایە ئەدەب دەبێت نەتەوە دروستبکات.

ئەم جۆرە روانینە بارێك لە شیعر دەنێت کە هیی ئەو نییە. هەر لەو پێشەکییەدا نووسیویەتی: **"جووتە چوارخشتەکییەکەشی کە هەستی کوردایەتیی خۆی تێدا دەربڕیوە، تەنها دەسچڵییەکن لە ئاگری بەتینی کوردایەتیو هەستی نەتەوەپەرستیی نالی وەرگیراون. بە تێکڕای دیوانی مەحوی پارچە شیعرێکی وای تێدا نییە کە چ لە مەیدانی ناسینەوەی دوژمنانی گەلی کوردو لە مەیدانی گیانی کوردایەتیدا، <u>بە قولەپێی</u> (قوربانی تۆزی رێگەتم..)ەکەی نالیدا بگاتەوە."**[6] روونە کە دیدێکی وا لۆکاڵیو ساکار،

---

5– دیوانی مەحوی.. لاپەڕە 27/ چاپی 1977

6– سەرچاوەی ژمارە (5)





زەحمەتە دەرەقەتی ئەو قووڵاییەی مەحوی بێتو پەی بەو یونڤێرساڵییەتە ببات کە لە رۆحی پیاوێکی وەك مەحویدا ئامادەیی هەیە. تا ئێرە ئاساییە خوێنەرو رووناکبیرێکی ئەو سەردەمە وا لە مەحوی حاڵی ببێت، ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە، کە هەر ئەم کەسە بێتو شەرحی پیاوێکی ئایینیی بەڕێز (کە باوکیانە) **ساغ!** بکاتەوەو بیخاتە پێش چاوی خوێنەر.

هەر لەو پێشەکییەدا کاك محەمەدی مەلا کەریم دەنووسێت: **"مەحوی هاتووە ریزی لە باسی ئەو موعجیزانە گرتووە کە زۆربەیان تەنانەت بە پێودانی ئایین خۆشی ساغ نەبوونەتەوەو لە زیادەڕەوی بەولاوە نین. سەرەڕای ئەوەی کە باسکردنیشیان هیچ دەورێکی ئیجابی لە مەیدانی <u>پێشخستنی بیرو هەستی کۆمەڵایەتیدا</u> نابینێت."** جێی سەرنجە کە ساغکەرەوەی دیوانە شیعرێکی سۆفییەکی گەورە، بیانووی زیادەڕەوی ساغنەبوونەوەی موعجیزەکانی لێبکرێتو گلەیی ئەوە بکات کە باسکردنی ئەم شتانە، دەور لە "**پێشخستنی بیرو هەستی کۆمەڵ**"دا نابینن. دوای خوێندنەوەی ئەم دێڕانە، خوێنەر وا تێدەگات لە بنەڕەتدا شاعیر ئیشی ئەوەیە بیری کۆمەڵ پێشبخات. ئەم زاراوەی پێشخستنو پێشکەوتنو دواکەوتنە، لە زارەوەگەلی گوتاری مارکسیزمی کوردیی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوون. ئەو زاراوانە وەك کراسێك بەسەر هەموو کەسو شتێکدا دەبڕانو بۆ هەر چییەکیش نەبووایە، بە کۆنەپەرستو فیودالو وردەبۆرژواو ...تاد، ناوزەد دەکرا.

کاك محەمەدی مەلا کەریم تا ئێراش ناوەستێتو زۆرتر دەڕوات؛ **"هەستێکی قەدەرییانەی پاشکەوتوویش لە بیری مەحویدا بەدیدەکەین کە ئینکاریی هەمو(هۆ)یەك دەکات لە ژیانداو ئینسان دەکات بە پوشکەیەك بەدەم بای قەدەرەوە."** گوماندەکەم تا ساتی نووسینی ئەم دێڕانە، محەمەدی مەلا کەریم

لەنزیکەوە خوێندوەی لەسەر سۆفیزم هەبووبێت، یان دیسان کاریگەریی بیری مارکسیزم لێرەش دەستی بەچاویەوە گرتووە، ئەگینا دەیزانی ئەوەی ئەم دەڵێت"**سووککردنی ئینسان**" ئەوە رەگی وا لەبێخی تەسەوفداو هەروا لەخۆڕا سووککردنو بەدەم با دانەوەش نییە وەك ئەو لێی حاڵیبووە، بەڵکو فەنابوونو نەمانە لەبەردەم گەورەیی جەلالەتی خوداداو ئەو زانینە بە موسەبیبی هەموو شتێك:

**موسەبیب حەزنەکا، پڕ عالەم ئەسبابت پەڕی کایە**
**فەقەط چاری نییە قەت یەك بەدو بینینی مام ئەحوەل** ل 209

هەر لەو پێشەکییەدا محەمەدی مەلا کەریم قەباعەتێکی **عەلادین سجادی** راستدەکاتەوەو دەنووسێت: "**مەحوی شاعیرێك نەبووە زۆر لە خۆی بکات بۆ شیعروتن..**" کەبەر ئەم دێڕانە دەکەویت، گوماندەکەیت لە سەرلەبەری ئەو خوێنەوارانەی نمایندەی نێوەندی رۆشنبیریی ئەو سەردەمەی کورد بوون. دێیتە سەر رایەك کە جگە لە زانیارییە مێژووییەکان، حەق وایە تەواوی نووسینەکانیان ئەرشیف بکەیتو نەچیتەوە سەریان. ئاخ.. ئەوەتا عەلادین سجادی کە بە پیاوێکی داناو دانەری کتێبو رووناکبیر زانراوە، بڕوانن لەبارەی مەحوییەوە لە لاپەڕە (559)ی دیوانەکەدا، دوای پەخشانو وەسفگەلێکی تافیە، چیی نووسیوە: "**ئایا مەحوی هەستی بەوە کردووە کە پەردەی خەیاڵی، پەردەیەکی نازکی کامێرایەو روبەڕووی هەر شتێکی کردەوە، وێنەکەی وەردەگرێتو بۆ پاشەڕۆژ دەیهێڵێتەوە؟.. یان هەر دەنگی ئاوازی شیعری لەبەینی چوار سنووری عەشقی حەقیقیدا مایەوەو هیچ جموجوڵێکی نەکرد؟ من لام وایە ئەمەی دواییانە.**" کاك عەلادین سجادی کە خۆی زنجیرە کتێبی رشتەی





مرواری–ی نووسیوە، لای وایە شیعری مەحوی بۆ پاشەڕۆژ نەماوەتەوەو بێجموجوڵ مردووە.

خوێنەری خۆشەویست مەحوی پێویستی بە بەرگریلێکردن نییە، کەچی ناشتوانین سەرسوڕمانی خۆمان لەئاست ئەو پارادایمە گەورەیەی سادەوتنو سادەفیکرییەدا بشارینەوە کە عەلادین سجادی ژیانی تیاکردووە. یەك سەرنج بدەن لەم دوو بەیتە یەکبەدواییەکەی لاپەڕە (157)ی دیوانەکەو ئەوجا بزانن ئەم پیاوە زۆری لە خۆی کردووە یان هەندێك جار دەستی گرتووەتەوە لە نووسینو بە مەبەست سادەی کردووەتەوە، تا پیاوێکی وەك عەلادین سجادی لێی حاڵی ببێت، کە لێشی حاڵی نەبوو!

**ئەم شانو شەوکەتەی لەپەناهی منایە غەم**
**وامن دەرۆمو دەوڵەتی غەم دێتە ئینقیراض**
**وەك داغی غەم نیە، سپیە داغی ئینتیظار**
**چاوم ببینە، چاوە! کە موطبیقەتی بەیاض** ل 157

لەنێو هەموو ئەوانەی کە لەو دیوانەدا لەبارەی مەحوییەوە نووسیویانە، تەنیا **کاکەی فەلاح** توانیویەتی مەحوی وەك خۆی بخوێنێتەوەو لە ئاستێکی بەرزی وەهادا لێی تێبگات، کە هیچ یەکێك لە هاوکارەکانی نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە. کەچی محەمەدی مەلا کەریم دیسانەوە رای خۆی دەسەپێنێتو وەختە خۆڵبکات بەسەر ئەو تروسکاییەی کە لەژێر دەستی کاکەی فەلاحدا دەدرەوشێتەوەو دەنووسێت: "**بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە کە مامۆستا کاکەی فەلاح دەیڵێت، مەحوی بەهیچ جۆرێك لە ریزی پێشەوەی کەسێکی وەك نالییەوە نەبووە، نەك هەر مەحوی، بەڵکو کەس نالیی تێنەپەڕاندووە.**" ئیتر

نووسەر نانووسێت ئەم تێنەپەڕاندنە لە چ ڕوویەکەوە، لە فۆرم، لە عەروز، لە زمان، لە بابەت، لە قووڵایی.. لەکامیان؟!.

هەرچۆنێك بێت، پێشەکینووسین بەمجۆرە بۆ هەر کتێبێك، حوکمێکی لەپێشینە دەدات بەسەر خوێنەرداو کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر چێژو تێگەیشتن لە کۆی کتێبەکە.

ئێستا سەرنج لە چەند بەیتێك دەدەین کە شەرحەکەی مامۆستایانی مودەڕیس بۆیان، بەلای ئێمەوە جێگەی سەرنجو پێداچوونەوەیە:

**نەشئە بەخشێکە لێوی مەیگونت**

**هەر بەناوی مەسیحی خستە سەما** **ل**352

واتای ئەم بەیتە:

واتە لێوی سوورت هێندە نەشئەی هەیە، هەر بەناوەکەی مەسیحی خستە سەما. لە کاتێکدا یەکێك لە پەرجووەکانی عیسا (**دەم**)ی بووە، بەوەی کە قسەی لەگەڵ مردوودا کردووەو زیندووی کردووەتەوە، هەروەك لە ئینجیلو قورئانیشدا هاتووە. بەیتەکە وا دەگەیەنێت موعجیزەی لێوی تۆ لە گەورەییدا مەسیحێکی لێو_دەم موعجیزەیی خستووەتە سەما. واتە هاتنی ناوی مەسیح لێرەدا تەنیا بۆ بەراوردکرنە بە یار، ئەویش لە(**دەم**)یدا. کەچی بڕوانن مامۆستایانی مودەڕیس چۆن ئەم بەیتە شەرح دەکەن: "**مەحوی لەم چوارخشتەکییەدا قسە لەگەڵ پێغەمبەر دەکات درودی خوای لێبێتو ئیشارەت دەکا بۆ ئایەتی {وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ} واتە مژدەی پێغەمبەرێکم پێیە پاش خۆم دێت ناوی ئەحمەدە.**" ل352

**تێ دەگا هەرکەس بکا فەهمی ڕموزی مەعنەوی:**

**هیجرو وەصڵە نارو جەننەتی ئایەتی (لایستوی)** **ل**316





واتای ئەم بەیتە:

واتە هەرکەسێك تێدەگات کۆدەکانی ئەو مەعنەویاتە (**عەشق**)ە ئەگەر بزانێت: دووریی ئاگرو پێکگەیشتنی بەهەشتەو ئەمانەش لە بەرامبەر یەکدا نین (**لایستوی**). واتە هێنانی ئەم وشەیە لە قورئانەوە بە باوەڕی ئێمە، بۆ تەئکیدکردنەوەی ئەو نابەرابەرییەیە کە لەنێوان هیجرو وەسڵدا هەیە. درێژەی ئایەتەکەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە شوێنی ئەو دوو جۆرە کەسە، وەك یەك نین و "**اصحاب الجنة هم الفائزون**" واتە مەحوی لێرەدا ویستوویەتی بڵێت ئەوانە بردوویانەتەوە کە بە وەصڵی یار گەیشتوون، نەك ئەوانەی لە هیجریدا دەژین. مەحوی ئەم بەراوردکارییەی لە شوێنی تریشدا هێناوە، بۆ زیاتر دڵنیابوون لەم بۆچوونەی ئێمە، بڕوانە ئەم بەیتانە:

**ویصالت نارە هیجرت ڕۆژە ڕەش، وەك ئافتابی تۆ**

**لەتۆ نەزدیکە پشکۆیە، خەڵوزە گەر لەتۆ بێ دور** **ل**129

یان:

**من وەصلی ئەو بەرابەری جەنەت دەگرمو ئەو**

**دۆزەخ بە ئاهی سینەی من ڕوو بەڕوو دەکات** **ل**213

یان:

**دوری لە ئاگرێکە بەجەننەت دەکا جەحیم**

**ڕوحی لەقوربیایە بەدۆزەخ دەکا جینان** **ل**409

هەر لەبارەی دوورو نزیکیی لە (**مەعشوق**)ەوە دەڵێت:

**دوری ئەگەر بەڵایە، نزیکیشە ئیبتیلا**

**دورن لە حەسرەتانو، نزیکن لەحیرەتان** **ل**415

ئێستا بڕوانە مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی ئەو بەیتەی سەرەوەدا (**تیٚ دەگا هەرکەس..**) چییان نووسیوەو چۆن راڤەکارییەکە دەبەنەوە سەر قورئانو دواتریش وەك ئەوی خوێنەر نەزانێت جەنەت بەهەشتو نار ئاگرە، دەنووسن: "**واتە: هەرکەس لە مەبەستو نهێنییەکانی قورئان حالّی ببێت، تێدەگات کەوا مەبەست لە (جەنەت= بەهەشت)و (نار= ئاگرە)... هتد.**" ل316

لە شیعرەکانی پیتی (ی)دا، مەحوی لە شوێنێکدا ئێجگار جوان وەسفی یار دەکات، لە عیشوەو نازو بێوادەیی‌و دواجاریش وەك فریادڕەسێك کە لە سەرەمەرگدا بگاتە هەرکەس، هەر لە دونیادا بەهەشت بە چاوی خۆی دەبینێت، لەبەیتی پێنجەمی ئەم شیعرەدا دەڵێت:

**ئەگەر رۆژە، بتی من! هەر بتیٚ بیٚ**
**سەرەوژێرە کە تۆ وەك رۆژ هەڵاتی** **ل**297

واتای ئەم بەیتە:

واتە خواوەند (**بت**)ی من هەر شتێك بێت، تەنانەت ئەگەر خۆریش بێت، کە تۆ دەرکەوتی یان وەکو لەبەیتەکەدا، (**هەڵات**)ی بەکارهێناوە، کە جارێك بۆ کێبڕکێیەکە لەگەڵ (**رۆژ= خواوەندی شاعیر**)ی بەیتی یەکەمداو جارێکیش وەك فرمانی (**دەرکەوتن**) مانای خۆی دەنەخشێنێت. کە تۆ دەرکەوتیت، ئەو بتەی من سەرەوژێرە. مەحوی لە بەیتەکەدا تەئکید لە بچووکیی (**بت= خواوەند**)ی خۆی دەکاتەوە لە بەرامبەر یاردا، ئەوەتا نووسیویەتی (**بتی من! هەر بتیٚ بیٚ!**) واتە هەرچی بپەرستم، کە تۆ دەرکەوتیت، لەترسدا خۆی دەشارێتەوەو مانای وایە تۆ (**بت= خواوەند**)ی راستەقینەیت.

کەچی مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی ئەم بەیتەدا، نوسیوویانە: "**ئەم بەیتە ئیشارەتە بۆ ئەوەی کە پێغەمبەر، درودی خوای لێبێت، پاش گرتنی**





**مەککەو چووە ماڵی حەرەمو بتەکانی هەموو خستو سەرەوخواری کردنەوە.**"ل298. ئەمە لە کاتێکدا گەر بۆ روونکردنەوەی زیاتر چەند بەیتێکی تری هەمان شیعر وەربگرین، تا یادئاوەری خوێنەر لە کۆفەزای شیعرەکە بکەینو تێبگەین لەوەی ئەم شیعرە موخاتەبەی کیٚ دەکات؟ هەر بەیتی یەکەمی ئەم شیعرە ئاوا دەستپێدەکات:

**دڵم دەرهاتو تۆ هەر دەرنەهاتی!**
**نەهاتی، هەرنەهاتی، هەر نەهاتی!** **ل**297

خۆ ناشێت شتێکی وەها بە پێغەمبەر وترابێت، چونکە پێغەمبەر هاتووەو دوا کەسیشەو چاوەڕێکردنی هیچ پێغەمبەرێکی تریش لەئارادا نییە. لەبەیتی حەوتەمی ئەم شیعرەدا دەڵێت:

**رۆخیشی کردە ئەولا، دەیشپرسی**
**بە شۆخی، شاهی من، بۆچی ماتی!** **ل**298

ئایا گونجاوە رووی دەمی مەحوی لەم شیعرەدا لە پێغەمبەر بووبێت؟ ئایا دەکرێت پێغەمبەر بە مەحوی وتبێت (**شاهی من، بۆچی ماتی!**)؟! ئیتر ئەم کورتهێنانەی شەرحەکەی مامۆستایانی مودەڕیس، درێژدەبێتەوەو ناوە ناوەش، ئەم پەردە ئایینییە بەسەر راڤەکارییەکەدا کشاوە، ناهێڵێت خوێنەر بەدوای مانای تر لە شیعرەکاندا بگەڕێتو هێندە گومڕای دەکات، کە مانا راستەقینەکەیانی لیٚ وندەبێت. لە جێگەیەکی تردا، کێشەی سلێمانو پەپوو دێتە پێشەوە:

**سولەیمانم هەواڵی موری پرسیم**
**لەناو ئەمثالم ئەز هودهود لەطەیران** **ل**241

واتای بەیتەکە:

سولەیمانم (**گەورەم– یارم**) هەواڵی منی پرسیی، منیش لەناو هەموو هاوچەشنەکانمدا، پەپووسڵمانکە دەرچووم. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئایەتی{وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيۡرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَآ أَرَى ٱلۡهُدۡهُدَ أَمۡ كَانَ مِنَ ٱلۡغَآئِبِينَ}سورەتی النمل– ئایەتی 20. لەم چیرۆکەدا سولەیمان هەواڵی پەپووسڵمانکە دەپرسێت وەختێك لەناو باڵندەو ئاژەڵەکانی تردا نایبینێت.. مەحوییش یاری بە سولەیمان شوبهاندووەو خۆشی بە پەپوو، کە جارێك ناشیرینو ناچیزە لە بەرامبەر گەورەیی ئەوداو جارێکیش ئەوکاتەی هەواڵی دەپرسن ئەو لەێ نییە. کەچی بڕوانە مامۆستایانی مودەڕیس چۆن چۆنی شەرحی ئەم بەیتە دەکەن؟!: "**واتە یاری سولەیمان پایەم، لەناو هەموو هاوچەشنەکانمدا هەواڵی منی وەك مێروو لە بێدەسەڵاتی لە پەپووسلێمانە پرسیی لەناو هەموو باڵدارانداز.**"

مەحوی لە شیعرێکدا دەڵێت:

**قاتی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە، دەبینی مەنصور**

**بەسەری دارەوە، (ذالنون) لەبن زیندانا** ل34

واتای ئەم بەیتە:

واتە پیاو قاتبووە، ئەوە مەنسورە (**مەبەست لە حسێنی کوڕی مەنسوری حەلاجە**) بەسەری دارەوە، واتە لەدار دراوە، ئەوە ذالنون یشە (**کە مەبەست لە ذالنون–ی گەورە سۆفیی میسرییە کە لە 858هـ کۆچی دوایی کردووەو کاتی خۆی لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی میسردا، تووشی ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر بووەوە لەسەر بیروباوەڕە عیرفانییەکانی**) ئەوەتا لە کونجی زینداندا. کەچی سەرنج بدە بزانە مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی ئەم بەیتەدا چییان نووسیوە: "**واتە پیاوێك پیاو بێت، نەماوە لەسەر زەویداو دونیای دون جێگەی مرۆی مەردو بەهیممەتی تێدا نابێتەوە، بۆیە وا مەنسوری**





**حەلاج دەکرێت بە دارداو پێی لە زەوی دەبڕێتو یونس پێغەمبەر دەکەوێتە زیندانی سکی ماسی بنی دەریاوەو کەسیان لەسەر زەوی ناژین.**" ل34.

خوێنەر تێناگات مامۆستایانی مودەڕیس **یونس پێغەمبەرو سکی ماسیو بنکی دەریایان** لە کوێوە هێنا؟! ئەمانە چینو پەیوەندیی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان بەم بەیتە شیعرەوە چییە؟ بەهەرحاڵ، خوێنەر دەبێت کۆمەك لە مەعریفەی خۆی بخوازێت بۆ تێگەیشتن لە دونیای ئەم سۆفییە گەورەیەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی، نەك بەتەنیا ساغکردنەوەو شەرحەکە.

### کێشەی نێوان سوفیگەریو شەریعەتخوازەکان

مێژووی ئەو ناکۆکییە توندەی نێوان سۆفیەکانو شەریعەتییەکان، هاوکاتە بە مێژووی دروستبوونی سۆفیگەری وەك رێگەیەکی تری پەرستش. ئەو ترسەی لەپشت شەریعەتخوازەکانەوە لە سۆفییەکان هەیە، دوو ترسە: ترسی یەکەمیان ترسێکی سەلەفییانەیە لەپێناو (**پاکڕاگرتنی**) ئاینی ئیسلامداو هێشتنەوەیو رێگەنەدان بەدەستکاریکردنی ئەحکامو واجباتو تا دواجار نەبێتە خەلەلو پارادۆکسێك لە عەقیدەداو کێشەکە لە تەئویلو تەفسیری جیاوازەوە بۆ دەق (**قورئان**) گەورەدەبێتو دەگاتە بە لە رێدەرچوونزانین، تا بە لادەرو کافرو زەندیقو موشریکزانینی یەکتر. **ئیبن تەیمیە** کە بەیەکێك لە دوژمنە سەرسەختەکانی ئەهلی تەسەوف دەزانرێتو لەوبارەیەوە نووسینو نیقاشی زۆری هەیە، ئەو لای وایە تەنیا (**خۆشویستنی خودا**) کە رۆحی تەسەوفە، بەس نییە بۆ پەرستشێکی تەواوو دروست، بەڵکە دەبێت موسڵمان ئومێدو ترسو چاوەڕوانیو... لە خودا هەبێت. ئیبن تەیمیە دەڵێت خۆشویستنی خودا (**موحیبەت**) نەك بەتەنیا بە عیبادەت نایەتە هەژمار، بەڵکو خاوەنەکەی بەرەو

گومڕاییو لەدیندەرچوونیش دەبات[7]. ئەمە لە کاتێکدا عاریفەیەکی گەورەی وەك **رابیعەی عەدەویە** دەڵێت: "**خودایە، ئەگەر لە ترسی دۆزەخ دەتپەرستم، بمخەرە دۆزەخەوە، ئەگەر لەبەرچوونە بەهەشت دەتپەرستم، بەهەشتم لێ حەرامبکە، خودایە ! بەڵام ئەگەر لەبەر خۆشەویستی خۆت دەتپەرستم دە جوانی (جمال)ی خۆتم لێمەشارەوە.**" شاعیرەکەی ئێمەش وەك رێبوارێکی ئەو رێگەیەی رابیعە دەڵێت:

**گەر ئاگری موحەببەتی شك بەم لەدۆزەخا،**
**ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەننەت دەکەم حەرام** ل123

یان دەڵێت:

**ئەی مەحەببەت! ئاگرێکی هێندە خۆشو دڵنشین**
**ئەوکەسەی سوتوتە، هەر هەوڵ ئەدا بۆ سو بە سوت** ل79

ئەو ناکۆکییە هێندە کێشمەکێش بەخۆیەوە دەبینێت تا ئاستی خوێنڕژانو هەمووجارێکیش کەمینەکان (**سۆفییەکان**) قوربانییەکانیان زیاترە، چونکە ئەمان ئەهلی بەگژداچوونو ئازاردانی کەسانی دی نین، تەنانەت بەهۆی وەجدو حاڵی خۆیانەوە زۆرجار نەك هەر ئازاری خەڵکیان نەداوەو ئازاری خۆیان داوە، بەڵکو رێکەوتووە کە خەڵکیش بۆ ئازاردانی خۆیان هانبدەن:

**کەواتە ئەو شۆخە تیرێکی بە (عمداً) گرتە من "مەحوی"**
**(نمیدانم چ سان ارم بەجا شکرانە خود را)** ل361

سۆفییەکان دیسانەوە بەهۆی حاڵێکەوە کە تێیدەکەونو لایان وایە نوری حەقیقەت لەناو خۆیاندا چاودەکەن، گەلێك جار نەك تەنیا ناتوانن وەك

7- دیدگاه صوفیه درباره عبادتو دین.. د.صالح فوزان الفوزان

www.ahlesoonnat.com





موسڵمانێکی شەریعی رەفتار بکەنو واجبە دینییەکان بەجێبهێنن، بەڵکو زۆر بەئاشکرا شتهایەك دەڵێن کە لە دەرەوەی تەفسیرە رووکەشییەکانی قورئانو سونەتەوەیە:

**هەرکەس بەبارەگاهی جەلال ئاشناترە**
**زیاتر قسەی لە وەحشەتو دەهشەت دەدا نیشان** ل410

ئەم (**حەقیقەت**)وتنانە سەری هەندێکیانی تا ئاستی قەنارە بەرزکردووەتەوە، بەرجەستەترینیان **حەلاج**و **سوهرەوەردی**و **ئیبن خەلەکان**و لە پیاوە عەقڵانیو فەیلەسوفەکانیش، دەتوانین پەنجە بخەینە سەر ناوی **ئیبن روشد**و ئەو ئازارانەی بەهۆی جیاوازفیکرییەوە بۆی دروستبوون.

جارێك لە ئیبن تەیمیە دەپرسن: "**سۆفییەکان دەڵێن ئەو ئەمرو نەهییانە، هەمووی رەسمو رسومەو بۆ خەڵکی عەوامە نەك بۆ کەسێك کەخۆی حەقیقەت ببینێت.. ئێمە عەوام نین؟**" لە وەڵامێکی توندا، ئیبن تەیمیە دەڵێت: "**ئەم قسەیە بەهێزترینو گەورەترین جۆری کوفرە کە لە قسەی جولەکەو مەسیحییەکان خراپترە.**"[8] هەر ئەوە دەڵێت هەندێك لە سۆفییەکان ئەگەر زانییان کە ئەو مەعریفەو حاڵەیان چنگ کەوتووە کە دەیانویست، ئیتر تەرکی واجباتە ئایینییەکانیان دەکەن.

بەشێکی دیکەی دوژمنەکانی سۆفیگەری، بەپێی ناوچەو هەڵکەوتەی جوگرافیاو قەرەباڵغیی دانیشتووان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕاوە، جەنگاوەری ئەم سەنگەرەی تر، دەسەڵاتی لۆکاڵیو ناوچەییەکان بوون تا دەگات بە دیوانی سوڵتانو سەنتەری بڕیار لە شارە گەورەکانی ئەو سەردەمەدا. ئەم ترسە ترسێکی سیاسی بوو، ترس بوو لە لەدەستدانی حوکمو

8- سەرچاوەی ژمارە (7)

کودەتا بەسەردا کردن، بەڵام ئەمانە وەك دەسەڵاتی تەنفیزی، پاش راوێژیان بە موفتیو پیاوانی ئاینی سەردەمەکانی خۆیان، توانیویانە تیشکی سەوز بۆ لێدانی پیاوانی تەریقەت وەربگرنو توندوتیژی وەها بنوێنن، تا ئاستی چاوهەڵکۆڵینو بەزیندوویی سووتاندنو شێواندنی جەستەو مانەوەی قوربانییەکان بەسەر دارەکانەوە، هەتا چاوترسێنیی هەر جموجوڵو خەیاڵێك بکەن ئەگەر لە دوورەوە لە سەری کەسێکدا هەبووبێت.

ئەم جۆرە دوژمنەی سۆفیگەری، جار هەبووە لە بەرژەوەندیی سیاسییان سازشیانکردووە. نزیکترین نموونە، دروستکردنی خانەقایەکی گەورەیە بۆ **مەولانا خالیدی نەقشبەندی** لە سلێمانی لەلایەن دەسەڵاتی والیی بەغداوە، ئەوەش دوای ئەوەی دەبینرێت لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، مەولانا خەڵکێکی زۆر بەتایبەتییش لەخوێندەوارو پیاوانی گەورەی شار، لە دەوری تەریقەتەکەی (**نەقشبەندی**) کۆدەکاتەوە. هەرچەندە لەلایەن پیاوانی تەریقەتی (**قادری**)و بەتایبەتییش خودی **کاك ئەحمەدی شێخەوە**، ئاستەنگی بۆ مەولانا دەهێننە پێشو راپۆرتی لێدەنووسن بۆ **عەبدولڕەحمان پاشای** والیی ئەو کاتەی بەغدا. کەچی دەسەڵاتی سیاسی گەمەکە لە بەرژەوەندیی خۆی بۆ مەولانا دەباتەوە.

### مەی لە شیعری مەحویدا

بەرلەوەی ئەو بەیتە شیعرانەی مەحوی دیاریبکەین کە تێیدا راستەوخۆ ئاماژەی بە (**مەی**) داوە، بە پێویستی دەزانم کەمێك لەمەڕ چەمکی مەی لە ئەدەبیاتو مێژووی سۆفیگەریدا بدوێم.. راستییەکەی ئەدەبی سۆفیگەری، ئەدەبی مەجازو میتافۆرە، کاتێك بەر وشەگەلی وەك (**ساقی- موتریب- صەنەم- بادەفرۆش- پیری مەیفرۆش- پیری موغان- پیری مەیکەدە-**





**مەیخانە- خەرابات... هتد**) دەکەوین، دەبێت دایانماڵین لە مانا تەقلیدیو باوەکانیان، ئەمانە زۆرتر وشەگەلێکی مەجازین، ئەوەتا حافز دەڵێت:

**خم ها در جوشو خروش اند ز مستی**

**ان می کە انجاست حقیقت نە مجاز است**

ئەمە مەستییەکە لە ئەنجامی حاڵێکی تایبەتیی پەرستشەوە توشت دێو دەتوانین بەم مەستییە بڵێین مەستی باڵا. **د. ساڵح فەوزان ئەلفەوزان** لەزاری **ئیمامی شافیعی-یەوە** دەڵێت: "**ئەم حاڵەتانە جۆرە مەستییەك دەدەنە خاوەنەکانیان کە لە مەستیی شەراب زیاترەو چێژیشی لەو زیاترە، ئەمانە بەوهۆیەوە زیاتر لەخوداو نوێژ دووردەکەونەوە.**" سۆفییەکان ئەم چەمکانە بە جۆرێك بەکاردەبەن کە خەڵکانی ئاسایی کە ئەهلی تەسەوفو عیرفان نەبن، ناتوانن پەی بەو ماناو مەبەستتە ببەن کە لە باکگراوندیاندا هەیە.. تەنانەت لەناو سۆفییەکاندا دەبێتە مشتومڕ، هەریەکەیان بەئەندازەی مەعریفەی خۆیو پلەی مەقامی سۆفیایەتییان، دەتوانن شتێکی لێهەڵبهێنجێنن. تەنانەت لەمەڕ **حافز** دەوترێت هەندێك لە عارفە گەورەکان لە کاتی خوێندنەوەی غەزەلەکانیدا، شیدەتو وەجدو هیجاو حاڵی تایبەت دەیانگرێت، کە نموونەیان (**ئەدیب پیشاوەری**)[9] یە.

وشەی (**مەی**) لە شیعری مەحویدا، لە ئاستێکی دیارو بڵاڤدا بینراوە، **د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان** لە زاری **د. عاتف جەودەت نەسر-ەوە** دەنووسێت: "**مەی لە شیعری تەسەوفدا دیاردەیەکی کۆنەو هەندێك لە سۆفییە ئیباحییەکانی وەکو (مەتاوعەو قەلەندری) بەدزییەوە نۆشیان دەکردو دوای ئەمە مەی بووە هێمایەکی عیرفانی، بەتایبەت کە دەکەوتنە ناو سۆزی**

9- از چە موقع تصوف وارد اسلام شد .

**دەروونییەوە. لەلایەکی تریشەوە، مەی لە شیعری سۆفییەکاندا هێمایە بۆ خۆشەویستیی خوایی، ئەم خۆشەویستییە کە دەبێتە هۆی سۆزو وەجدو سەرخۆشی. بەهۆی سۆزی سۆفییەتییەوە، بۆ واتاکانی خۆشەویستیو نەمانو لەهۆشخۆچوون، سۆفییەکان وشەی مەی-یان بەکاردەهێنا، لە سەدەی دووەمی کۆچیدا زاراوەی (سکر- صحو) پەیدا بوو."**[11]

مەحوی لە شیعرێکدا دەڵێت:

**لەمەیخانە، خودا! گەر ئێمە دەرچین،**
**بەکێ بەین ئیلتیجا، بۆ کێهە دەرچین!**
**کە ئێمە چونە چونەتمان بە تۆدا،**
**لەئێمە لادە زاهید! ئێمە هەرچین** ل249

ئەگەر بەیتی دووەم نەهاتبا، ئێمە دەمانوت (**مەیخانە**)ی بەیتی یەکەمی وەك مەجازێك، کە تێیدا مەبەست لە دونیا.. یان کۆڕی زیکر.. یان.. هتد بووە. بەڵام کاتێك راستەوخۆ بەیتی دووەم دێتو موخاتەبەی کەسێکی تر (**زاهید**) دەکات، بەوەی کە بەهەشتمان بە تۆ داوە،ئیتر لێگەڕێ ئێمە هەرچییەکین. لەم دوو بەیتەدا، دوو ناتەبایی لەگەڵ شەریعەتدا هەیە، جارێك (**ئێمە=شاعیر**) لە مەیخانەینو لەوێ بترازێت، شوێنێك نییە پەنای بۆ ببەینو جارێکیش - کەئەمەیان لەوەی یەکەم قورسترە- ئەوەیە کە رەتکرنەوەی بەهەشتە وەك جێگەیەکی خەیاڵیو گەورەترین پاداشتی خودا بۆ بەندە ساڵحەکانیو بەخشینێتی بە (**زاهید**) وەك نمایندەی شەریعەت.

**ئەگەر ئەو شۆخە ساقی بەزمە، باقڵ قاضییو موفەتیش**
**دەبێ ببنە قەدەح وەرگر لەگەڵ فەتوی (ولا یقدح)** ل103

10- سۆفیگەری... د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان لاپەڕە 316-413





واتای ئەم بەیتە:

واتە ئەگەر ئەو یارە، ئەو شۆخە پێڕی خواردنەوەیەو مەیگێڕە، ئەوا قازیو موفەتیش پێکی لێوەردەگرنو دەیخۆنەوە (**قەدح وەردەگرن**) لەگەڵ ئەوەی فەتوای (**ولایقدح**) نەخواردنەوەیان داوە، یان ئەم فتوایەش لەسەر خواردنەوە هەیە.

یان دەڵێت:

**ببینن گەر لەساقی نازوعیشوێك، ئێمە دەبینین**
**بەمەی نۆشی دەدەن فتوا بەمەستی موفتیو قاضی** ل305

بەر لەوەی واتای ئەم بەیتە بنووسین، دەبێت ئەوە بڵێین کە مانا لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا، لەنێو لێڵاوو تەمومژدایە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیك ئەوەیە، بەیتەکە بە رووکەش مانایەك دەدات، کەچی پاش لەسەروەستانو لێوردبوونەوە. هێور هێور دەتوانین مانایەکی دیکەشی لێهەڵبهێنجێنن. هەڵبەت ئەمە لەلای **مەولاناو خەیامو حافز**، واتە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسیدا تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم، زۆر ئاشکرایە. لە ئەدەبیاتی کوردییشدا، دوای **نالی**، مەحوییش شاعیری رازو رەمزو میتافۆرە، واتە بۆ تێگەیشتن لە مەحوی، دەبێت زمان وەك سیستەمێکی دەلالی تەماشابکەین.

لەبەیتێکدا دەڵێت:

**سەرت پێ لازمە، مەیبازە"مەحوی"**
**دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بەسەرچین** ل250

خوێنەر لەموتاڵای مەحویدا تیا دەمێنێت، ئەو دولبەرەی مەحوی کە بڕیارە بێت، یارە..؟(**واتە کەسێکی مێینەیەو دولبەری واقیعی مەحوییە**)؟ یان مەعشوقە..؟ (**خودایە وەك مەجازێك**)..؟ چونکە ئێمە دەزانین خوداش بۆ لای

بەندەکانی دەچێت، ئەی ئەوە نییە لەحەدیسێکی قودسیدا دەڵێت: **"ئەوەی بستێك بۆ لای من بێت، من گەزێك بۆ لای دەچم، ئەوەی گەزێك بۆ لای من بێت، من هەنگاوێك بۆ لای دەچم، ئەوی هەنگاوێك بۆ لای من بێت، من بە راکردن بۆ لای دەچم."** واتە خودا سیفەتی رۆیشتن (**نازانین چۆن رۆیشتنێك!**)ی هەیە، مادام لای ئەهلی تەریقەت مەعشوق خودایەو مەحوییش وەك پیاوێکی ئایینیی گەورە رووەو خودا چووەو ئێستا لە چاوەڕوانیی (**هاتنی خودا**)دایە؟ یان لە چاوەڕوانیی (**هاتنی یار**)دا وەك کارەکتەرێکی مێینە؟ وادەڵێت دەبێت سەرم نەدۆڕێنم، چونکە ئەگەر ئەو هات، من دەبێت بەسەرچم.

لێرەشدا دیسانەوە (**بەسەرچوون**) وشەیەکی پڕگرفتەو پرۆسیسی هێرمۆنۆتیکاو ماناکردن، تووشی ئاڵۆزکاری دەکات، کە ئایا بەسەرچوون وەك کۆتاییهاتن‌و فەناو تەواوبوون هاتووە؟ یان وەك ئەندامێك بۆ فرمانی رۆیشتن‌و بەدەمەوەچوونی یار؟ کە ئەم ئەمرەی مەحوی بە (**سەر**)ی پێچەوانەی سروشتی ئەندامەکەو جیهانی رۆیشتن‌و رێکردنیشە! رەنگە ئەمەی دووەمیان بێت، بۆیە لە دێڕی یەکەمی بەیتەکەدا دەڵێت (**سەرت پێ لازمە**)، واتە تۆ ئیشێکت بە (**سەر**)ت هەیە، یان پێویستییەکت بە (**سەر**)ت دەبێت، نەیدۆڕێنیت‌و لەدەستی نەدەیت. بەمجۆرە بە بڕوای من، دۆزینەوەی مانا راستەقینە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا یان نییە! یان زۆر سەختە.. هەربۆیە لە فەرهەنگی ئێرانیداو دیارە لەبەر قووڵایی‌و ئاڵۆزییەکەشی بە دیوانی شاعیرێکی وەکو (**حافز**) فاڵدەگیرێتەوە. واتە ئەو کتێبە دەبێت بە کتێبی ئایندەدۆزی، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەو خاڵەیە کە میتافۆر لە کلاسیکدا ئامادەیی بەردەوامی هەیەو ئەمەش یەکێك بووە لە نهێنییەکانی زیندوومانەوەی ئەم ئەدەبیاتە دوای پتر لە (400–800)ساڵ تێپەڕین بەسەریدا.





ئێستا دەگەڕێینەوە سەر لێکدانەوەی بەیتی (**ببینن گەر لەساقی نازو...**) مانای رووکەشیی بەیتەکە ئەوەیە، ئەگەر موفتی‌و قازی نازێك یان کەمێك عیشوەیان لەلایەن ساقییەوە بۆ بکرێت، وەها مەست دەبن خۆشیان دەچن دەخۆنەوەو هەر لەوێش (**بەمەستی**) فتوای مەینۆشین دەدەن بۆ خەڵك. بەڵام ئەم بەیتەی ناو ئەم غەزەلە، لە وردبوونەوەو تێڕاماندا مانایەکی دیش، مانایەکی کاڵی وەك تەمی لەخۆوە پێچاوە. شاعیر لێرە شەڕ لەگەڵ شەریعتخوازەکان (**موفتی‌و قازی**) دەکات، ئەوان لایان وایە ئەم حاڵ‌و وەجدەی سۆفییەکان جۆرێك لەهۆشخۆچوون‌و نائاگاییەو ئەمەش نەك هەر کەراهەتی هەیە، بەڵکو حەرامیشەو رەنگە موسڵمانەکە بەرەو شتی خراپتریش ببات. وەك لەپێشەوە رای شافیعی‌و ئیبن تەیمییەمان لەوبارەیەوە باسکرد.

ئێستا بەیتەکە وادەگەیەنێت گەر نمایندە فیقهییەکانی شەریعەت ئەوەی ئێمە دەیبینین (**نازوعیشوێك لە ساقی– رۆپێدانێك لەلایەن خوداوە**) ئەگەر ئەوان بیبینن، ئەوا کاریان تەواوەو بەسەرخۆشی فتوای ئازادیی خواردنەوە دەدەن بۆ خەڵکی عەوامیش، نەك هەر نابنە کۆسپ لەبەردەمماندا، وەك چۆن هەمیشە ئەمانە کۆسپی سەر رێگەی تەریقەت بوو، بەڵکو هانی خەڵکیش دەدەن بۆ ئەم رێگەیە.

لە جێگەیەکی تردا دەڵێت:

**واعیظ لەڕەندی مەیکەدە دەگریٚ کە ئیعتیراض**
**راضی نیە بەسەرنویشتی ئەزەل(اِنی لراض)** ل156

واباوە کە هەموو ئەم شتانەی لەم گەردوونەدا روودەدەن، پێشتر لە (**لوح المحفوض**)دا نووسرابێتن‌و ئەمە چارەنووسی هەموو کەسێکە کە پێش ئەوەی بێتە بوون. مەحوی توانج دەگرێتە (**واعین**) کە ناکرێت گلەیی لە مەیخۆر بکات،

چونکە لە ئەزەلەوە لە چارەی نووسراوە کە ببێتە مەیخۆر، چۆن (**واعیز**) تۆ بە چارەنووسی ئەزەل رازی نیت؟.. من رازیم.

ئەم بەیتە جگە لە وتنی حەقیقەتێکی دیدی ئایینی بۆ چارەنووس، بەرگرییەکی سەختیشی لە مەیخۆر تێدایە، ئەوەتا مەحوی سەرزەنشتی مەیخۆرەکە ناکات —**کە دەبوو ئەوەیانی بکردایە**— دێت هاوکارەکانی خۆی (**واعیز**)ەکان سەرزەنشتدەکات کە لێگەڕێت، ئێمە هەرچییەکین، ئاخر بەدەست خۆمان نییە، ئەوە نییە خودا دەڵێت پێشئەوەی بێنە بوون، لە چارەتان نووسراوە چی دەبن.

**دەفەرموێ کەحەکیمو دەوا هەیەو ساقی**
**دەگرنەوە لەنەخۆشی منا کەوا (حافظ)** ل162

واتە کاتێك دیوانی (**حافز**) بۆ من دەگرنەوە (**وەکو وتمان لە ئێران بە حافز فاڵدەگرنەوە**) سەیردەکەن کە من چارەسەرەکەم تەنیا مەیو ساقییە.

یان دەڵێت:

**سەججادە مەی پیارژاومو، عوریان لەش بەخون**
**نوێژم مەظەننەوایە لەمەولا بکەن قوبوڵ** ل207

واتە مەی بە بەرماڵمدا رژاوەو رووتو خوێناویم، ئیتر ئێستا وا مەزەندە دەکەم کە نوێژم قبوڵبێت.

یان دەڵێت:

**بەبێ بەزمی حوضوری تۆ حەرامم کردوە بادە**
**نەوەك بشکێ بەنەشئەی مەی خوماری دەردی بێ تۆیی** ل359





یان دەڵێت:

**نیسبەت بدرێ حورو پەری گەر بەلەتۆ چون**
**باڵیدە دەبن تا دەگەنە ئەوجی لەخۆ چون** ل244

واتا ئەگەر روخسەت بدرێت بە حۆریو پەریی بەهەشتو پێیانبڵێن لە تۆ دەچن، باڵدەگرنو ئەوەندە دەفڕن تا لوتکەی لەخۆچوون.. ئەو لەخۆچوونە، لەخۆچوونی شاگەشکەییو لەخۆچوونێکی مەستییە نەك لەهۆشخۆچوونێك لە هیلاکیدا. مەحوی لە زۆر شوێنی تر ئەگەر راستەوخۆش ناوی مەیو ساقیی نەبردبێت، ئەوا وەك ئەم بەیتەی سەرەوە، باسێکی چنییەوە کە لە وردبوونەوە لە کۆنێستی دەقەکە، تێدەگەیت ئەمانە حاڵەتی سەرگەرمیو مەستیو سەرخۆشین.

دەبێت ئەوەش بڵێین، ئەم نووسینە نیازی لەوە ئەولا ترە کە بڵێت مەحوی مەیخواردووەتەوە تا پەی ببات بە ساتی مەستیو کەشفو تەحقیقی ئەم حاڵەتەی کردووە، بۆیە وا دەتوانێت گوزارشتی لێبکاتو مەستی بنووسێتەوە. **نا** ئەمانە تەنیا هێنانەوەی چەند نموونەیەك بوون لەبارەی مەیەوە کە لە رووە شەریعییەکەیەوە نەك هەر نەگونجاوو ناپەسەندە بۆ پیاوێکی وەك مەحوی، کە خاوەن خانەقاو سەردەمانێك ئیمامی مزگەوتی ئەعزەمی بەغدا بووە، بەڵکو تاوانێکی گەورەیەو گەر رۆژی خۆی دەست هەندێك لە شەریعییە کۆنزەرڤاتیڤەکان بکەوتایە، رەنگ بوو ئێستا ئێمەش خاوەنی حەلاجێك بووینایە.

**مەحوی وەك مەلایەكی سەركێش**

سەركێشیو ناتەباییو نەهاتنەوە لەگەڵ خاسو عام، پنتێكی تۆخو بۆڵتە لە مێژووی سۆفیگەریدا، راستییەكەشی هەر ئەو سەركێشییانە ئیتر سەركێشیی فیكری یان زمانی یان كرداری بن، هۆی راستەقینەی لەناوبردنو دژایەتیكردنی سۆفییەكان بووە. ئەم لادانانە لە ستانداردێك كە دەقێكی پیرۆزی وەك قورئانە لای فیقیییەكانو قبوڵنەكردنی زیاد لە تەفسیرێكو زیاد لە روانینێك بۆ ئەو دەقە، سەبەبكاری قەتڵوعامو تاڵانو سەربڕینو سووتاندنی نەیارەكانی دەسەڵات (**زۆرینە**) بووە. موعتەزیلەكانو ئیسماعیلییەكانو شەڕی مەعاویەو عەلی كوڕی ئەبو تالیبو سەركوتی هەر گروپو كۆمەڵی جیاواز لە خۆیان، شوناسی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلامی بووە، لە هەموو ناوچەكانی ژێر قەڵەمڕەویان.

لە روانینێكی خێرا لە مەحوی لەگەڵ حافز، لەو زیاترو لە خیام كەمتر شیعری رەندانی نووسیوە.. ئێستا هەوڵدەدەین چەند نموونەیەك لە سەركێشییە شیعرییەكانی مەحوی بخەینە پێشچاو:

**گفتا بتم: وفا طلب از من تو "محویا"**
**در عمر خود شنیدەای از عمر وفا** ل13

واتایە بەیتەكە:

بتم گوتی وەفا لە من داوابكە مەحوی، گەر بیستووتە لەعومر وەفا.

ئامادەیی بت لەم بەیتەدا، ئەگەر جارێك كینایە بێت لە قەدو قامەت راستو باڵا رێك، بەڵام هێشتا رەهەندە مێژووییەكەی وننەكردووە كە بە مانای وشە یانی (**بت**)، بۆ ساغكردنەوەی ئەم لێكدانەوەیە بڕوانە ئەم بەیتانەی دواتر:

**وەردەگێڕی رو كەسوجدەی بەردەبەم**
**هەی دەڵێ: كەی نوێژی رۆژاوا دەكا** ل23





مەحوی لەو بەیتەدا بەئاشكرا دەڵێت (**سوجدەی بەردەبەم**)، روونە كە سوجدە تەنیا بۆ خودا دەبرێت، بەڵام لێرەدا مەحوی مەبەستی لە شۆخێكە (**كارەكتەرێكی مێینە**) نەك خودا، چونكە راستەخۆ دوای ئەم بەیتە دەڵێت:

**چاوە، جێی ئەو شۆخە بێ، وتمو وتی:**
**ئەم مەلا شێخە قسەی بێ جا دەكا** ل23

لە بەیتێكی تردا دەڵێت:

**دینتم ئیمانە خۆ، كوفرە نەگەینم بەتۆ**
**قوربەسەر، دینە: چو، كافرییە بو ئەوا** ل37

بەر لەوەی واتای ئەم بەیتی لێكبدەینەوە، وا باشە كەمێك لەبارەی تەسەوفو كوفرەوە بدوێین. لە تەسەوفی ئیسلامیدا كوفر دەكرێت بە چوار جۆرەوە، ئەوانیش ئەمانەن:

1- **كوفری ظاهیر**
2- **كوفری نەفس**
3- **كوفری حەقیقی**
4- **كوفری قەلب**

ئێمە بەپێی پێویستیی بابەتەكەمان، تەنیا لەبارەی جۆرەكانی سێیەمو چوارەمەوە قسەدەكەین، كاتێك كە سۆفییەك دەگاتە پلەی فەنابوون لەناو خودادا، لە خۆیدا شوێنەواری دەركەوتنی خودا دەبینێتو دەڵێت (**من ارنی فقد رای الحق_هەركەسێ من ببینێ خودای بینیوە**) كە سۆفی گەیشتە ئەم كوفرە، واتە ئێستا لە كوفری حەقیقی دایەو بەرەو سەرەتاكانی كوفری قەلب دەڕوات. چونكە رۆحی سۆفییەكان لە نوری جوانی خوداوە منەوەرە، كە سۆفی جوانیی رۆحی خۆی لە ئاوێنەی دڵدا دەبینێت، وا هەستدەكات كە لە بوونی خۆیدا

خودای دیوەو گەیشتووەتە خودایەتی. پیرانی تەریقەت ئەم ئاستە بە کوفری قەلب ناودەبەن، کە سۆفی ئەم چوار پلەیەیەی بڕیی، ئینجا دەگاتە سەرتای پلەی تەوحید.[11]

**بنازم من بەکوفری تۆ ئەی ئافەتی ئیسلام**
**کە ئەستۆ بەندی جیزیەی خستە ملی ئیمانی خاس و عام** ل 125

ئێستا با بەیتی (**دینتم ئیمانە خۆ..**) لێکبدەینەوە:

تۆبینین بۆ من ئیمانەو کوفرە نەگەینم بە تۆ، قوڕبەسەرم، دینم لەدەست چوو، کافرییە ئێستا، واتا نەمبینیو نەگەیم بەتۆ، بۆیە کافربووم. سەرنجبدەن لەلای مەحوی ئیمان زۆر گرنگ نییە، بوونی ئیمان بەستراوە بە شتێکەوە کە (**ئەوبینینە**)، ئەوە گرنگە. واتە کافرییەکەش کە قوڕی بۆ دەدات بەسەریدا، لە خەمی سزاو دۆزەخ نییە، بەڵکو یەکلاییکردنەوەی پێکنەگەیشتنو نەبینینی یارە. مەحوی زۆر بەورییاو زیرەکانە ئیمانو کوفری وەکو دوو چەمکی عەقیدی خستووەتە خزمەت یارو چواندوویەتی بە وەسڵو هیجر. مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی ئەم بەیتەدا دەڵێن: **"لە هەردوو وشە (دین)دا تەوریە هەیە کە هەم بۆ مەعنای ئاینو هەم بۆ مەعنای بینین دەستدەداتو جاری یەکەم بۆ مەعنای یەکەمو جاری دووەم بۆ مەعنای دووەم بەکارهێنراوە."** ل38 دیارە ئەم بۆچوونەی بەڕێزیشیان خزمەت بە بۆچوونەکەی ئێمە دەکات.

لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

**واغیظ، لەمن، بڵێ بەنەضەر طەعنە بەس بدا**
**دینی بتانە دینی من، ئەو مەذهەبی ذەهەب** ل48

11- کفر از منظری دیگر- www.roshanlishahi.blogfa.com





ئەمجارەش راستەوخۆ مەحوی دەڵێت (**دینی بتانە دینی من**)!!
مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی بەیتەکەدا دەڵێن (**دین**)ی دووەم مەبەست لە بینینە، کە خۆی راستییەکەی ئەم مانایەش هەڵدەگرێت، بەڵام بەپێی شوێنەکەی لە نیوە دووەمی بەیتەکەدا، لە تایەکی هاوکێشەیەکدایە کە لەلاکەی بەرامبەری (**مەزهەب**)ە. بۆیە من وای بۆدەچم کە مەحوی مەبەستی لە(**دین**)ی یەکەمو دووەم، هەر (**دین**) بێت. بەڵام مامۆستایانی مودەڕیس نایانەوێت ئەم مانایەیان بڵێن، نەکا مەحوی بە شاعیرێکی یاخیو لەدیندەرچووی وەک خیام ناوببرێت.

**دەوری هەرچاوێکی ئەمرۆداوە صەد فەجی بەلا**
**دینو دڵ یەغما دەکەن، چاری کەن ئەی شێخو مەلا** ل27

موسڵمانەکان وەك پەیڕەوانی هەر دینێکی تر، باوەڕێکی بەهێزو ئەفسانەییان بە کتێبەکەیان هەیە، تا ئەو رادەیەی رۆژێك **عەلی کوڕی ئەبو تالیب** دەڵێت ئەگەر حوشترەکەم ونببێت، لە قورئاندا دەیدۆزمەوە. هەڵبەت مەبەستی عەلی ئەوە نییە کە لە قورئاندا نووسراوە حوشترەکەی عەلی لە کوێیە، نەخێر بەڵکو لەپتەوی باوەڕێتی بە کتێبێك کە پێیوایە چارەسەری هەموو شتێك، یان راستتر هەموو شتێکی تێدایە. لێرەدا قسە لەوە ناکەین کە ئایا هیچ کتێبێك هەیەو مەزەندەی بوونی کتێبێك دەکرێت (**هەموو شتێك!**)ی تێدا بێت، یان نا؟! لەبەرئەوەی جارێك لە باسە سەرەکییەکە دوورماندەخاتەوەو جارێکیش لەبەرئەوەی خۆخەریککردن بە وەها پرسیارێکەوە، گەرچی رەهەندێکی فەلسەفییشی هەبێت، هێشتا بێهودەیە.

مەحوی لەم بەیتەدا روودەکاتە شێخو مەلاو داوای چارەسەریان لێدەکات، بەو حوکمەی شێخو مەلا مامەڵە لەگەڵ کتێبێکدا دەکەن کە (**هەمووشتێك**)ی

تێدایە. ئەگینا لەجیاتی شێخو مەلا دەیوت دکتۆرو حەکیم. پێیاندەڵێت کە بەرسڤی هەموو پرسیارو دەوای هەموو دەردێکتان لەلایە، دە ئەو چاوە پڕ ئاشوبو بەڵایەی (**یار**) چارەکەن.

**شێخو طورڕەی مێزەرو نەقلو نوقولی هیچو پوچ**

**من بە طورڕەی یار ئەسیرم، ئەو بە کۆڵی تورڕەهات** **ل**58

من بۆ شەرحی ئەم بەیتە شەرحەکەی مامۆستایانی مودەڕیس، وەك خۆی دەگوازمەوەو دواتر تێبینیی خۆمی دەخەمەسەر، مامۆستایان نووسیویانە: "**واتە: شێخو مێزەری خڕی سەری‌و ئامۆژگاریکردنو قسەی زانایانو پیاوچاکانن، گێڕانەوەیم هەموو لەلا هیچو پوچە، چونکە هیچی لە سەرچاوەی راستییەوە هەڵنەقوڵاون.**" ل59 . راستییەکەی کاتێك مەحوی نەقڵو نقوڵی هیچو پوچیی شێخ باسدەکات، نەیوتووە ئەمانە (**چونکە هیچی لە سەرچاوەی راستییەوە هەڵنەقوڵاو**)ن، بۆیە هیچو پوچن. نازانم مامۆستایانی مودەڕیس ئەم تەحلیلەیان لە کوێوە هێناوە؟! خۆ ئەوە بەیتەکە لەپێشچاودایە، شتی وای تێدانییە.

مەحوی نیوەی یەکەمی بەیتەکەی خستووەتە خزمەتی ئەنجامەوە، کە نیوەی دووەمەو بەڕوونو ئاشکرا دەڵێت شێخ خەریکی ریوایەتو شتی پڕوپوچەو من بە زوڵف (**طورڕە**)ی یار ئەسیرم، بەڵام شێخ بە کۆڵێك طورڕەهات... کەواتە مەحوی گاڵتەی لێهاتووەو زوڵفی یاری لە نەقڵو نوقڵ پێ گرنگتربووە..!

**تۆ قبوڵم کەی بەعەبدی خۆتو، بەندەی ئەو، خودا!**

**تا بێتە خانەڕوبم، چەند ئەگەر خاقانە رۆژ** **ل**141





لە شەرحی دیوانەکەدا واهاتووە کە ئەم شیعرە بۆ پێغەمبەر وترابێت، منیش بەدووری نازانم، ئەتمۆسفێرێکی ئاینی سێبەری بەسەر ئەم بەیتەو چەند بەیتێکی پاشو پێشیدا کێشاوە، بەڵام خۆ سەرەنجام داواکردنی ئەوەی ببێتە بەندەی (**نەك کۆیلە، کە هەر تەرجومەی عەبدە**) هەر کەسێك شیرکە. شیعرەکە داوای بەندایەتی دەکات لە خوداو کەسێکی تر (**ئەگەر پێغەمبەریش بێت**) ئەم دێڕە لە تەوحید لادەداتو پێچەوانەی ئەم ئایاتەیە {وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞ فَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ}سورتی النحل /ئایاتی 51 – واتە(**خودا فەرموویەتی هەرگیز نەکەن دوو دانە خوا بۆ خۆتان بڕیار بدەن، چونکە ئەو خوایەی کە پێویستە ئێوە بیپەرستن، بێگومان خوایەکی تاكو تەنهایە، کە وابوو، بیمو ترستان با هەر لە من بێت)**[11]، ئەگەر وابێت، ئەم بەیتە بێ یەكو دوو دەبێتە شیرك، چونکە خوایەتی تەنها بۆ خودایەو هەموو بەندایەتی‌و سەردانەواندنەکانیش تەنیاو تەنیا بۆ ئەوەو لە بەرامبەر ئەودا دەبێت.

**موئەذذین بەزمی شەو وەك مورغی بێ وادە دەشێوێنێ**

**هەمووو وەختی لەئێمە کردوە بەم قوقوە ضایع** **ل**166

واتای بەیتەکە:

(**موئەذذین**) بانگدەر، ئەو کەسەی بانگدەدات، وەك کەڵەشێری ناوەخت ئەم بەزمی شەوە لە ئێمە دەشێوێنێتو بەم قوقوە هەموو کاتی ئێمەی بەفیڕۆداوە.

ئەم بەیتە یەکێك لە شابەیتە رەندییەکانی شیعری مەحوییە. لێرەوە بانگو بانگدەریش رەتدەکاتەوەو لای وایە بە دەنگی بانگی ئەم، ئەمان (**بەزمی شەو**)یان لێتێکدەچێت، کە روون نییە مەبەست لە بەزمی شەو، ئەو خەڵوەتو تێڕامانانەیە کە عارفەکان دەیکەنە شەوکاریانو مەحوییش وەك سۆفییەکی

---

12– تەفسیری ئاسان... نوسینی بورهان محەمەد ئەمین لاپەڕە 272

پەیڕەوی تەریقەتی نەقشبەندی، کە تەریقەتی مەنگبوونو وەستانو تێڕامانو زیکرە لەناو خودی (**ڕێبوار**)ەکەدا، نەك لەدەرەوە، کە ئەمەی دووەمیان کەمێك نمایشنامەییانە دەردەکەوێت بۆ ئەوانی ترو تەریقەتی مەزنی **قادری** بەوشێوەیە زیکر دەکەن. هەر لەگەڵ نەهاتنەوەی مەحوی لەگەڵ قادرییەکاندا جارێك وەك **نەقشبەندی**یەكو جارێکیش وەك کەسێك لە بەرەی کەمینە، لە بەرامبەر دەروێشو پەیڕەوکەرانی قادریو بنەماڵەی شێخانی **حەفید** کە ئەو سەردەمە حوکمڕانی سلێمانیو زۆرینە بوون، لە شیعرێکدا دەڵێت:

**قیلێکی ضەعیف: ئاهی حەزین ئیذنە لەعیشقا**
**گریانی بەکوڵ، ناڵەیی مەستانە حەرامە**
**سوتانی بەبێدەنگییە ئادابی مەحەببەت**
**وەك بولبول ئەم ئەفغانە بەپەروانە حەرامە** ل257

واتای دوو بەیتەکە:

قسەیەکی لاواز (**قیل**)ێك هەیە، دەڵێت مۆڵەت دەدرێت لە عەشقدا، عاشق ئاهـ هەڵبکێشێت یان خەم بخوات، بەڵام گریانی بەکوڵو شیوەنو ڕۆڕۆو ناڵەی مەستانە قەتعییەن حەرامە، چونکە ئادابی موحیببەت سووتانە بە بێدەنگی. ئەگەر وەك بولبول بیکات بە غەوغاو دەنگبەرزکردنەوە (**وەك ئەوەی دەروێشانی تەریقەتی قادری لە جەلسەی زیکرو خەتمەکاندا دەیکەن**) ئەوە بۆ پەروانە (**مەحوی لێرا خۆیو پەیڕەوانی نەقشبەندی بە پەروانەی چواندووە**) حەرامە.

یان دەڵێت:

**پەروانەیەك بە بلبلی وا وت کە (بو الفضول)**
**سووتانە ئیشی ئەهلی مەحەببەت، نەك هەلە هول** ل206





واتای بەیتەکە:

پەپوولەیەك بە بولبولێکی وت کە ئەی مایەپووچ، ئیشی ئەهلی موحیبەت سووتانە بە بێدەنگی نەك وەك تۆ بیکات بە غەوغا.

مەحوی لێرا راستەوخۆ لەگەڵ موریدانی تەریقەتی قادری دەدوێتو ناشرینیش ناوی نەهێناون، هەرچەندە بە رای ئەو، ئەو کارە مایەپووچییە، بەڵام هەر بە (**بولبول**) ناوی بردون، کە باڵندەیەکی ئێسکسووکی دەنگخۆشە. خۆشیو هاوڕێکانیشی بە پەپوولە چواندووە کە هەردوو ئەم بوونەوەرە عاشقن، بەڵام بەیانکردنی عەشق لەلای پەروانە جوانترە تا لەلای بولبول، کە خەڵك دەهێنێتە سەیری خۆی.. هەر لەم شیعرەداو چەند بەیتێك خوارتر بانگی هەمووان دەکات کە وەرنە سەر ئەم تەریقەتە (**نەقشبەندی**)و وا بەیاندەکات کە یاران (**صەحابەکان**) هەر بەم ڕێیەدا ڕۆیشتوون:

**ڕێگەی هودا طەریقەتی عیشقە، دە "مەحویا"**
**وەرو پیا بڕۆنو (وصلو علی الرسول)**
**هەر ئەم طەریقەبو بەهەمو صەحبی گرتیان**
**ڕۆین پیا، هەتا گەینە مەرتەبەی وصول** ل208

ئێستا دەچینەوە سەر لێکدانەوی بەیتی (**موئەذذین بەزمی شەو وەك مورغی بێ وادە..**) روون نییە ئەم بەزمی شەوە ئەوە بوو کە ئێستا باسکرا، یان خیام ئاسا ئەم کۆڕو کۆبوونەوەی شەوانی بەزمئاوەرە، چونکە مەحوی لە بەیتێکی دییشدا لەبارەی شەوەوە دەڵێت:

**نەبوە، نابینی لەشەو مەحرەمترێ تا ڕۆژی حەشر**
**پەردەپۆشە، هەمدەمە، هەمدەردی عوششاقانە شەو** ل258

ئەوەتا لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا دەڵێت شەو پەردەپۆشە، واتە شت دەشارێتەوە، ئێستا نازانرێت ئەو بەزمی شەوەی مەحوی شەوان دەیکاتو دەیشارێتەوە، چییە؟

مامۆستایانی مودەڕیس لە شەرحی بەیتی (**موئەذذین بەزمی شەو وەك مورغی بێ وادە**..) نووسیویانە: **"موئەذین: بانگدەر. مرغی بێوادە: کەڵەشێری ناوەخت. قوقو: خوێندنی کەڵەشێر"** ئیتر خۆیان لە شەرحی بەیتەکە بواردووە، تا نەکەونە ئەم نیقاشەوە.

**پیرۆزیشکاندن.. دەستبردن بۆ کاریزما**

وردە وردە هەوڵدەدەین ئەو بەیتانە دیاری بکەین کە مەحوی تیایاندا دەستی بۆ پیرۆزییەکان بردووەو شکاندوونی، هەر لە زاهیدو سۆفیو واعیزو قازیو موفتیو تەنانەت پێغەمبەرەکانی ترو بەهەشتو دۆزەخو تا دەگات بە خوداو عەرشەکەشی. بۆ ئەوەی نووسینەکە لەوە درێژترنەکەینەوە، تەنها لەسەر پێغەمبەرەکانو خودا دەوەستینو ئەوانی دی تەنها نموونەیان لە دیوانەکەی مەحوی دەهێنینەوە.

**زاهید:**

**لەڕم دی زاهید ئەم زستانە زانیم**
**کلك نادا بەزپڕنگی بەهار** ل9

**سۆفی:**

**ریشێکی پانو، توکی بناگوێ درێژو لول**
**صۆفی لەدینی لادە بەدیمەن لەجو دەکا** ل25

یان:





**که شێخو واعظو صۆفی بەجەننەت بەن گەدو گیپاڵ**
**دەبێ ئەمسالی ئێمە بۆ جەهەنەم بەن سڕوسپپاڵ** ل192

**شێخ:**

**شێخێ هەموەندێکی دەدا پەندو نەصیحەت**
**ئەو قوڕبەسەرەی دابوە بەر فەحشو فەضیحەت**
**خۆش هاتە جوابو وتی: تۆ حەقتە، فەقەط من**
**قوططاعی طەریقم، نەکو قوططاعی طەریقەت** ل335

**مەلا:**

**دەوری هەرچاوێکی داوە صەد فەوجی بەلا**
**دینو دڵ یەغما دەکەن چاری کەن ئەی شێخو مەلا** ل27

**ئیمام:**

**وامشەوەش بو کە میحرابی برۆتی دی ئیمام**
**ئیذنی خەڵقی دا کەدونیا ئاخیرە، بۆ دێنە نوێژ** ل143

**واعیز:**

**ئەشکەوتی بایەکە دەمی (واعیظ) کەدێتە وەعظ**
**وەقتی سکوتی نەقشی سمێڵی لەقو دەکا** ل27

یان:

**بەداوە وەعظی یو، خۆشی بەتاوە (یاحافظ)**
**لەهەڵقولانە کەلیکی دەمو لچی واعیظ** ل162

**قازی:**

**ئەگەر ئەو شۆخە ساقی بەزمە، باقڵ قاضیو موفەتیش**
**دەبێ بنە قەدح وەرگر لەگەڵ فەتویی (ولا یقدح)** ل103

**پێغەمبەرەکانی تر لە خزمەتی یاردا**

مەحوی هەر بە زاهیدو سۆفیو واعیزو قازیو موفتییەوە نەوەستاوە، لە زۆر شوێندا کەسایەتییە ئەفسانەییو گەورە ئاینییەکانی تر، یان پێغەمبەرەکانی لە بەرامبەر یاردا داناوە، تا وێنەی یاریان بەسەردا بەرزبکاتەوەو لە دواجاردا ئەوان تەنیا وەك کارەکتەرێکی پاسیڤ بێنە ئەم وێکچوواندنەو لەوسەرەوە بە تێکشکاوی بچنەدەرێ، بۆ نموونە دەڵێت:

**ساعیدی دەرکەوتو عالەم بو بە موسایی هەمو**
**موعجیزەی لێی کەدەرخا، جوملە دەبنە عیسەویی** ل318

واتە یار کە دەستی دەرکەوت، خەڵك هەموو وایانزانی دەستی **موسا**یەو بوونە جوو، ئەگەر بێتو موعجیزەی لێوی دەربخات، خەڵك وا دەزانن ئەوە لێوی **عیسا**یە (**کە مردوویەکی بانگبکردایە زیندوو دەبوەوە**) هەمووان دەبنە مەسیحی. دەبینین لێردا یاریکردنە بەدوو موعجیزە، دەمی عیساو دەستی موسا، لەبارەی دەستی موساوە لەقورئاندا چەند جارێك بەنمونە دەستی موسا دەهێنرێتەوە، کەسپی بوەو دروشاوەتەوە:{وَٱضۡمُمۡ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخۡرَىٰ} ئایەتی22ی سورتی طـة، **هەروەها** {وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيۡضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ} ئایاتی 32 الشعراء.

لەبەیتێکی تردا مەحوی یار بە یوسف دەشوبهێنێت:

**لەدڵا بونمت ئەر عارە لەلا، وابکە فەرض**
**ماهی کەنعانی یو ئەم موددە موقیمی چاهی** ل321

واتە ئەگەر بەلاتەوە شورەییە کە بێیتە دڵمەوە، وای دابنێ **یوسفی کەنعان**یتو کەوتوویتەتە چاڵەوە. لەم بەیتەی تریشدا یار، نەك هەردەوری پێغەمبەرێکی تر دەبینێت، بەڵکو دەشیخاتە سەما:





**نەشئە بەخشێکە لێوی مەیگونت**
**هەر بەناوی مەسیحی خستە سەما** ل325

لەبەیتێکی تردا دەڵێت:

**بەدەستی غونچە دەمیٚ، دەستی دا کەبەیعەت بۆم**
**چ ئارەزمە لەدەستی (عیسا) دەمو لە (موسا) دەست** ل71

واتە کە من دەستی خونچە دەمێکم (**مەبەست لەدەستی یارە**) بۆ هەڵبکەوێت، چیم داوە لە دەمی عیساو دەستی موسا (**کە دوو موعجیزەی ئەو پێغەمبەرەن**).

**رەفزکردنەوەی ئیسلامو هەڵبژاردنی دینێکی تر**

مەحوی لە جێگەیەکدا، زۆر بەڕوونی بەیانی ئەوە دەکات، کە ئەم جۆرە عەشقە لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا رێکناکەوێتو مەگەر پەنا بباتە بەر دینێکی تر کە مەسیحییەتە:

**لەگەڵ دەستی مەلا رێ ناکەوێ زونناری زوڵفی یار**
**وەکو شێخ ئیختیاری مەزهەبی (تەرسا) نەکەم چیبکەم** ل231

مەبست لە شێخ، شێخی سەنعانە کە بۆ کچە مەسیحییەك لە دینی خۆی کە دینەکەی مەحوییشە، وەردەگەڕێت بۆ سەر ئاینی کریستیانی، (**تەرسا**)ش دەقاودەق مەبەست لەمەسیحییەتە. بەپێی ئەم بەیتە، مەحوی ئامادەیە دەسبەرداری دینەکەی خۆی ببێت.

**بەهەشتو حۆری.. شایانێکی سووك لە بەرامبەر شیعردا**

مەحوی لە قەسیدەی (**عقد العقائد**)دا، کە قەسیدەیەکی درێژی خاوەن قورسایی ناو بەشە ئاینییەکەیەتی، لە کۆتاییەکەیدا لە دووبارە سوپاسی

خوداکردندا کە توانیویەتی ئەمانە لە شیعردا روونبکاتەوە (**مونتەنظمی نەضمی**) رشتە بوون، مەحوی وەك هەر بەخۆدانازینێکی ناو ئەدەبیاتی کلاسیك، لە بەیتەکانی کۆتایی ئەم قەسیدەیەدا دەڵێت:

**هەر گەوهەرێکی مەهری کورورێکی حوری عین**
**هەر گەوهەرێکی صەد ثەمەنی جەننەتو عویون** ل402

**مەهر**: مارەیی، **کورو**: پێنجسەد هەزار، **ثەمەن**: نرخ، **عویون**: کانی

واتە هەر بەیتێکی ئەم شیعرە وەك گەوهەرێکەو هەر گەوهەرێکیشی مارەیی پێنجسەد هەزار حۆریی بەهەشتە، یان هەر بەیتێکی ئەم قەسیدەیە سەد بەهەشتو کانی دەهێنێت.

**قیامەت بەپێی پارەوە..**

ئێستا دوای ئەم خوێندنەوانە، لەلامان روونە کە مەحوی چەندەها شیعری رەندی هەیە. هەستی جوانیناسی لەلای ئەم پیاوە هێندە بەرزە، کە زمان دەرەقەتی وەسف نایەت، بڕوانە لەیاریکردن بە (**قیامەت**)دا چۆن هەموو جارێك دەیخاتە خزمەت پارەوەو بچووکیدەکاتەوە لە شوناسەکەی خۆی، کە زیاتر لە چواردە سەدەیە خەڵکی پێدەترسێنرێت، لەدوای هاتنی محەمەدەوە پەیڕەوانی ئەم ئاینە لە چاوەڕوانییەکی تاڵی ئەو رۆژە (**قیامەت**)دان، کەچی مەحوی هەر زووبەزوو قیامەت بەپێی پارەوە دەهێنێتو دەبات:

**ئەو شۆخە هەر کەنەعشی منی دی، قیامی کرد**
**چی بم من؟ ئەم قیامەتە هەستا کە من نەمام** ل214

یان:

**بەجێیە، چونکە ئەو هەستا، قیامەت جێ بەجێ هەستا**
**لەچەرخ ئەمشەو، وەکو ئەشکم لەدیدە، داوەری کەوب** ل50





یان:

**دەیوت: قیامەت ئەڵبەتە رومت نیشان ئەدەم**
**رودەرخە، تاکو قیامەت هەڵێ لەڕوت** ل84

**مەحویو خۆکوشتن**

خۆکوشتن وەك پرۆسەیەکی خۆویستی وەستانو وەلام بە وجودی مرۆڤ و رەتکردنەوەی تەنیا شتێك کە بەهۆیەوە خاوەنی هەموو شتێکەو ئەویش (**ژیانە**)، لە زۆر جێو ناوچەو فیکرو نەریتێکدا ئامادەیی هەیە، مێژووی ئەم دیاردەیە لەناو کورددا روون نییە، کەس نازانێت کێ یەکەم کورد بووە کە خۆی کوشتووەو چیی لەپشت خۆکوشتنەکەیەوە بووە؟ بەڵام بە بەراورد بە گەلانی هندیو یابانیو خێڵە ئەفریقییەکان، خۆکوشتن لەناو کورددا لە رێژەیەکی زۆر کەمی هەڵاوێردی لێرەو لەوێ نەترازاوە، لەبەرئەوەی ئەو نەریتە لە بازنەی هەموو ئاینە ئاسمانییەکاندا، لە زەردەشتییەوە (کە ئاینی یەکەمی کورد بووە) تا ئیسلام، شتێکی بێزراو مەکروه بووە. ئەوەتا قورئان بەئاشکرا باوەڕداران لە خۆکوشتن ئاگاداردەکاتەوە: { يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡۚ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا } سورەتی النساء ئایەتی 29.

هەڵبەت هەر دەستهێنانە رێی خۆکوشتنێك، ئەگەر بەدیوێکدا لە هیومانییەتو ژیاندۆستییەوە بێت، ئەوا بە دیوێکی تردا کوشتنی بەشێکە لە ستاتیکای مەرگو کەلەپچەکردنی ئیرادەی مرۆڤە. ئەو دەقانەی کە مەحوی راستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ ئاماژەی بۆ خۆکوشتن تێدا کردووە، گەلێك زۆرە. دیارە ئەو دونیابینییە فراوانو گەورەیەی مەحوییە کە خۆکوشتن وەك

وەستانو پاوسکردنی ژیانێکی بێبەها دەهێنێتە گۆڕێ. لێرە بەدواوە هەولّدەدەین هەندێك لەو بەیتانە دیاربکەین، بەلاّم لە بەرەوە دەبێت لەسەر ئەو مەیلی خۆبەکوشتدانە بوەستین کە لەلای سۆفییەکان ئامادەیی هەیەو لە ئەدەبیاتەکەشیاندا رەنگدانەوەی دەبینرێت.

**عەبدلود بن سەعید بن عەبدولغەنی** دەگێڕێتەوە **"رۆژێك حەلاج لە بەغدا هاتە مزگەوتی مەنسورو وتی: خەڵكینە شتێك لە من ببیستن. ئیتر خەڵكەكە لێی کۆبوونەوە، هەندێك دۆستو هەندێك دوژمن، حەلاج وتی: بزانن کە خوای گەورە خوێنی منی بۆ ئێوە رەواکردووە.. من بکوژن."** گێڕەرەوە دەڵێت من چوومە پێشو وتم: **"یا شێخ، چۆن پیاوێك بکوژین کە نوێژدەکاتو رۆژوو دەگرێتو قورئان دەخوێنێت؟"** حەلاج وتی: **"ئەی شێخ.. ئەوەی کە ناهێڵێت خوێنڕشتن رووبدات، نە نوێژە، نە رۆژووەو نە قورئانخوێندنە، کەواتە من بکوژنو بگەنە پاداشتی خۆتان، تا منیش ئاسوودە ببم."**[11]

بەمشێوەیە سۆفییەکان مەیلی خۆبەکوشتدانیان لە مەیلی خۆکوشتن بەلاوە پەسەندو بلاّوتربووە. با لەم نموونانەی مەحوی وردببینەوە کە تێیاندا حەزی کوشتن بە دەستی یاری تێدا روونە:

**هاتۆتە سەر لەسەرت دا، سەر هەڵبڕە**
**"مەحوی" ئەم ئیشی خێرە لەسەر تۆیە ماوە عەوق** ل184

یان:

13- تصوف اسلامیو رابطة انسان خدا/ نیکلسون- ترجمه د.محمد رضا شفیعی کدکدنی ل72.





**بۆ شوکری جەوری ئەو دوبرۆیە لە قەتڵما**
**هەر بن موێکە میثلی گولی شەصت پەڕ زوبان** ل240

یان:

**دەدەی وادەم بەقەتل ئەمڕۆ، سبەی هیچ**
**ئەتۆ شاهی، چیە وا بێ ثەباتی** ل297

یان:

**سبەینێ وەرنە سەیری کوشتنم وادەم چەها داوە**
**لەسەر وادەی درۆی ئەو نادەم وادە قەت نادەم** ل228

یان:

**کەواتە ئەو شۆخە تیرێکی بە(عمدا) گرتە من "مەحوی"**
**(نمیدانم چ سان ارام بە جا شکرانە خودرا)** ل361

یان:

**بیانو بگرە، شێوەی خۆت بشێوێنە بە من کوشتن**
**وەها چاوی بەدت لێ لادەدەم، بڕوانە چۆنم بۆت** ل77

یان:

**لەحەق بێژی بوە بەحری (انا الحق) هەر قەصدێکم**
**لەباتی جائیزە، واجب گەڕا قەتڵم بکەن واجیب** ل25

یان:

**بە تیر ئەمڕۆ دڕی وا هەرچی پێشهات**
**خودا پێداوە هەرکەس بەر نەظەر کەوت** ل88

یان:

**چاوی لە وەعدەی کوشتنی من چاوی دزیەوە**
**خونکاری وا، دەبێ لەقسەی خۆی نەکا نکوڵ**
**بەم ئیختیصاصە سا سەری من بۆ نەگاتە عەرش**
**هاتو لەسەرمی دا، وتی (ابدا بما یؤول)** ل207

دوای ئەمانە، دەبینیت مەحوی پلەیەك واوەتر لە حەلاج دەڕواتو بیرۆکەی کوشتن بەدەستی خۆی پێشنیار دەکات، لە کاتێکدا قورئان وتویەتی { وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ}و بیریشماننەچووە مەحوی مەلایەکی گەورە بووە، کەچی ئەوەتا دەڵێت:

**بەخۆکوشتن نەجاتی خۆبدە "مەحوی" وەکو فەرهاد**
**لەزۆری قەهرەمانی عیشق، ئەفەندم، هەر ئەجەل بەستە** ل267

**(وحدە الوجود) لە شیعری مەحویدا**

قسەکردن لەبارەی (**وحدة الوجود**)ەوە، هێندە سەختو ئاڵۆزە تا ئەو ئاستەی هەندێك پێیانوایە ئەم هزرە پێناسو تەعریف ناکرێت. لە رووی مێژووییەوە، ئەم فیکرەیە زۆر کۆنە، مێژووی نووسراو لە فەلسەفەی کلاسیکیی یۆنانیدا، قسە لەم لایەنەی یەکبوونی گەردوون دەکات، **ئەفلۆتین** دیارترین ناوە کە لەمبارەیەوە پەنجەی بۆ رابکێشین.

(وحدە الوجود) واتە لە گەردووندا جگە لەخودا هیچ شتێکی تر نییە، یان ئامادەیی خودا لە هەموو شتێکدا. ئەم چەمکە لە گەورەترینو بالاترینو تەمومژاویترین مەسەلەکانی حیکمەتی موتەعالییەو تێگەیشتن لێی، کارێکی





ئاسان نییە. **"دەبێت مرۆڤ تەمەنێك بە عیلمو عەمەل زەحمەت بکێشێت تا خودا کۆمەکی بکات لە ئەسڵی (وحدە الوجود) تێبگات یان نا.. ئەمە نهێنییەکی گەورەیە."**[11]

راستییەکەی جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی بڵێین هەموو شتێك خودایە (**كلُّ شَیءٍ هُوَ اللّه**) لەگەڵ ئەوەی بڵێین جگە لە خودا، هیچ شتێك نییە. وحدە الوجود حەقیقەتی (**لاَ إلَهَ إلاّ اللّه**)یە. رۆحی عیرفان تێگەیشتنە لە حەقیقەتو تێگەیشتنیش لە حەقیقەت، درککردنی (وحدە الوجود)ە.. با تەماشای چەند ئایەتێك لە قورئان بکەین کە لە دەرگای ئەم باسە دەدات: {فَأَيۡنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجۡهُ ٱللَّهِ} **رووبکەنە هەر جێگەیەك، خودا لەو جێگەیە**– البقرة ئایەتی 115. یان { وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُبۡصِرُونَ } **لە کاتێکدا ئێمە لە ئێوە نزیکترین، بەڵام ئێوە نامانبینن**– الواقعة ئایەتی 85. یان { هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ } **ئەو خودایە یەکەمینەو لە سەرەتاوە هەر هەبووە**– الحدید ئایەتی 15.

ئەم هزرە لە مێژووی تەسەوفدا کۆنە، لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی عەرەبیدا تا سەر **محێدین ئیبن عەرەبی** کە لە هەردوو کتێبی (**فصوص الحکم**)و (**فتوحات مکیة**) سیستمازەی دەکات، بەو شێوە بەرچاوو روونە نەبینراوە. دەبێت لێرەدا ناوی **حەلاج**–مان بیرنەچێت. لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی فارسییشدا لای **مەولانای رۆمیو مەحمود شەبستەری** بابەتی بیرکردنەوەو فەلسەفەی روانینە بۆ رۆحی شتەکان. لە خۆرئاواش، لەپاش یۆنانی کۆنو ئەفلۆتین، دەتوانین پەنجە بخەینە سەر ناوی **سپینۆزا**. لەلای ئەو، حەقیقەت جگە لە یەك زیاتر هیچ

---

14– وحدە وجود چیست؟/ www.hawzha.com

شتێكی تر نییە. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین لای ئەم فەیلەسوفە، ئەم باوەڕە دەگاتە رادەیەك كە نەفیی خوداش دەكاتو دەیكاتە پارچەپارچە لەناو شتەكاندا، ئەو شتانەی كە لەبنەڕەتدا یەكێكن.

ئەم (وحدە الوجود)ەی ناو سۆفیگەری لە رۆژئاوادا زیاتر بە **Panthesism** دەناسرێت، كە باوەڕێكە لای وایە خودا لە هەموو شتێكدا هەیەو هەموو كەسو شتێك لەم جیهانەدا بەشێك لە خودای تێدایە. بیروڕاكە دەڵێت خودا هەموو شتێكەو هەموو شتێك خودایە، واتە خوداو سروشت هەردووكیان هەر یەكێكنو هەموو شتێك پیرۆزی خودای هەیە.

ئەو كاتیگۆرییە عیرفانییەی كە دەڵێت (**دوو یەكە**) ئەو یەكێتیبوونە، لای شاعیرەكەی ئێمەش وەك هەریەكێك لەو عارفە گەورانە دەبینرێت:

**لەناوی رۆژو مەه بردن، لەباسی صەدرو شەهكردن**
**مووەحید هەردەبێ یەك بناسێ، هەر لەیەك دەدەوێ** ل313

یان لەم بەیتەدا جوانترو روونتر ئەم فیكرە دەبینرێت:

**لەغەیری وەحدەت لە وجوددا نییە، كەثرەت وەهمە**
**سادە تەكراری یەكە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد** ل113

لەبارەی یەكێتییشەوە (**الأتحاد**) بڕوانە ئەم جوانیناسییەی مەحوی:

**بەوەم زانی لەباغا چقڵی گوڵ هەڵچەقییە داوێنی**
**كە لێرە دڵ لەسینەمدا برینی نەشتەری دێشێ** ل302

**پارادۆكس لە مەحویدا**

ئەو یەقینە موتڵەقەی ئاین دەیداتە پەیڕەوكەرانی، مەحوی تێیدەپەڕێنێتو وەك عارفێكی سەركێشو رۆح نائاسوودەو ناجێگیر، ناتوانێت لەناو ئەو بازنەی دڵنیاییەدا ژیانبكات كە ئاین بۆی كێشاوە.





مەحوی **دیكارت** ئاسا یەكەم هەنگاوی، شكاندنی ئەو دیواری یەقینەیەو دروستكردنی گومانە لە خۆیو لەوانی ترو لە چەمكی ژیانو چەمكی مەرگو چەمكی قەبەكراوی **حەقیقەت**. گومان لە وادەی ژوانو لە هاتنو لە چاوەڕوانی.

ئێمە تەنیا نموونەیەكی بچووك لە گومانو نادڵنیایی مەحوی وەردەگرین لە ژوانی مەعشوقەكەی، سەرەتا با ئەو شابەیتانە بخوێنینەوە، كە لە چاوەڕوانی یاردا نووسراون، ئەو شەوقو هەراو زەنایە ببینینو ببیستین كە وەك خەرمانەیەك مەحوی بەدەوری مەعشوقەكەیدا دەیكێشێت، بۆ ئەوەی لە كۆتاییدا پێیبڵێت: تۆ نایەیت.. یان بێشیت، هاتنو نەهاتنت وەك یەكە.

لە چاوەڕوانییەكی پڕتاسەدا:

**صەبا كردویە وەعدەی گەردی كۆیی، مەگری ئەی دیدە!**
**بەئومێدم جەواهێر سورمە بۆ تۆزی بەصەر لەنوێ** ل316

یان:

**مەحاڵە بێتو ئەو پێ سەرسەرم نێ**
**بەتاجی پادشا ناگا گەدا قط** ل195

یان:

**رێی دا لەقاپیا بمرم، پێشی سەر سەرم**
**نا، واگەدا دەبێ بەخوداوەندی تەختو تاج** ل92

یان:

**وتم: نیازمە بەرپێتی خەم سەرم، فەرموی**
**بەنازو عیشوە: شەهی بۆ گەدا كەنادا دەست** ل70

یان:

**لەتیغی تۆ هەتا "مەحوی" شەرفیابی شەهادەت بو**

**خوێنی بە ئاو، ئیتر لە داوێنت نەما مەحذور** ل130

یان:

**لە وەقتێکا کەرۆحم گەبیە سەر لەب، رۆحی من بە فیدات:**

**دەبێتە رۆحی تازە، ئەو لەبەم گەر بێتە سەر لەب** ل49

یان:

**گەیشتن بەو شەهی عالی مەقامە**

**نیە، فکرم، خەیاڵم خاوە، پێ لەنگ** ل198

یان:

**غائیب لەدیدە، چاوی سەرم، دڵمە پێتەوە!**

**دەستم بەئاسمانەوە، چاوم بەرێتەوە** ل285

یان:

**"مەحوی" بەیادی تۆیە شوغلی کەرۆیوی**

**غائیب لەدیدەبو! بەخودا دڵمە پێتەوە** ل287

یان:

**رۆشن کە چاوی مونتەظیرانت بەگەردی رێت**

**تۆ دێ یو، نوری دیدەیی من دێ بە پێتەوە** ل286

سەرەنجام دوای ئەو هەموو جوانیهۆنینەوەیە لە چاوەڕوانیی یاردا، مەحوی رووەدەکاتە رۆحی خۆیو سەرزەنشتی دەکات کە یار بێتو نەیەت هیچ گرنگ نییە:





**مەبە "مەحوی" بەڕوپێدانی یاری عیشوەگەر مەغرور**

**وەکو دونیا ئەباتێکی نیە ئیقبال و ئیعراضی** ل306

یان مەحوی وەك پیاوێکی تەنیاو بیرکەرەوەیەکی ماتو بێدەنگ، هەم بەهۆی ئەو جۆرە تەریقەتەی هەڵیبژاردووەو پەیڕەوێتییەکەی کە نەقشبەندییەو بێدەنگیو تێڕامانیش، سەنتەری ئەم تەریقەتەن. هەم بەهۆی دونیابینیو جیاوازڕوانینی خۆیو چاوی شاعیرانەو ئەزموونی قورسی لەگەڵ (**تەنیایی**)، ئەم چەمکە سێبەرێکی قورس دەخاتە سەر دیوانەکەو خوێنەر لە هەر سەرێکەوە لێی بڕوانێت، ناتوانێت ئەو هەموو بەیتەی گوزارشت لە خودی پیاوێکی تەنیا دەکات، نەبینێت. ئەوەتا لەشوێنێکدا لە وەسفی رێبواری رێو مرۆڤی تەنیادا دەڵێت:

**رەم دەکا حەتتا لەمیهرو مەهر جونون ئادابی عیشق**

**سێبەری لێ بارە هەرکەس مەیلی تەنهایی دەکا** ل18

کەچی هەر ئەم مەحوییە، ئەم پیاوە تەنیاییدۆستە کە (**سێبەری خۆی لێ بارە**) ئەوەتا لە جێگەیەکی تردا دەڵێت:

**لەکن من ئەصلی نیەو نەبوە عەیشی تەنها خۆش**

**نیە بەهەشتی خودا هەم بەبێ ئەحیبا خۆش** ل152

ئەم بەیتە بەیتی پێشوو رەفزدەکاتەوە بە تەئکیدی (**نییەو نەبووە**) دەڵێت، لەلای من ژیانی تەنیایی نە خۆشەو نە خۆشیش بووە. تەنانەت بەهەشتیش بەبێ (**ئەحیبا**) خۆشنییە.. بەمجۆرە مەحوی ناتوانێت تا سەر، تەواوی شیعرەکانی خزمەت بە گوتارەکەی بکەن، روونیشە کە ئەم دیوانە کۆی کارەکانی تەمەنیەتیو رەنگە ئەزموونو ژیان لەناو خەڵکیدا روانینی مەحوییان گۆڕیبێتو دواجاریش بەهۆی پۆلبەندیی شیعرەکان بەسەر پیتە عەرەبییەکاندا،

ئەم بەیتە کەوتبێتە پاش بەیتی پێشووترەوە، رەنگەو ئێمەیش وای بۆ دەچین، کە راستییەکەی پێچەوانە بێتو ئەم بەیتە زۆر لەپێش بەیتی پێشوودا نووسرابێت، چونکە هەر ئەم مەحوییە بەیتێکی تریشی لە ستایشی تەنیاییدا هەیە:

**سبەینێ (یحشر المرء)ە، براگەل، فرسەتە ئەمڕۆ**

**تەبەڕاڕابن لەمن، با کەس نەبێ حەشری لەگەڵ حەشرم** ل221

**خوداو مەحوی**

لەژێر ئەم تایتڵە فەرعییەدا، هیچ پێشەکییەك نانووسینو راستەوخۆ بە نموونە هێنانەوە لە شیعری مەحوی، دەستپێدەکەین:

**لەبەر داری حەدا من بم، ئەتۆ مەست**

**دەقاضی حەق بڵێ تۆ، (حەق) چ بەردار** ل119

واتە قازی (**خودایە**) ئەوە کەی حەقە؟! تۆ مەستبوویتو من داری حەدم لێدەدرێت؟. مامۆستایانی مودەڕیس نووسیویانە: "**لە نوسخەی (ن)دا نووسراوە (لەبەرداری خودا).**" هەرچەندە ئەوان رایان وایە بەیتەکە وانییە، ئەگەر وابێت، ئەوا وەك شیعرە رەندییەکانی خیامی لێدێت. بەڵام دەستنووسی ئەم نوسخەیەی بەیتەکە، زیاتر لە ئامانجەکەی ئێمە دەداتو بەڕاستی مەحوی لەگەڵ خودایدا دەئاخفێت، جارێك وەك مەعشوقێكو جارێك بەهۆی مەستییەکەیەوە کە پاساوێکە بۆ مەی، دەڵێت ناکرێت لە من بدرێت، لەکاتێکدا مەستەکە من نیمو تۆیت.

**مەتاعی صیدقو ئیخلاصم لەبازاڕی ریاکاران**

**لەسورەی (قل هو الله) دەکەم لەم موشریکستانە** ل278





بەر لەوەی مانای ئەم بەیتە بە تێگەیشتنی خۆمان لێکبدەینەوە، دەبێت ئەو گومانە بخەینەڕوو لە وشەی کۆتایی نیوەی یەکەمی بەیتەکە (**ڕیاکاران**)، بەپێی سەروای نیوەی یەکەمی دوو بەیتی پێش ئەم بەیتە بێت، کە وشەکانی (**بەردا**)و (**ئابا**)یە، کۆتاییان بە ئەلفە، دەبوو ئەم بەیتەش کۆتاییەکەی ئەلف بێت، تا مانای تەواوەتی خۆی بدات. هەرچەندە ئەمە گومانێکە لە نوسخەی دەستنووسەکان کە مامۆستایانی مودەڕیس کۆیانکردووەتەوە، نەك دەستوورێکی عەروزی بێت. چونکە لە عیلمی عەروزدا، چاو دەخرێتە سەر سەرواکان لە کۆتایی نیوەی دووەمی بەیتەکاندا، نەك نیوەی یەکەم. تەنیا مەگەر لەوحاڵەتەدا نەبێت کە شیعرەکە غەزەل بێتو بەیتی دەستپێك، واتە یەکەمی شیعرەکە بێت.

ئەگەر ئەمیش کۆتاییەکەی ببێت، بە ئەلف ئاوای لێدێت:

**مەتاعی صیدقو ئیخلاصم لەبازاڕی ریاکارانا**

**لەسورەی (قل هو الله)دەکەم لەم موشریکستانە**

ئێستا واتای بەیتەکە بەمشێوەیەی لێدێت:

کاڵای راستگۆییو دڵسۆزییم وا لە بازاڕی ریاکارانداو خۆشم لە سورەتی (**قل هوالله**) دەچم، واتە وەك خودا تاكو بێکەسو تەنیام لەناو ئەم موشریکستانەدا.

ئەم سورەتە مەحوی بەهەڵە ناوی هێناوە، راستییەکەی خۆی سورەتی (**الإخلاص**)ە، کە یەکێکە لە کورتترین (114) سورەتەکەی قورئانو سورەتێکی مەککییە. واتە لە بنەما عەقیدییەکاندا بۆ ئیسلام دەورێکی گرنگی هەیەو لە توێژینەوە لە ئیلاهیاتی ئیسلامیدا بۆ قسەکردن لەسەر (**خودا**)، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەم سورەتە، مەحاڵە توێژەر بتوانێت هیچ شتێك لەسەر خودا لە ئیسلامدا بنووسێت. ئەم سورەتە تەنیا چوار ئایەتە کە تێیدا بەیانکراوە {**خودا یەکە***

**نیازی بەکەس نییە* لەکەس نەبووەو کەسیشی لێنابێت* کەس هاوتاو هاوشانی ئەو نییە**}. ئەم خۆشوبهاندنە بەم سورەتە، کە دوو جار خۆشوبهاندنە بە زاتی ناو سورەتەکە (**کە خودایە**).. مەحوی دەخاتە هاوشانی **مەعروفی کەرخی**و **حەلاج**و **بوستامی**یەوەو وەك سەرکێشێکی گەورە تا پلەی کفرو شیرك لە چاویلکەی شەریعییەوە دەردەکەوێت.

یان لە عیشوەی یاردا دەڵێت:

**لوطفیێ بە حاڵی من کە، وتم، ئەو وتی بەقار:**

**تۆ شێخی باخوداو ئەمن شۆخی ناخودا** ل41

واتای بەیتەکە:

وتم رەحمێك بەحاڵی من بکە، کەچی ئەو وتی ئەگەر تۆ شێخێکی خواپەرستیت، من خواشم نییە. چونکە پێشگری (**با– نا**) لەزمانی فارسیدا وشەکەی دوای خۆیان موسبەت یان نەفی دەکەن. کە لەپێش وشەی خوداوە، ئەم پێشگرە (**با**) هات، واتە لەگەڵ خودا یان خوداپەرستو ئەگەر ئەم پێشگرە (**نا**) هات، بە مانای کەشتییەوانیش دێت. وەك مامۆستایانی مودەرپیس بۆی چوون، بەڵام ئەم مانایە بۆ ئێرە گونجاو نییە. بەڵکو رێكو راست ناخودا: مانای بێخودا یان لەخودانەترس دێت. کە ئەمەش جارێکی تر بۆ زاتی خودا شیاوە، چونکە (**شۆخ= معشوق= خودا**) خوداش خودای نییە تا لێی بترسێت، ئیتر تۆ بە چی دەیترسێنیت.

سەرنج لەم بەیتەی خوارەوە بدەن، مەحوی چۆن عەرشی خودا (**جێگەیەك کە ئەو لەسەریێتی**) سووکدەکاتو وایلێدەکات بە ئاهی ئەوو بێکەسانی دی دێتە لەرزە:





**با زۆری بێ بەکەم مەگرە ئاهی بێ کەسان**

**بەم سروە بایە عەرشی خودا دێنێتە ئیهتیزاز** ل136

**مەحویو ئیبلیس**

کە مێژووی سۆفیگەری دەخوێنیتەوەو لەگەڵ ژیانی سۆفییەکان تێکەڵ دەبیت، بەر شتی سەیرو سەیرو بڕوای ناوازەو عەجیب دەکەویت، کە لەگەڵ لۆژیکی دینەکەدا نایەتەوە. (**ئیبلیس**) کە تەنیا فریشتەی نەفرەتکراوەو وا ناسێنراوە تا رۆژی قیامەت خەڵك فریودەدات، ئەم شەیتانە بەو وێنە ناشیرینەی کە ئاینی ئیسلام داوێتی، کەچی ئەوەتا لای هەندێك لە سۆفییەکان جێی رێزو خۆشەویستی بووە.

نوری رەشی ئەو، لە بەرامبەر نوری سپیی محەمەدیدا دادەنرێت. سۆفییەکان لە هەندێك جێگە بەرگرییان لە ئیبلیس کردووەو پێیانوایە کە سوژدەی بۆ ئادەم نەبردووەو لە عەشقی راستەقینەی بۆ خوداوە بووە. چونکە عاشقی راستەقینە جگە لە مەعشوق، سەر بۆ کەس دانانەوێنێت. هەندێکیان بەدروستی نازانن کە نەفرەت لە شەیتان بکرێت، وەك **شێخ ئەبوقاسم کورەکانی** (کە سۆفییەکی گەورەی سەدەی پێنجەمی هیجری بووەو لە رووی رێزەوە ئیبلیسی بە **خواجەی خواجەکان** ناوبردووە،) **سهیل بن عبدلله تستری200 – 283 ه**، دەڵێت: "**بە ئیبلیسم وت دەربارەی تەوحید قسە بکە، هاتو بە شێوەیەك لەبارەی تەوحیدەوە قسەیکرد، کە ئەگەر عارفەکان لەوێ ئامادەبوونایە، پەنجەی حیرەتیان لە زار دەنا.**" لەبارەی نوری ئیبلیسیشەوە،

**حەسەن بەسری** دەڵێت: **"گەر ئیبلیس نوری خۆی دەربخات، هەموو دروستکراوەکان رووی تێدەکەن‌و وەك خودای خۆیان دەیپەرستن."**[11]

بڕوانە مەحوی لە شیعرێکدا چی دەڵێت:

**بەدەرسی من نەش (والشمس) پاری طەلعەتت ئەمساڵ**

**ئیجازەم دە موتاڵاکردنی (واللیل)ی خەطط‌و خاڵ** **ل**201

دیار (**الشمس**)و (**اللیل**) دوو سورەتی مەککیی دوابەدواییەکی قورئانن‌و مەحوی لێرەدا جارێك وەك مەجازی تاریکی‌و رووناکی بەکاریهێناون‌و جارێکیش وەك پێچوواندێکی رووی یار (**یار لێرەدا ئیبلیسە**) بە سورەتەکانی (**الشمس**)و (**اللیل**). مەحوی دەڵێت بە کاری منی نەخوارد (**الشمس= رووناکی محەمەدی**)ی یار، ئەمساڵ روخسەتم بدە موتاڵای (**اللیل=نوری سیاهی ئیبلیس**) بکەم. هەر لەم شیعرەدا، چەند بەیتێك خوارتر رووەدەکاتە خوداو پێیدەڵێت:

**چ خۆشە بەم هەموو عیصیانەوە یارەبی بمبەخشی**

**ببەخشە، بگرە دۆزەخ خۆڵەمێشی کەم بوو یەك مسقاڵ** **ل**203

دەبینیت مەحوی خۆی دەزانێت کە ئەمە (**عیصیان**)ە، بۆیە داوای بەخشین دەکات‌و بە تەنزێکیشەوە دەڵێت چیی تێدایە، با من نەسووتێنیت، ئەو پەڕەکەی دۆزەخ تۆزێك خۆڵەمێشی کەمتر دەبێت.

هەر لەبارەی نوری سیاهی ئیبلیسەوە، بە مەجاز مەحوی لە جێگەیەکی تردا دەڵێت:

**تیرەگی وا فەضڵَی بۆ نادەم بەسەر روناکییا** **ل**258

15- تصوف اسلامیو رابطة انسان خدا/ نیکلسون- ترجمە د.محمد رضا شفیعی کدکنی ل142





بەکورتی، ئێمە نامانەوێت بڵێین مەحوی شەیتانپەرست بووە یان وەك ئەو سۆفییانەی پێشتر ناوهێنران، بەرگریی لە (**ئیبلیس**) کردووە، **نەخێر**.. تەنیا بە بڕوای خۆمان، مەحوی گەیشتووەتە پلەیەك لە تەسەوف کە توانیویەتی حەقیقەتی (**نوری ئیلاهی، نوری محەمەدی، نوری سیاه**) ببینێت‌و هێنانەوەی ئەو نموونانەشمان، هەر لەو سۆنگەیەوە بووە.

**ئەنجام:**

ئەم نووسینە، ویستی بڵێت هەموو ئەوانەی خوێندوومانەتەوەو بەریکەوتین، بەر لەوەی بخرێتە بەر پرۆسیسی هەڵوەشاندنەوەوە، شایەنی پێداچوونەوەو جارێکی تر خوێندنەوەن. لە رووی تەمەنەوە مێژووی مەحوی‌و مێژووی کتێبەکەشی هێند کۆن نییە، مردنەکەی مەحوی بەحاڵ خۆی دەدات لە سەد ساڵ‌و عومری کتێبەکەشی، وا لە سی ساڵدا. تا ئەوەی ئەو هەموو هەڵەگۆییە لەوە درێژترنەکەینەوە، دەکرێت بچینەوە سەریان‌و لە چاپێکی نوێدا، تا کاك محەمەدی مەلا کەریمیش لە ژیاندایە، شەرحی ئەو کتێبە راستبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت‌و ئێمەی خوێنەریش لەوە بگەین کە ئەو شەرحانە، جگە لە دەستگردنێکی سەرەتایی بۆ تێگەیشتنێکی سەرپێی شیعرەکان، ناتوانن رێوانی هیچ رێیەکی تر بن، بەتایبەت گەر شاعیرەکە خاوەن رێیەکی قژقژ بێت بۆ چوونە ناو قووڵاییەکی تر.

**2008**

# شـــــــار
# و
# قـــەحبـە

ئەم وتارە، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی وێکچووناسانەی
شارو کارەکتەری لەشفرۆش

حەقیقەتێکی کرۆنۆلۆژی شەرەفی بوونی لەپێشتر دەداتە قەحبەو شار لەو ریزبەندییەدا دەخاتە دواتر. زەحمەتە بەدروستی مێژووی دیاردەی لەشفرۆشییمان چنگبکەوێت. پێناچێت مرۆڤی سەرەتایی بۆ پڕکردنەوەی غەریزە سێکسییەکانی خۆی لە بەرامبەردا، شتێك یان چەند شتێکی دانابێت، ئاخر ژیانی ئەو کاتە هێندە جەنگەڵییانە بووە کە جۆرێك لە عەدالەتیی کۆمەڵایەتیی تێدا بینراوە. ژیانێك لە شوێنی خەوی هاوبەش، خواردنی هاوبەش‌و کاری هاوبەش پێکهاتبێت، کەسێك لە کەسێکی دیکە باڵاتر نەبووە. لەم قۆناغەشدا زەحمەتە ململانێ دروستبووبێت. ململانێکان لەو جێگەیانەدا هەن کە جیاوازی هەیە. لە حاڵێکی وادا، ناشێت من‌و تۆیی هەبووبێت‌و لە بەرامبەر وەرگرتنی هەندێك چێژدا، شتێك لە دەرەوەی جەستە بەخشرابێت، چونکە بۆ خۆی سێکس پرۆسەی بەخشینێکی دوولایەنەیە بەیەکتر.

لە قۆناغی دایکسالاریدا، بەو پێیەی هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان پێچەوانەی ئێستا بوون، رەنگە ژن **عاشق**‌و پیاو **مەعشوق** بووبێت. لە وەها کاتێکیشدا کە مرۆڤ پێگەیەکی باڵای لەوانی دیکە چنگدەکەوێت، بەتایبەت گەر پێگەکە جێگەیەکی پڕشکۆو شوێنی مومارەسەکردنی دەسەڵات بێت، ئەوا ئیتر ناکرێت‌و نابێت هەڵبژێردراو بێت، هێندەی عەرشەکەی دەخوازێت خاوەنی هەڵبژاردنەکان بێت.

لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا کەم نین ئەو شازادانەی خوازبێنیی کوڕەوەزیر دەخەنە لاوەو دەکەونە داوی سەپانێکەوە. رەفزکردنی مەعشوقییەت‌و بوون بە





عاشق، هەر بە تەنیا باسوخواسی دڵ نییە. شازادەی ئێمە بیری نەچووە ئەو لە عەرشێکدایە کە دەکرێت شتەکان بە مەیلی خۆی بن. بیرکردنەوە لە مێژووی قۆناغێکی ئاوا، خەیاڵی بوونی قەحبە لەو سەردەمەدا تەرەدەکات.

دواتر ئایینەکان چونکە زادەی بیری پیاو بوون، ژنیان بە شێوەیەکی نیمچەفەرمی هێنایە ناو کایەکەوە. سەردەمانێك ژنە لەخواترسەکان، لە پەرستگاکاندا لەگەڵ پیاوە بیانی‌و غەریبەکاندا دەنوستن‌و پارە یان حەقکاریی ئەو نوستنەشیان دەدایەوە پەرستگا، تا خودابەخشی بۆ خۆیان حاسڵبکەن. واتە لە قۆناغێکدا گوتاری ئایینی، سێکسی وەك کلیلی چوونەبەهەشت سەیرکردووە. کەچی ئێستا هەر گوتاری ئایینی، سێکس وەك کلیلی چوونەدۆزەخ سەیردەکات! . بەهەرحاڵ، سێکس لەوساو ئێستاشدا (**رەنگە بۆ داهاتووش**) پڕفرۆشترین کەرەستەو دێرینترین‌و بەتەمەنترین پیشەیە کە گرەنتیی بۆ سەدان ساڵی تر وەرگرتووەو تا ئەو شوێنەی غەریزە هەبێت، بازاڕی ئەم پیشەیە گەرمە.

ئەگەر میترۆو فڕۆکەخانەو دەزگا گەورەو زەبەلاحەکانی دیکە پێشمەرجی شار بن، ئەوا ئامادەگیی قەحبەو بوونی قەحبەخانەکان دەبنە مەرجی پێشینەتری شار.

نەك وەك جێگەیەك کە شوێنی مومارەسەکردنی وەحشیترین‌و بەتامترین غەریزەکانی مرۆڤەو تەواوی دەزگاکانی شار بۆ خزمەتی ئەو مرۆڤەن. بەڵکو بۆ ئەوەی شارەکان بەهۆی ئەو جێگەیانەوە خۆیان بپێون تا بزانن لە چ ئاستێکدا شارن؟ بوونی (**قەحبەخانە**)یەك لە (**شار**)ێکدا وەك پێدانی ئاوێنەیە بە دەستی هەردووکیان. ئەوان ئەو کاتە دەتوانن بزانن چەند لەیەك دەچن.

ڕۆیشتن بۆ ناو شارو ڕۆیشتن بۆ لای قەحبە، هەر لەو ڕووەوە لەیەك ناچن کە هەردووکیان تێچوون (**In Put**)ن. چوونە ناو شارو خۆئامادەکردن بۆی، هیچی وای کەمترنییە لە خۆسازدان بۆ ژوانی سێکسێك. ئەگەر لە سەفەری شاردا، موسافیر ڕێکپۆشیی پێویست بێتو پاساوی ئەوەی هەبێت، شارەکان ئەتەکێتلیینو شەقامە پانەکان هاوشاری پۆشتەو پەرداخیان دەوێت. ئەوا لە چوون بۆ ئەوی دیکەیاندا، مشتەری هەمان خۆڕازاندنەوەو عەترلەخۆدانی دەوێت. عەترەکان هەمیشە لە کەمالیاتە پێویستییەکانن کە قەحبەکان گەرەکیانە. عەترویستیی ئەوان لە هەستی چێژدۆستیو کەپووی پاکیانەوە نەهاتووە، بەڵکو بە دیوێکی دیکەدا هەوڵێکە بۆ خۆدەربازکردن لە بۆگەنێك کە لە دڵیانەوە فوارەی گرتووە. عەتر دەتوانێت بۆ ساتێکی کەم گەر ئەو بۆگەنەش وننەکات، لەگەڵ ژووری هەڵڕژاوو ڕوتەڵیاندا تەڤلهەڤ ببێتو مشتەریی چارەکێك خۆی بگرێتو کاس نەبێت.

شارەکان کە خۆلڕێژەکانی خۆیان هەمان بۆگەنیان پێ حەلنابێتو خاوەنی شار کە لای وایە ئەو بۆنی زبڵو پاشەڕۆیەو لە شاری دیکەوە، کۆمەڵێك کەسی دیکە دەیانهێننو ناویدەنێت (**ژینگەپارێز**). بەبێ بەراوردکردن بونیام دەتوانێت بزانێت ڕۆڵی عەترو ڕۆڵی ژینگەپارێز، چەند لەیەکەوە نزیکنو هەردووکیان (**عەترو ژینگەپارێز**) لە ناخەوە باوەڕیان بەوە هێناوە، ئەوەی ئەوان دەیکەن، کاری نەکردەیەو نە شارو نە قەحبە، خاوێنبوونەوەو بۆنبڕانیان شتێك نییە بە ئەوان چارەسەربکرێت.

کاتێك سۆزانییەکان دڵڕەقن، بە تەنها ناکرێت هەر بۆ ئەوە بچین کە ئەمە دەرئەنجامی بێئەڤینییەو ئەوان خۆشەویستی ناکەن. ڕاستییەکەی ئەو کارەکتەرە بەڕێزانە خۆشەویستییان کردووەو دەیکەن، ئەوەی قەحبە





پێیناوێرێت **عەشقە**، نەك **خۆشەویستی**. قەحبەکان هونەرێکی گەورەیان هەیە کە هونەری خۆنواندنە بەوشێوەی دڵی تۆ دەیەوێت. چەمکێك ئەوان ئیشی لەسەر دەکەن، چەمکی (**مەیلدان**)ە، نەك توانەوەو سووتان. بۆیە لێرەوە دەبێت بزانین کە (**سۆنیاو دالیا سیراجەدینو ماریا**) کە نمایندەی دەستی خێرن، ئەوانە کچگەلێکی بێڕۆحی ناو تێکستەکانی (**دۆستۆیڤسکیو بەختیار عەلیو پاولۆ کۆیلۆ**)ن. ئەوانە لە دەرەوەی کتێب، نە لە ژیاندا هەنو نە کەس بەریانکەتووە.

ئاخر پێشمەرجی گەورەی ئەو پیشەیە، ئەوەیە مرۆڤ یادەوەریی خۆی تەڵاقبدات، لەبیری خۆی بەرێتەوە، تا ئاستێك دەستبەرداری ئەو شتە ببێت کە پێیدەڵێن (**ڕابردوو**). کەس نییە یەکەمین بەریەککەوتنی لەگەڵ جەستەی قەحبەیەکدا بەبیر نەیەتەوە، کەچی زۆر زەحمەتە ئەو بەڕێزە بیری بێت کە لەگەڵ تۆ خەوتووە. بەم سەنگە، شار تەرازووی خۆی لەگەڵ سۆزانیدا ڕاستدەکاتەوە، کە ئەویش ناتوانێت بیری کەس بکات. شارەکان هەموو شتێکیان هەیە، یادەوەری نەبێت. ئەوە چیرۆکنووسەکانن یادەوەریی شارەکان دەنووسنەوەو دروستیدەکەن، ئەگینا بۆ خۆی یادەوەریی شارەکان، خاڵیو تۆزاوییو پڕ لە هیچە.

جارێك **جەمال غەمبار** لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێیوتم: "**بۆنی بەیانیانی دوکەڵکێشی ماڵەکانی ئەم شارە**(جەمال غەمبار کە لە ئوستڕالیا دەژی) **دەمباتەوە بۆ ساڵی (1979)ی گەڕەکی مەڵکەندیو بۆنی داری سووتاوی ناو زۆپاکان.**" دیارە جەمال غەمبار لە ئاستێکی قووڵی گەڕانەوەیەکی نۆستالۆژییانەوە دەتوانێت ئەو ڕۆژانە بگێڕێتەوە ناو خەیاڵیو لەگەڵیاندا بژی،

کەچی ئێستا نە مەڵکەندی غەمبار دەناسێتەوەو نە بەدڵی سلێمانییشدا جەمال ختورە دەکات.

شارو قەحبە کاتێك ناتوانن یادەوەرییان هەبێت، واتا ناتوانن وەفایان هەبێت، لێرەوە بێوەفایی نیشانەیەکە کە دەتوانین شارەکان‌و سۆزانییەکانی پێبناسینەوە.

رەنگە ئەسڵی ئەم خۆفۆرماتکردنە، لای قەحبەکان لەوەوە بێت کە دەستی یادەوەری، دەستی ئیشەکەیانی گرتبێت. راستییەکەی لێرەدا نابێت بکەوینە ئەو هەڵەیەوەو لامان وابێت سۆزانییەکان بۆ هەتاهەتایە دەستبەرداری رابردوو بوون. بەپێچەوانەوە، ئەوان یادەوەریی خۆیانیان هەڵگرتووە، بەڵام لەگەڵیدا ناژین‌و ناچنەوە سەری. کاتێك ئەوان چوونەوە سەر ئەو رۆژانەو ئەو کەسانەو ئەو رووداوانە، ئەوا ئەوان لە کارەکتەرێکی لەشفرۆشەوە دەگۆڕێن بۆ کارەکتەرێکی شەریف. چونکە خاڵی بیرکردنەوەو هێنانەوەکایەی رابردوو، خاڵی کۆتایی ئەو پیشەیەیە. ئاخر مرۆڤ لەوە بێتواناترە لە یەککاتدا لەگەڵ خۆیدا بژی‌و یەك وڵات پیاویش بچنە بەینی رانەکانی‌و بێنەدەر.

نموونەی ئەو سۆزانییە شەریفانەی ناومانهێنان، ئەو کەسانەن دەیانەوێت خۆیان تێبپەڕێنن، بەڵام وەك وتمان دواجار لە کچی ناو تێکستێك زیاتر نین‌و رۆژێك ئەوەیان بۆ ناکرێت پەڕەکان جێبهێڵن‌و بێنەسەر ئەرزی واقیع.

(**جوانی**) وەك سیفەتێکی تەمەنکورت، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کۆمەکی گەورەی فرۆشی سۆزانییەکان‌و هاوکاریی بەردەوامی سۆزانییە رۆحزلەکانە. لەنێو ماڵ‌و دیسکۆو جێگەکانی ئەو پیشەیەدا، ئەوانەی چانسی فرۆشی سێکسێکی زیاتریان هەیە، ئەوانەن کە خاوەنی کەمێك جوانی‌و هونەرەکانی خۆڕازاندنەوەو فریودانن. شارەکان ئەم ململانێیە لە فۆرمێکی دیکەدا





نمایشدەکەن: پاکڕاگرتنی شەقام‌و شاڕێگەکانی شار، سپیڕاگرتنی پل‌و پوز وەك راڕەوێك بۆ جێگەیەکی دیکە، بەرزکردنەوەی تەلارەکان بۆ ئاستی سەرسوڕمان‌و گێژبوون، بەرزکردنەوەی سمت‌و سنگە بۆ ئاستی راوەستان‌و فیکەکێشان.

بەڵام دواجار کاتێك جوانی وەك سیفەتێکی عومرکورت شارو قەحبە جێدەهێڵێت، ئیتر ئەوکات هەردووکیان دەخاتە کۆستێکی گەورەو بەدەستی ساردی فەرامۆشییان دەسپێرێت.

رقی **پاریس** لە **ئەمستردام‌و پراگ** لە **ستۆکهۆڵم**، رقی دوو کۆنە پایتەختی جوانی دونیان (**کە هێشتا ویقاری خۆیان وننەکردووە**) لە دوو شاری نوێ‌و تازە کە تاجی جوانییان لەوان سەندووەتەوە. ئەم قینە لای لە شفرۆشە کۆنەکان (**ئەوانەی مامۆستای تەکنیکەکانی سوێ بەدڵداکردنن**) ئامادەگیی هەیە بەرامبەر بە کچۆڵانێك کە تازە هاتوونەتە سەر سفرەی حازری‌و تاجی جوانییان لەسەری ئەوان داکەندووەو بوونەتە دیوارێکی زبرو بەرز لەنێوان مشتەری‌و سۆزانییە پیرەکاندا. یان راستتر ئەوان دەرگایەکن کە مشتەرییەکان بە رووی دۆستە کۆنەکانیاندا دایدەخەن، دەخوازن هەرچی زیاترە مومارەسەی چێژی جوانی بکەن لە باوەشی سۆزانییەکی تازەکاردا. وەك چۆن گەشتیارەکان شارە زل‌و کۆنەکانی دونیا جێدەهێڵن‌و دەیانەوێت لە ئامێزی شارە نوێ‌و مومارەسەنەکراوەکاندا رێستێك وەربگرن.

شارە کۆنەکان‌و سۆزانییە پیرەکان، هەردووکیان پێویستیان بە بیرکردنەوە لە خۆیان هەیە، ئەگەر شارە کۆنەکان ماستەرپلانێکیان هەبێت‌و چەند ئەندازیارێکی دڵسۆز بیانەوێت ئەو شکۆو ویقارە بگێڕنەوە بۆی، ئەوا سۆزانییە پیرەکان بێکەسترین‌و بێپلانترین مرۆڤەکانی دونیان کە دەبێت خۆیان ئامادەبکەن لە تەنیایی‌و لەسەر تەختەخەوێکی رەق ئیتر بمرن.

**2007**

# هەڵخزانی زمان
# و
# گێڕانەوە بۆ ناو تێکست

خوێندنەوەیەك بۆ چیرۆكی (پێداچوونەوەی چیرۆكێكی كۆن)ی كاروان عومەر كاكەسوور

هەڵبەتە خۆدان لە قەرەی چیرۆك، مرۆڤ دەخاتە ناو توناوتونو ڕێگومکییەیەك کە ئەگەر دەلیلێکی باشی چیرۆکناسیت نەبێت، ئەوا بە کۆتاییەکی سەرگێژکەردا ڕادەبوریو هیچێکی وا جێناهێڵێت. چیرۆك هاتەکایەوە بۆ ئەوەی قاڵمانکات جارێکی کە بە ڕابردوودا پەلکێشمان بکات. ڕووداو گەلێك لە یادەوەریدا زیندووبکاتەوە، کە ڕەنگە ئەم زیندووکردنەوەیە جگە لە ئاسوودەگییەکی ڕۆحی، مۆتیڤێکی باشی ژیانکردنی ئێمە بێت لە داهاتوودا.

چیرۆکو ڕۆمان وەکو دوو ژانری ئەدەبی، پەیوەندیەکی دیالیکتیکییان لەگەڵ زانستی کۆمەڵناسی هەیە، تا دەگات بەوەی ڕەخنەگرێکی چیرۆکی وەك **میشێل زراخا** بڵێت: "**چیرۆکنووس کۆمەڵناسە لە واقیعدا، کۆمەڵناسێکی زەینییە.**" هەر ئەم دوو ژانرە لە سەردەمێکدا (بە ئێستاشەوە)، کەناڵێکی ڕاستگۆی گێڕانەوەی مێژوو بوون لە ڕابردووەوە بۆ نەوەی نوێ. ئیشەکانی **گۆنتەر گراس**و **هەمەنگوای**و **ئیلیش ماری ریمارك** نموونەیەکی باشی ئەو ڕاستییەن، ئەمە بەتەنیشت ئەوەوە چیرۆکو ڕۆمان سەردەمێك دەستێکی باڵایان لە پەروەردەکرندی خەڵکو گردکردنەوەیان لە دەوری گوتارێکی ئایدۆلۆژی هەبووە.

لەسەر ئەم تاپیە، چیرۆکی کوردییش هەوڵی داوە ئەو ڕۆڵە ببینێت، ئیدی تا چەندە سەرکەوتو بووە، ئەوەیان بابەتێکە کە دەبێت لێکۆڵیارەکانی چیرۆك لێی بدوێن نەك ئێمە. ڕاستییەکەشی چیرۆکی کوردی بەتایبەتیو ئەدەبی کوردی بەگشتی، خاوەنی قەیرانو کێشەی خۆی بووە. لەپێش هەمووشیانەوە،





چیرۆکی ئێمە ئەو قۆناغە ڕیزپەڕ دەکات کە چیرۆکی فەرەنسی یان ئینگلیزی پێیدا تێپەڕدەبێت.

هەتا سەرەتای شەستەکان، چیرۆکی کوردی لە حیکایەت بەئاسانی جیاناکرێتەوە، لە حەفتاکاندا سێیانەی (**موپاسانی**) پەیڕەودەکات کە (**سەرەتا، گرێچنی، کۆتایی**)ە. لە حەفتاکان بەرەوژوور، جۆری گێڕانەوە، دیالۆگی شانۆییانە، زمانی گێڕانەوەو هەتا دەگات بە پاڵەوان، جۆرێك لە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

لە سەرەتای هەشتاکاندا، قۆناغێکی تری چیرۆك لەسەر دەستی **شێرزاد حەسەن** دێتە کایەوە، کە کاریگەرە بە چیرۆکی خۆرئاوایی، یان باشتر بڵێین بە ستایلی خۆرئاوایی نوێ. لەبەرئەوەی خودی شێرزاد ئینگلیزیزانێکی باشەو ڕۆژانی نووسینی ئەو قۆناغەش، ڕۆژانی لێڵو تاڵو شەڕو ئاشوبن، ئەمەش مۆنتێڤێکی تری دروستبوونی ئەو قۆناغەیە کە کۆمەڵگەی کوردی لەنێوان پێشکەوتنی نوێو دەستبەرداربوونی کولتووری گونددا، تووشی شۆکێکی خێرا دەبێت.

نابێت لە یادمان بچێت، ساڵانی هەشتا ساڵانی ڕووخاندنو کاولکردنی لادێکانو دروستکردنی (**شار**)ن، کە هەر بۆ خۆی لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە ئەو ژینگەگۆڕینەی خەڵك بەو خێراییە، لەبەردەم کۆمەڵێك قەیراندا ڕایاندەوەستێنێت کە جودایە لە قەیرانەکانی دوێنێی، بۆیە پێویستیی بە زمانێکی جودایە لە زمانەکەی دوێنێ کە لە گرفتێکی نوێی پێبدوێت، کە جارێکی تر جیاوازە لە قەیرانەکانی پێشوو. ئەمانە وادەکەن چیرۆك بەئاگا یان نائاگا، وەکو حەتمییەتێکی سۆسیۆلۆژی ئۆتۆماتیکییەن گۆڕان بەسەر خۆیدا بهێنێت. لە (**گوڵی ڕەش**)ی **شێرزاد حەسەندا** پاڵەوان تێکدەشکێت، هەزار

جار وردو خاش دەبێت، کە ئەمە تا رادەی شۆڕش گۆڕانێکی رادیکاڵە لەگەڵ چیرۆکی بەر لە خۆی، کە پاڵەوان وێنەیەکی خودایی بە خۆی دەداتو ئەم وێنەیە بەردەوامدەبێت تا چیرۆکنووس لە دوا دێڕی چیرۆکەکەیدا، ئیعلانی فیکرەی خۆی دەکات، کە ئەو رۆژانە یان رازو رەمزو خەونی ئازادی بووە، یانیش گرێیەکی عاتفیی سادە.

لە نەوەدەکاندا ئەگەر نەڵێین هەمووی، ئەوا بەشێکی زۆری ستانداردەکانی چیرۆك کە تا ئەو دەمە ئێمە ناسیبوومانو چیرۆکنووسەکان ئێمەیان لەسەر راهێنابوو، تێکدەشکێت. ئەمەش جارێکی تر بەهۆی ئەو گۆڕانە خێراو گەورانەی لەو دەیەیەدا روودەدەن لەسەر ئاستی تەکنیکیو زانستی، دواتر بەهۆی ئەو گۆڕانە سیاسییەی جڤاتی کوردی کە دەڤەری ئێمە دەگرێتەوە، ئەدەبیاتی گەلان خێراترو زووتر پێماندەگات. بەهۆی کرانەوەو سەفەرەوە، دەخوێنینەوەو ئەدەبیاتی خۆمان بەراورد دەکەین، پرسیار زۆر دەبێت، ستایلە نوێکانی نووسین خۆیان دەکەن بەناو نووسینی کوردیدا، میتۆدی رەخنەیی نوێ دەبێتە سەرچاوەی خوێندنەوەکانی رەخنەگر، هەر خودی زمانی ئاخافتنمان دەگۆڕێت. لێرەوەیە ئەوەی دەبێت رووبدات، روودەداتو نووسینی ئێمە لە رووی فۆرموماناو زمانەوە، بەتەواوی خۆی دەگۆڕێت.

لەو نێوەندەدا، چیرۆك هەلی نوێبوونەوەی دەستدەکەوێت، کە هەر سیفەتەن چیرۆك بەدوای پەنجەرەیەکدا دەگەڕێت تا لێوەیەوە زووتر لە هەر ژانرێکی تر، شتی خۆی بگێڕێتەوە. رەنگە چیرۆك وەکو کچێکی عەیار حەزبکات هەرچی زووترە لە بەرگو فۆرمی نوێی مۆدێل ئاگادار بێت.

**کاروان عومەر کاکەسوور** لە چیرۆکی (**پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن**)، وەکو چیرۆکنووسی دەیەی نەوەدەکان (لە دەرکەوتندا) جیهانێك دەخوڵقێنێت





کە پێویستی بە لەسەروەستانو وردبوونەوەیە. جیهانی ئەم چیرۆکە جیهانی نیمچەواقیعو نیمچە فانتازیی سالآنی نیوەی یەکەمی حەفتاکان بۆ سالآنی نیوەی دووەمی نەوەدەکانە. راستییەکەی مرۆڤ کاتێك وشەی واقیع لەسەر ئەم چیرۆکنووسە دەنووسێت، پێویستی بە زاتێکی تایبەتە، چونکە خوێنەر نازانێت هەر راستییەکەی پیاوێك هەیە بەو ناوەوە؟ یان ئەویش فەنتازیایەکی ناو چیرۆکێکی خۆیەتی. هەرچۆنێك بێت، خەیاڵی ئەم نووسەرە خەیاڵێکی فراوانو قژقژو درێژە، کە بەتەنیشت زمانە ئەفسووناویسەکەیەوە، رووداوەکان وادەکەن مرۆڤ سەری بەرزبکاتەوەو بڵێت تۆ بڵێیت من لەو دونیایەدا بژیم، کە ئەو نووسەرە گێڕانەوەی تێدا دەکات؟ ئەم چیرۆکنووسە شاعیرانە هەمیشە بیرماندەخاتەوەو پێماندەڵێت کەمێك هێمنتر رابورە، با هەرچی زۆرترە هەست بە جوانیی دەورووبەرت بکەیت.

### گێڕانەوە

قورسیی تێدا نییە ئەگەر بڵێین لەم چیرۆکەدا بە مەبەستو بەبێ مەبەست، گێڕانەوە گێڕانەوەیەکی سادە نییە. خوێنەر بە یەك جار خوێندنەوە بزانێت کە چیرۆکەکە لە دەمی کێوە دەبیستێت، ئەمە خۆی تایبەتمەندییەکی چیرۆکی **کاروان کاکەسوورە**، کە دەیەوێت هەرچی زۆرترە ئەو پەیوەندییەی خوێنەرو تێکست چڕبکاتەوە، بۆ ئەمەش پشت بە گێڕانەوەهایەکی تێکەڵ دەبەستێت کە زۆرجار چیرۆکەکە لە دەمی کارەکتەرێکەوە دەبیستین، کە خۆی دژی یان هەواداری رووداوەکانەو دواجاریش بە شێوەیەکی سیستماتیکی، هەموو گێڕانەوەکان خزمەت بە کۆی فیکرەکە دەکەن کە گەیاندنی چیرۆکەکەیە بەویدی (کە خوێنەرە).

لەم چیرۆکەدا، حیکایەتخوانی گەورە یان ئەوەی پێیدەڵێین (**بگێڕی هەموو شتزان**) ئامادەیی هەیە لە سەرەتاوە تا بەر دەرگای رووداوەکانو لەوێ جێماندەهێڵێتو چیرۆکەکە دەداتە دەست کارەکتەرەکان، خۆ ئەگەر لە شوێنێك کارەکتەر حەقی تەواوی نەدایە چیرۆکەکە، یان زمانی کارەکتەر لە ئاستی رووداوو شتەکاندا زمانێکی لاواز بوو، ئەوا حیکایەتخوانی گەورە چیرۆکەکە وەردەگرێتەوەو لە گێڕانەوە بەردەوامدەبێت.

هەرچەندە وەکو تارماییەك ئەم حیکایەتخوانە تا کۆتایی ئامادەییەکی ناڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بڵێت بە شێوەیەکی گشتی خوێنەر چیرۆکەکە لە خودی کارەکتەرەکان وەردەگرێت تا لە حیکایەتخوانی گەورە.

ئێمە لەناو ئەم چیرۆکەدا دوو چیرۆك دەخوێنینەوە؛ چیرۆکێکیان (**ساسە**) لە تەمەنی (18) ساڵیدا نووسیویەتیو باس لە دابەزینی کچێك دەکات لە گەراجێکدا لە رۆژێکی ساردا. ئەم چیرۆکەی ناوناوە ( **گەراجی بەستەڵەك**)و چیرۆکی دووەم ژیانی خودی ساسەیە، کە ئەگەر بەهۆی دیاریکردنی کەشوهەواوە نەبێت، کە لەیەکێکیاندا زۆر گەرمو لەوی تریاندا زۆر ساردە، ئەوە نازانین کە یەکەمیان چیرۆکی ژیانی ساسەیەو دووەمیان ئەو چیرۆکەیە کە ساسە نووسیویەتی. بە شێوەیەکی گشتییش، ساسە لە هەردوو چیرۆکەکەدا راوییە.

لە دووەم لاپەڕەی سەرەتای چیرۆکەکەوە، چیرۆکنووس بە کەسی دووەمی تاك دەستپێدەکات: **" لە پڕ وەستایت.. جانتاکەت لەنێوان هەردوو قاچی رووتت دانا..."** هەر لەو پەرەگرافەدا گێڕانەوە بەشێوەی (**M ix**) لە کەسی دووەمی تاکەوە بۆ کەسی سێیەمی تاك دەگواسترێتەوە، واتە هاوشوێن گێڕانەوەیەکی تری تێکەڵ دەبێت: **"بەفری چلەی زستانی ئەم دێرینە وردە**





**قژیو پالتۆ رەشەکەی وەکو سەرجەم شتەکانی ئەو دەوروبەرە دادەپۆشێت."** کە ئەمەیان گێڕانەوەی ساسەیە. دواتر دوای ئەو ئاوێزانو یەکدی باوەشکردنەی ساماڵو دڵشاد، پاش ئەوەی لە رێی گێڕانەوەوو یادخستنەوەی بە کەسی دووەمی تاکەوە، ئەو وێنەیە دەهێنێتە پێشچاومان، خۆشی لەو دیمەنە رۆمانسیەدا بەشدار دەبێتو بە ساسە دەڵێت: **"هەندێك خۆت دابنەوێنەو بەئەسپایی روومەتت بخەرە سەر شانی، با قژت دەموچاوی داپۆشێت."**

حیکایەتخوانی گەورە میکانیزمی ئاگایی خۆی نادرکێنێت، ئەو بە ئێمە ناڵێت ئەم هەموو وردەکارییە چۆن دەزانێت؟! بەڵام دەستی بە دەستی کارەکتەرەکانیەوەیەتیو لە رێنماییان بەردەوامە: **"ئێستا دەگەیتە سەر شەقامەکە... لەوێ بەدەستی چەپدا پێچبکەوە... دەزانم ئاسان نییە دوای بیستوحەوت ساڵ هیچ شوێنێك بناسیتەوە، بۆیە خۆم هەنگاو بە هەنگاو رێنماییت دەکەم."**

حیکایەتخوانی گەورە پەیوەندییەکی توندوتۆڵو خێزانیی لەگەڵ کارەکتەرەکان هەیە، تا دەگات بەوەی لە هەندێك شوێندا سەرکۆنەی کارەکتەرێك دەکات: **"رەنگە ئەمە پاساوهێنانەوە بێت بۆ کزبوونی یادەوەریت، یان بۆ بێتوانایت لە ناسینەوەی جێگەدا... هەر ئاوا بوویت... هەرگیز بەئاسانی رێگەکانت نەدەدۆزییەوە."** راستییەکەی ئەگەر خوێنەر دادوەری لەم کێشەیەدا بکات، ئەوا حەق نادات حیکایەتخوان، چونکە خوێنەر دواتر بۆی روونەبێتەوە کە پاڵەوانەکەی ئێمە، نە یادەوەریی کزەو نە بێتوانەشە لە ناسینەوەی جێگەشدا، بەپێچەوانەوە ئێمە بەهۆی یادەوەریی ئەوەوە کۆمەڵێك سەرەداوی گرنگی چیرۆکەکەمان چنگدەکەوێت. بەڵام کێشەی گەورەی پاڵەوانی ئێمە لەم

چیرۆکەدا، بەشی کۆتایی قسەکانی حیکایەتخوانە (**نەدۆزینەوەی ڕێگەکان**). دواجار ئەمەش وادەکات چیرۆکەکە تانوپۆی خۆی بنەخشێنێتو شتێك لە هەناوی خۆیدا گەورەبکات کە ناوی دەنێین کۆدی چیرۆکەکە.

لەو نێوەندەدا، وێنەگواستنەوە بە شێوەی (**Cut**) دەگوازرێتەوە بۆ لای کارەکتەرێکی تر، کە پێشتر بەکەسی سێیەمی تاك (**ئەو**) قسەمان لەبارەیەوە کرد، کە کات جیاوازەو شوێن هەمان شوێنی ئێستای چیرۆکەکەیە، "**دەوروبەرەکەش هەر وەکو ئەوسا ماوەتەوە... تا ئێستاش لەوێ بەفر دەبارێت.**" ئەو ڕستەیە ڕستەیەکی ڕابردووی بەردەوامە، ئەم بەفربارینە هەمان شوێنی خۆرەتاوە کە لە کاتێکی تردا کارەکتەرەکەمان تێدا دەژیا، چیرۆکنووس یارییەکی خێراو ئاڵۆز بە شوێنکاتی چیرۆکەکە دەکات.

حیکایەتخوانی گەورە لە هەندێك شوێن خۆی یاسایەك دادەنێتو دواتر لە شوێنێکی دوورتر، هەر خۆی کارەکتەرەکان ناچارو مەحکوم بەوە دەکات کە ئەو یاسایە قبوڵ بکەن، وەکو لە دیالۆگی نێوان (**د. یاسەمین ئاکرەیی**)و سامالدا دەڵێت: "**وەکو من بیزانم مەسەلەکە لە سایکۆلۆژیادا وا لێکدەدریتەوە کە کچان لەزەت لە گەرمای هاوینو کوڕان لە سەرمای زستان دەبینن.**" دواتر لە باسو ناساندنی کەسێتیی **دڵشاد**دا، لەسەر زمانی سامالەوە دەڵێت: "**ڕقی دونیای لە گەرما بوو... زستانی لە ڕادەبەدەر خۆشدەویست.**" ئەوە لە کاتێکدا پێشترو لە باسی ڕۆشتنی سامالٚ بەسەر قیرە گەرمەکەدا، دەڵێت چەند نەشئەت لەو گەرمییە وەردەگرت.. ئەمە ئەگەر بەدیوێکدا دروستکردنی هارمۆنییەتێك بێت لە تێکستەکەدا، ئەوە بە دیوێکی تردا کۆنترۆڵکردنی هزری کارەکتەرەکانو کوشتنی هەر بیرکردنەوەیەکە جیا لە بیرکردنەوەی نووسەر. چ دەبوو سامالٚ بەو هەموو شازییەیەوە مەیلی لە سەرماش بکردبایە؟ یا نەدەبوو کاتێك بەسەر





ئەو قیرە داخەدا دەڕۆیشت، بیر لە بەفر بکاتەوە تا ڕادەی لە گۆکەوتنو تەزین؟!

نزیك بە ناوەڕاستی چیرۆکەکە، لەسەر ئاستی گێڕانەوە گۆڕانێك ڕوودەداتو کارەکتەری سەرەکیی سامالٚ وەکو ئەوەی کاتی خۆی هاتبێت، دەست بە گێڕانەوە دەکات: "**ڕۆژی وا هەیە چوار وشەم لەگەڵدا ناڵێت... هەر بە (سامالٚ) بانگم دەکاتو پێم ناڵێت (ساسە)... هەستدەکەم بەلاوەی ناوم.**" ئەم گێڕەرەوەیەمان کە سامالە، ڕووداوەکان بە ئامانەتییەوە دەگێڕێتەوە، ئەو ئەگەر پاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکەکەیەو ئێمە ژیانی ئەو دەخوێنینەوە، کەچی هێشتا هێندە ڕێز بۆ خوێنەرەکەی دادەنێو هۆشیاریی ئەوەی هەیە لە ڕووداوی حەمامەکەدا، پێیوایە وانەبێت. بۆیە دەڵێت: "**کاتێك هاتە دەرەوەو بە قژی تەڕەوە بۆ ژوورەوە چوو، نەمویست بڕوانم... بۆنی (سابوونی جەمال)و شامپۆی لوتیان کزاندمەوە... حەمامەکە هاڵاوی لێ هەڵدەستا... ڕەنگە هەر لەبەرچاوی منیش وابووبێت.**"

ئەم گەمەی لەیەکدی وەرگرتنە لەنێوان گێڕەرەوەکانی ئەم چیرۆکەدا بەردەوامدەبێتو لە جێگەیەك حیکایەتخوانی گەورە وەکو پێزانینو هەستکردن بە بوونی خوێنەرێکی بەتاسو تامەزرۆ، دێت ڕاوێژێك بە خوێنەرەکانی دەکات، لەسەر داڕشتنی زمانەوانی لە دێڕێکدا دەیەوێت ڕای خوێنەر وەربگرێت، "**ئەرێ بۆ لە جیاتی هەردوو وشەی (سوور سوور) تەنها وشەی (تۆخ) بەکار نەهێنین.....؟! یاخود بۆچی نەڵێین برینەکان قووڵتر دەبن، چونکە لەو تاریکییەدا ئاسان نییە ڕەنگەکان ببینیت تا بتوانی لەیەکدییان جیابکەیتەوە.**"

تەناف ڕەقو ئەستوورو وێکچواندنی بە کلکی تیمساحو سیفەتی گەرمیو گرتنو ختوکەدان، ئەمانە بەلای ئێمەوە پێویست ناکات وەکو کۆدێکی عاسی

سەیربکرێت، زیاتر لەوەی کە هەموویان ئاماژەن بۆ ئەندامی نێرینەی پیاو. خۆفڕێدانە خوارەوەکەی سامالێش لە سەربانەوە بۆ خوارەوەو بۆ لای باوکیو رووتکرنەوەیشی، بەپێی راڤەکردنەکانی فرۆید بۆ خەون، ئەم حاڵەتە جگە لە گرێی ئەلکترا کە مەیلی سێکسیی کچە بۆ باوکی، هیچی دیکە نییە. کاتێك ئەمەمان زیاتر بۆ پشتڕاست دەبێتەوە کە ساسە بەڕووتی دوای باوکی دەکەوێتو دایکی قژی دەڕنێتەوەو دەڵێت بگەڕێوە ساسە ئەگینا خۆم دەکوژم.

بەڵام مەسەلەی خۆهەڵدانەخوارەوەی ساسە لە سەربانەوە بۆ خوارەوە، فرۆید پێیوایە حاڵەتی لەم شێوەیە لەلای ئافرەت جگە لەوەی لە رووی ئیقاعەوە لە ئیقاعەوە، لە تەکنیکی سێکس دەچێت، لەسەرەوە ← بۆ خوارەوە ئاماژەیەکیشە بۆ لە خشتەبردنی سێکسی کە دواجار ئێمە خۆمان لە چیرۆکەکەدا پێیدەگەین، وەختێك دەبینین ساسە لەلایەن فەرمانبەرەکانەوە دەستدرێژیی سێکسی دەکرێتە سەر. دروستکردنی ئەم خەونە لە بەراییدا، ئاماژە نەستییەکانی نووسەرە بۆ ئەوەی بڵێت ئەم پاڵەوانە کچێکی دەستدرێژی لێکراوە.

مرۆڤ لە دیالۆگی نێوان دڵشادو سامالەوەو لەو کاتەدا کە دڵشاد باسی چیرۆکەکانی سامالٚ دەکات، تێدەگات کە پاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکەکەی ئێمە (**ساسە**)، کچێکی تەنیاو ئازادو یاخیو عەبەسییە، ئەوەتا دڵشاد پێیدەڵێت: **"هاتوویت باسی بۆقو مارو نازانم چیو چیمان بۆدەکەیت، بۆ ئەوەی پیشانمان بدەیت کە مرۆڤیش وەکو ئەوانە."** وێکچواندنی مرۆڤ بە بۆقو مارو مێروو، سیمبولی هزرێکە کە ژیان دەخاتەوە سەر پوچێتی. ئەمانەش جارێکی تر بەلگەی ئەو مەعریفەو هۆشیارییە فەلسەفییەن کە لەلای (**ساسە**) هەیەو





چیرۆکنووس لە بەرامبەر فکرێکی هیومانیو ئیرادەگەریی وەکو فیکری مارکسی دایناوە. ئەگەر خوێنەر یادەوەریی ئەوەی هەبێت کە سالآنی ئەم چیرۆکە، سالآنی گەشونماو کەفوکوڵی ئەم ئایدیایە بوو لە کوردستان.

هەندێك جار وێنەی سینەمای دێتە ناو گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، کە تەکنیکێکی تا رادەیەك نوێی چیرۆکی کوردییە. بەهۆی ئەم گرتانەوە خوێنەر دەکارێت زووتر بچێتە ناو چیرۆکەکە، وەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەبینرێت، کە هەست دەکرێت ئەم گرتەیە بە کامێراو لە گۆشەی راستی کارەکتەرەکان لە زەوییەوە بۆ سەرەوە گیراوە، کە کامێرا دەیەوێت بڵێت لە باکگراوندی وێنەی مەبەست وێنەیەکی دی هەیە تۆ دەتوانێت چاوتی لەسەر بکەیتەوە، کە وێنەیەکی کۆنی هاوسەرێتیی ساڵی پەنجاکانی دایكو باوکی دڵشادە، **"خۆی هێمن نیشاندا کە کاسەکەی تا ئاستی وێنەی دایكو باوکی بەرزکردەوە، کە بەقەدی دیوارەوە هەڵواسرابوو، هاودەم بە ئاماژەی دەموچاو تێیگەیاندم منیش وابکەم... لێوی کاسەکانمان لەیەك دا."**

دوایەمین گێرانەوە لەم چیرۆکەدا (**سەنیەخان**) دەیگێڕێتەوە، کە من وا مەزەندە دەکەم خودی حیکایەتخوانی گەورە هەر (**سەنیە خان**) بێتو ئێمە لە سەرەتاوە چیرۆکەکە لەدەمی ئەوەوە ببیستین، **تا** گێڕانەوەکانی سامالٚ هەم لە رووداوەکانی خۆیو هەمیش لەو چیرۆکەی کە لە تەمەنی (18) ساڵیدا نووسیویەتی بەناوی (**گەراجی بەستەڵەك**). ئەوە ئەو چیرۆکەیە یەکەم نیوەدێڕی چیرۆکەکەی ئێمەی پێ دەستپێدەکات: **"لە گەراج دابەزی ....**" لەم چیرۆکەدا گێڕانەوە لە هەندێك شوێن حاڵەتێك دروستدەکات، لە موزیکدا بە (**کۆنتراپۆینت**) ناوزەد دەکرێت، واتە چەند گێڕانەوەیەك بەخەلفی یاریدەی

گێڕانەوە سەرەکییەکە دەدەن. بەمشێوە قژقژو تەڤلە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە بە ستاتیکایەکی بەرزو لە سکێچێکی پڕ رووداودا، کۆتایی دێت.

## زمان

ئێستا ئەدەب پرسیاری تەقلیدیو وێرانی بۆ نووسینی بەلاوە ناوەو ئیش لەسەر پرسیاری چۆن نووسین دەکات، کە زمانیش رەگەزێکی گەورەو گرنگی ئەو چۆنێتییەیە کە رەخنەگری ئەدەبی لەسەری رادەوەستێت. گرنگیی زمان لە پڕۆسەی نووسیندا دەگاتە ئەو رادەیەی هەندێك فەیلەسوف بوونگەرایی لایان وایە کاتێك شتێك دەنووسرێت، وشەکان دەلالەت لەشتەکان ناکەن، بەڵکو وشەکان خۆیان بوونی شتەکان دەخوڵقێنن. واتە لەگەڵ نووسیندا شتەکان دێنە بوون. نامەوێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرەتا میسۆلۆژییەی کە پێیوایە سەرەتا تەنها وشەکان بوون، بەڵام ناتوانین باز بەسەر ئەو فەلسەفەو کتێبخانە گەورانەدا بدەین کە باس لە ماهییەتو گرنگیی زمان دەکەن.

زمانی نووسینی ئەدەبی لەلای ئێمە لە هەشتاکانەوە بە پڕۆسەی خۆنۆژەنکردنەوەدا تێدەپەڕێتو تا ئێستاش بەردەوامە، زمانی ئەم چیرۆکنوسە (**کاروان عومەر کاکەسوور**) زمانێکی ئەفسوناویو عەجیبە، خوێنەر هەناسەسوار دەکات، ئەو شیعرییەتی نووسین لەیاد ناکاتو هەندێك جار مرۆڤ هەست دەکات تێکستێکی شیعری دەخوێنێتەوە.. ئەو لە رێی وێنەکانییەوە روداوەهایەك دەگێڕێتەوە، کە خۆی لای وایە هەر وەزیفەی زمان ئەو وێنانەیە: "**لە نووسیندا شتێك نییە بەناوی زمانەوە، بەڵکە شتێك هەیە بەناوی وێنەوە، بۆیە زمانی رۆشن واتە وێنەیەکی ساکار. ئەو وێنەیەی لە هەموو کاتو شوێنێکدا دەتوانین زۆر بەئاسانی بیهێنینە بەرچاومان.**" چیرۆکنووس بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ





زمانی ئەم چیرۆکەدا دەکاتو وەکو خۆی دەڵێت بە وێنەی ساکار دەنووسێت، نەك بە زمانی ساکار، کە چیرۆکنووسانی کورد هەر خوێنەریان لەسەر زمانو فۆرمی سادە پێ راهێناوە.

کاروان لە رۆمانو چیرۆکەکانیشیدا هەمیشە پنتێك بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت، تەنانەت لە رۆمانی (**مامزێر**)دا دیالۆگێکی نێوان دوو کارەکتەر بە خاڵ جێدەهێڵێتو لێدەگەڕێت خوێنەر خۆی ئەو دیالۆگە تەواوبکات، هەروەك لەم چیرۆکەشدا هەموو شتێك دەربارەی کارەکتەرەکان نادرکێنێت، چونکە ئەو دەزانێت کە ئەوە ئیشی خوێنەرە وەکو پارچەیەکی تر لە تێکست.

ئەوەتا چیرۆکنووس هیچمان دەربارەی چارەنووسی (**دڵشاد**) پێناڵێت لە رێی هەندێك ئاماژەوە نەبێت وەکو قەڵادۆشکانکردنی ساسە لەلایەن دڵشادەوەو ترسی ساسە لە پەڕینی سەری بە پانکەکەو قسەنەکردنی ساسەو دانبەخۆداگرتنی بۆ ئەوەی دڵشاد هیچی بیرنەکەوێتەوە: "**دەتەوێت بەدەنگێکی تێکەڵ لە ترسو نازی کچانەوە بڵێیت کورە دامگرە هەتیو خەریکە باڵەکانی ئەو پانکەیە سەرم دەپەڕێنێت، بەڵام خێرا فریای زمانت دەکەوێت.**" یان "**پێویست ناکات باسی ئەو پانکەیە بکەیتو بڵێیت خەریکە باڵە تیژەکانی سەرت دەپەڕێنێت.**" چیرۆکنووس ئەم ئاماژانە دەدات بۆ ئەوەی خوێنەر بیربکاتەوە لەوەی ئەگەر ساسە باسی سەرپەڕین بکات، دڵشاد یەکسەر دایكو باوکی بیردەکەوێتەوە کە بەهۆی تێوەگلانیان لە سیاسەتەوە، رۆژانێکی بەر لە ئێستا سەریان پەڕێنراوە.

لە رێگەی ئەم پەرەگرافەی خوارەوە، نموونەیەك لەو شێوە گواستنەوەیە دەهێنینەوە کە زمانکارایی تێدا دەنوێنێت:

**"تایە پلاستیکییەکان جارجار لە قیرەکە گیردەبن... بۆت راناکێشرێت.. هەڵیدەگریت.. وەکو منداڵ دەیکەیتە باوەشتەوە.. بەبێ ویست دەیگوشیت بە خۆتەوە.. ئەویش توندتر دەتگوشێت.."** گوشینی یەکەم گوشینی جانتاکەی ساسەیە بەخۆیەوە، بەڵام گوشینی دووەم گوشینی ساسەیە لەلایەن دڵشادەوەو کە دیمەنە پۆرنۆگرافییەکەی دەستپێدەکات. ئەم یاریکردنە بە چاوگی (**گوشین**)، کلیلێکی باشی دەرگاری پەرەگرافی دواترە، کە ئەگەر وانەبێت رەنگە لای خوێنەر گواستنەوەی ئەم دوو وێنەیە بە شێوەی (**Cut**) کەمێك زبر بێت.

هەندێك جاریش لەم چیرۆکەدا، چەند وشەیەکی دژبەیەك لە رستەیەکدا کۆدەبنەوە کە دواجار لە یەکەی مانا دەدەنو دەیشێوێنن وەکو ئەم دێڕەی خوارەوە:

**"جوانترین دیمەن لای من ئەوەیە، کاتێك یەکێکیان بەسووکیو زۆر لەپڕ شەپازلەیەك بە پشتی مانگای بەدەمیدا دەکێشن."** دیارە هەردوو وشەی (**بەسووکیو لەپڕ**) بەیەکەوەو دوابەدوای یەكو لە رستەیەکدا نایەنو ئەگەر هاتن، ئەوا رێسای رێزمانی تێکدەشکێنن، چونکە هەریەکێك لەو دوو وشەیە، بۆ وەسفی حاڵەتێك بەکار دێن کە پێچەوانەی یەکترین. کاتێك وتمان (**سووك**) واتە هێواش، کە وتیشمان هێواش، واتە خێرا نییە، کە خێرا نەبوو، (**لەپڕ**) نییە، چونکە لەپڕ کارێکە لەناکاوو لە رووی زەمەنییەوە، لە خێراییدا دەکرێت.

بەکارهێنانی ئەم دوو وشە دژبەیەکە لەم رستەیەدا، پارادۆکسێك دروستدەکات. ئەم هەڵانە هەندێکجار دەپەڕنە ناو کۆی فیکرەکەو لەوێشەوە بۆ گێڕانەوە، وەکو پرسی خواردنەوەی دڵشاد، کە ساسە دەیگێڕێتەوە: **"ئەو بەردەوام ویسکیو شەمپانیای دەخواردەوە."** لە کاتێکدا خوێنەر دەزانێت لەم





کاتەدا دڵشاد خوێندکارەو لای سەنیە خانی پوری دەژی، کە ژنێکی هەژارەو خۆی کاردەکاتو تەنانەت لە جێگەیەکدا ساسە ئاماژە بەوە دەکات کە سەنیە خان لە خەڵکی تریش هەرزانتر قژی کچان دەبڕێت. خواردنەوەی دڵشاد بەردەوامو شەوانە لەوماڵەدا، بەتایبەتییش جۆرێکی گرانبەهای وەکو **ویسکیو شەمپانیا،** جۆرێك لە خەوش دەخاتە چیرۆکەکەوە، هەر لەدوای ئەوەوە دڵشاد دەڵێت: **"من تێناگەم چۆن کتێب بەبێ خواردنەوە دەخوێنرێتەوە."** ئەم رستەیە ئەگەر ساماڵ بیوتبایە، رەنگە باشتر بووایە، چونکە کچێکی خەیاڵییەو شاعیرانە دەژی، بەڵام دڵشاد لەم چیرۆکەدا نوێنەری ئایدیای کۆمۆنیزمەو مرۆڤێکی واقیعییە. ئەوەتا لە جێگەیەکدا بە ساسە دەڵێت، تۆ نابێت لە چیرۆکەکانتدا بڵێیت (**روودەدات**) دەبێت بڵێیت (**من دەیکەم**). بۆ کەسێکی ئاوەهاو لە سیاقێکی ئاوادا، دروست نییە کتێب بەبێ خواردنەوە نەخوێنێتەوە. راستییەکەی من حەزناکەم محاسەبەی کارەکتەری ناو چیرۆکێك بکەم، بەڵام خۆ دەکرێت چیرۆکنووس کەمێك بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ لۆژیکی چیرۆکەکەدا بکات.

نامەوێت لەمە زیاتر بابەتەکە درێژبکەمەوە، چونکە دواجار ئەمە هێندەی خوێندنەوەیەکی خێراو سەرپێی ئێمەیە بۆ ئەم چیرۆکە. هێندە شرۆڤەکردنو وردبوونەوەیەکی میتۆدی نییە.

**2006**

## ژیان

## شەڕێکی ئەبەدییە

## لەگەڵ پێکەنین

**خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانی (کەوتنەخوارەوەی گورگێک)ی**

**ئیسماعیل حەمە ئەمین**

زۆرجار روویداوە، رۆماننووسە جیهانییەکان رۆڵی مێژوونووسێکیان گێڕاوەو ئەو رووداوو بەسەرهاتانەیان تۆمارکردووە، کە بەسەر خۆیانو کۆمەڵگەو خاکیاندا هاتووە. دیارە ئەم مێژووە دەقاودەق مێژوویەکی واقیعی نەبووە، هێندەی ئەوەی جیهانێکی ئافریدەکراوی نێو بیری رۆماننووسەکە بووە. کەواتە لەژێر کاریگەریی جیهانبینیەکانی نووسەرەکەدا، خۆی چنیوەو لەدواییشدا، وەك رۆمانی (**تەپڵی تەنەکە**)ی **گۆنتەر گراس** بە رۆمانێکی سەرکەوتوو ئەژمارکراوە.

(**کەوتنە خوارەوەی گورگێك**)ی **ئیسماعیل حەمەئەمین** دەکرێت لەو دیدەی سەرەوە لێی بڕوانین، کە ئیشکردنی ئەو رۆمانە گەڕانەوەیە بۆ سەر مێژوویەکی تا رادەیەك نوێی میللەتێكو گێڕانەوەی چیرۆکی گەمەی دەسەڵات لە وڵاتێك کە عێراقە: "**چیرۆکی ئەو مرۆڤانە، هەمیشە بێزارمان دەکەن. بە نووسینەوەی قوتار دەبین لەو بێزارییە – ل312.**" میکانیزمی ئەم گێڕانەوەیەش، مێژووی تایەفەیەکە کە (**تایەفەی سەربڕاوان**)ە. ئەم تایەفەیە راستەوخۆ سەربڕاوی گەورە سەرپەرشتی دەکات کە باوکی عەزیز و شێرزادە "**من سەربڕاوێکی ئەبەدیمو دەمێکە وەکو هەموو کوردێکی راستەقینە بە تۆبزیو زۆرداری بە درەختەکانی ژیانەوەی جۆلانە دەکەم – 43.**" عەزیز کۆپییەکی مۆدێرنتری باوکێتیو شێرزادیش کە تەواوی باسەکان لەوەوە دەبیستین، کوڕە بچووكو کۆنە فەرمانبەری تاپۆو شارەوانیو کۆنەشیوعیو بزاوترین کەسایەتیی ناو رۆمانەکەیە. رۆمانەکە مێژوویەکی تۆمارکردووە کە ئێمەیەك تێیدا تەنها بینەر





بووین، بینەرێك زۆرجار لە ترساندا یان لە دیماگۆجیبوونماندا، دەستمانگرتووە بە چاومانەوە. یان رەنگە جاڕزبوونمان بووبێت لە رەنگی سوور کە رەنگی خوێنە: "**کورد لەگەڵ یاریی خوێندا پەیدابووە ئەوانەشی ئەو یارییە نازانن، دەچنە ریزی نێچیرەکانەوە – ل 192.**"

هاوکێشەی راوکەرو نێچیر، قوربانیو جەلاد، هاوسەنگیبوون هەڵناگرێتو دەمانخاتە بەر رقێکی هێستریو شەڕێکی پڕدۆڕاوییەوە بەرامبەر ژیان: "**ئەفسەرەکەمان وتی ئەمە بۆنی شەڕێکی ئەبەدییە بە مێژووی کوردەکانەوە نووساوە، بۆنی ئەو کوردانەیە کە بڕیارایان داوە لەسەر جێگە نەمرن– 23.**" زمانی ئەم تێسکتە، زمانێکی هێندە شیعریی بەهێزە، خوێنەر سەرسامدەکات. ئیسماعیل تەواوی دێڕەکانی رۆمانەکەی شیعراندووە، بۆیە خوێنەر لە خوێندنەوەیدا چێژێکی ستاتیکییانە وەردەگرێت. "**دەفتەرەکان باسیان لە قریشکەیەك دەکرد لە چێژەوە خۆی بە مینای پەنجەرەکانەوە هەڵواسیوە، قریشکەیەك مردنی لەنێو رەنگی پەمەیی، مردنە لەنێو مەدارەکانی مرۆبوونی لە رینەوەکانی توندوتیژییەکانی هەڵمێك لە ساتە بێزراوەکانمان، توندوتیژییەك لە هەموو وشەیەکی پیرۆزییدا خۆی پاڵخستووەو بەم قیژەیە لە توندوتیژی، لە وەحشییەتی رەنگ قاوەیی دوورماندەخاتەوە. شێرزاد ئەم دێڕانەی دەخوێندەوە کە لە دەفتەرێکدا باسیان لەو قریشکانە دەکرد بەنازەوە بەنێو ژیاندا تێپەڕ دەبن، شێرزاد لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕێکدا، هەستی بەو قیژەیە دەکرد، بە پەخشانی وت ئەوە قریشکەی سەر جێگەکانی پرشنگ بوو – 310.**"

سیستمی پەترياريكو حوكمی نێرانەو مانەوەی دەسەڵاتی باوكو كوڕ، دەمانبەنەوە بۆ سەردەمی تەوتەمو تابۆو درێژبوونەوەی ئەو چیرۆکە

ئەنترۆپۆلۆژییە، تا ئەو رۆژگارانەی رۆمانەکەی تێدا نووسراوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەم رابردووە دوورە لە فۆرمێکی جیاواز و ناشیرینتر لەلای ئێمە خۆی دووبارەدەکاتەوە. ئەوەتا لەم رۆمانەدا سەربڕاوی گەورە بە یەکێك لە کوڕەکانی دەڵێت: **"تۆ بەشێکی لەو هەیبەتو دەسەڵاتەی لەدوای مردنم بۆ ئێوە وەك میراتییەك دەمێنێتەوە – ل192."**

سروشتی مرۆڤ سروشتێکی پڕ جووڵەو بزێوییە، گەڕانو گەشت لە دەرەوەی خولیا پڕکردنەوەی، کەلێنێکی قووڵو ئاسوودەییەکی دەروونییە، میتۆلۆژیا بێ نموونە نییە لەو پاڵەوانو گەڕیدانەی بە هەر کلۆجێك بێت، هەڵاتوونو شوێنی ژیانیان گۆڕیوە. هەر لە سیزیفو سیندیبادو هەرقلو گەلگامێشەوە، تا دەگاتە کۆنترینیان کە ئەفسانەی ئادەمو حەوایە. **هیوا قادر** لە (**سەفەرنامە**)دا دەڵێت: **"رەنگە هێزێك خودایەك بەشی تەواوەتی مرۆڤی نەدابێت لە کاملێداو پێیوتبێت مرۆڤ بڕۆ بگەڕی بە نێرکو گوڵو گەڵای درەختەکاندا بگەڕێ، نوقسانییەکانی تۆ لەناو نهێنییەکانی ئەواندایە ، دەنا نیوەی بەشی جەستەی تۆ کە نوقسانە و بێبەرییە لە نەمری، لەناو نهێنیی گەڵاکانو بۆنو بەرامەی تاڵیو ترشیی ئەوانەدان، بڕۆ کاملّیی خۆت لە رێی گەڕان بەدووی ئەواندا فەراهەم بکە."**

ئادەم و حەوا ئیدی ئەو خەلیقە ساویلکەو گێژە نین، تامی ژیان تەنها لە قۆخو سێوە ئاڵەکانی بەهەشتەوە وەربگرن.

لای ئیسماعیل حەمەئەمین، ئادەمو حەوا بۆیە سەرکێشییان کردووە، تا باج بدەن نەك بە پێچەوانەوە: **"خواوەند گوێی لە ئادەمو حەوا بوو، لەسەر زەوی بە بەختەوەرییەوە دەڵێن ئیدی ئێمە سەربەستین، قوتار بووین لە جیهانی رێکوپێکی بێزاریو بەبێ دوودڵیو جووڵەی گێلانەی بەهەشتەکان – ل336."**





چڵێیەکانی ئادەمو حەوا، گەڕانەوە بەنێو تونێلە تاریکەکانی وجوددا بە مەشخەڵێکی یاخییەوە، گەڕانێکە خاڵییە لە یەقینێکی سەهۆڵیو لێوانلێوە لە گومانی گەرم، گەڕانێکی پڕ لە غرورو باوەڕبەخۆبوونە: **"گوێی لێبوو دەڵێن هەموو شتە ناتەواوەکان بە دەستی خۆمان تەواودەبنو دروستدەکرێن – ل136."**

دیارە سینکسیش رەگەزێکی سەرەکیی نووسینە لە هەر ژانرێکی ئەدەبیدا بێت، بەتایبەتییش لە چیرۆكو رۆماندا. لای ئیسماعیل حەمە ئەمین دیمەنە پۆرۆنۆگرافییەکان بە مەبەستی ئیغراکردنو جەزبکردنی (راکێشانی) خوێنەر خۆی نەنووسیوەتەوە. بەڵکە بە تەنیشت شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژییانەی کەسێتیی ژنو پیاوی چەپێنراوی رۆژهەڵاتەوە نووسراوە، عەشقە شێتانەکەی شاعیرو حەبی خرتێن. پەیوەندییە رۆمانسییەکەش، شێرزادو پرشنگ، دەستتێکەڵکردنەکەی سەربڕاوی گەورەو پور لیمۆ، ئەمانە هەمووی فیگەرێکی ئەو نموونامەن. **"تۆزێك هاوار بکە با هەست بە پیاوەتیی خۆی بکات، تۆزێك بتاڵێنە با زێدەتر گڕی تێبەرببێت– 202."**

ئەو فەنتازیایەی رۆمانەکەی لێ درووستبووە، فەنتازیایەکی مارکیزییانەیە. **"یەکەمجار وامانزانی ئەمە پەڕەسەرینەو لاشەکەی پێداپۆشراوە، بەڵام کە دەستمان بۆ لاشە برد، زانیمان ئەمانە پەڕی راستەقینەیەو لە ژێر پێستی ئالییەوە چوزەرەیان کردووە – ل148."** ئایا تارماییەکانی عەزیز، رۆحە بێسرەوتەکەی دڵ کەسیرەو بوخچە فڕیوەکانی پور لیمۆ، پەی پێبردنەکانی ئۆرسۆلاو رۆحە دیارو نادیارەکەی خۆزە ئارکادیۆ بۆ ئیندیاو ریمیدۆس، چەرچەفە فڕیوەکەیمان بیرناخاتەوە؟!

پێدەچێت بوونی توانستی درککردن بە شتەکانو پێشهاتو بینینی ئەودیو رووداوو حاڵەتەکان، لای کەم کەس هەبێت. ئەم بوونەش سیحرو جادوو نییە، هێندەی ئەوەی روانینە بۆ واقیع لە چاویلکەیەکی عەقلانییەوە: **"ئێواران لە نەورەسەکانەوە فێربووم، لەنێو هەموو جوانییەکی سروشتدا ناشیرینییەکی بێسنووری شتەکان خۆی حەشارداوە– 81."** ئایا ئەم دێڕە دەستی گومانمان ناگرێتو لە پێ دەرگای فەلسەفە جێمان ناهێڵێت؟

قسەکردن لە بان سروشتو میتافیزیکیا لای ئیسماعیل، تەواو جودایە. ئەو خودایەی ئیسماعیل دەیناسێت، خودایەك نییە چێژ لە سووتانی بەندەکانی وەربگرێتو بە گوڵ بڵێت تۆو جەحیلەکان پێکەوە جوانییەکانتان بشارنەوە، نەبادا پیاوو پەپولە نەزەرێك بە گوناهە بکەنو لەو چێژ و سەفایە، گەورەییەکانی منیان لەیاد بچێت. نەخێر خودای ئیسماعیل خودایەکە: **"لە موحیببەتەوە نزیکترە وەك لە فەتواو کوشتن – ل137."** تەکنیکی گێڕانەوەی رۆمانەکە هێندە بەیەکداچووە، کە کۆمەڵە گرێکانی سەرەتا بەهێمنی لە کۆتاییدا دەکرێنەوەو سەرەگرێیەکی ترت دەداتێ، کە تۆ لە سەرەتا یاخود لە ناوەڕاستی رۆمانەکەدا، سیحری کردنەوەی گرێکەت دەست کەوتووە.

ئاشکرابوونی بەسەرهاتە یەکلەدواییەکەکان، پێویستی بە کلیلێك هەیە رۆماننووس دۆسیەی فایلە زەردو وەرەقە دڕاوەکانی ژێر زەمیینەکانی بەلەدێو تاپۆمان، وەك دۆکیۆمێنتێك لە رێگەی شێرزادەوە بۆ هەڵداتەوەو تینوێتیی ئەو لایەی رۆمانەکەی پێدەشکێنێت. رۆمانەکە لێوانلێوە لەو کاتیگۆرییانەی کە پێخوازەو هێرمۆنۆتیکی وەك ئەوەی (**حەبێ**)، کە کۆنترین سۆزانیی شارە، ئەزموونەکانی تەمەنی گەیاندوویەتییە ئەوەی بڵێت: **"ئەم دونیایە لە ئێمە سۆزانیترە..."**





یان رۆماننووس لە پەرەگرافێکی تردا حەقیقەتێکی دی ئاشکرادەکاتو دەنووسێت هەموو شۆڕشە کوردییەکان لەناو تەکیەو پیرۆزییەت دروستبوونو تەکیەو خانەقاش هەڵیاندەسوڕێنێت. لە هەندێك شوێنی ترداو لە گێڕانەوەی نێو ئەمنی سلێمانیو ساراکانی باشووردا، هێندە لێزانانە بە فڵچەیەکی رەش وێنە کراوە، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا، تووشی بارێکی دەروونیی نائارام دەبێت.

رەنگە هەڵە نەبین، گەر بڵێین لە رۆمانی (**کەوتنە خوارەوەی گورگێك**)دا، سێبەری چیرۆکبێژێکی قودرەتمەند دەبینرێت کە بەئاگایە لە هەموو رووداوەکانو ئەو ساتانەی پێویست بێت، خۆی ونبکات، ئەوا دەتسپێرێت بە فایلە زەردەکانو دەفتەری بەرباخەڵی شاعیرو یادەوەرییەکانی شێرزاد.

**ژان ژاك رۆسۆ** دەڵێت **"لەبری هەوڵدان لەپێناو نەمردندا، دەبێت فێر ببین هەوڵبدەین بۆ زیندوو مانەوە"** زیندوو مانەوەش بێ ململانێ مەحاڵە. ئەم تیۆرە لەم رۆمانەی بەردەستماندا رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە، ململانێی نێوان تایەفەی سەربڕاوانو گەورە تایەفەیەکی تری وەك کەوادرویان. ئەو کێشمەکێشمەیە کە رۆمانەکە لەگەڵیدا دەژی، تا ئەو کۆتاییانەی سەربڕاوان دەکەونە سەر چۆكو سەربڕاوی گەورەش دوای عومرێك لە (**پیاوبوون**)، دەکەوێتە پیساییەکانی ئاودەستەکانی مزگەوتی گەورەو خۆکوشتنی شێرزادیش، دوا لاپەڕەی کتێبی (**کەوتنە خوارەوەی گورگێك**) دادەخاتو یەکەم لاپەڕەی تێڕامانو بیرکردنەوە لە دیوی ناوەوەی رووداوەکانو دواجاریش خۆکوشتنەکەی شێرزاد بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت.

ماوەتەوە بڵێین ئەم رۆمانە خاوەنی باکگراوندێکی ئەپستمۆلۆژیی گەورەیەو دەهێنێت قسەی جدیترو خوێندنەوەی رەخنەییانەی بۆ بکرێت.

**2004**

* ئەم بابەتە بەهاوکاری لەگەڵ هەڵگورد جەلال نووسراوە.

# دۆزینەوە

# پاش فەناکردنی

# خود لە ئەویدیدا

**خوێندنەوەیەک بۆ قەسیدەی**

**(مەملەکەتە ماتماتیکییەکەی عەشق)ی**

**هێمن حەمەجەزا**

*کێشەی عەشق لەوەدایە هێندە خەون دەبینێت خۆی لەیاد دەکات.*

**_لە ئێوارەی پەروانەوە..._**

پۆرۆسو پینا باوکو دایکی (**عەشق**)ن، باوکی خودایەو دایکی مرۆڤە، کەواتە عەشق نە ئەزەلییەو نە فانییە لە رۆژی لە دایکبوونی (**ئەفرۆیت**)دا هاتووەتە بوون. خودی عەشق عاشق بە جوانییە، ئەوە ئەو ناساندنە فەلسەفەیەی عەشقە کە سووکرات لەسەر زمانی **دایۆتیمارە** دەیکات. رەنگە بۆ ئێمە سەخت بێت جیاکردنەوەو دیاریکردنی سەرچاوەی پێویستبوونی عەشق لەوەی ئایا پێداویستییە فسیۆلۆژیو جەستەییەکان ناچارمان دەکەن؟ یان هەر لە سەرەتاوە پێویستییەکی دەروونییەو تەواوکردنو گەڕانێکی بێکۆتاییە بەدوای خوددا.

ئێمە بیرمان ناچێت کە هاتووینەتە ژیانەوە بۆ ئەوەی بمرین، ئەمە حەقیقەتێکی ئەنتۆنۆلۆژییەو هۆشیارییشمان لەوەدایە لەنێوان هاتنو رۆیشتنماندا، یارییەك ببەینەوە کە ناوی ژیانە. لەنێو ئەو ژیانکردنەماندا، هیچ شتێك هێندەی تەنیاییو بێتواناییمان لەئاست دیاردەیەکی ژیان پرسیاری جدی





بۆ دروستنەکردووین. بە دیوێکی تردا، عەشق مۆتیڤی رزگاربوو و نبووە لەو خەوە پڕ دێوو درنجانەی ئێمە لە واقیعدا بینیومانن، "**بەردەوامیش عەشق کاری خۆی کردووە وەك غەریزەی ژیان لە بەرامبەر غەریزەی مەرگدا –** فرۆید."

ئەگەر بەتەنیشت عەشقەوە دیاردەیەکی تری ژیان ناوی خەون بێتو وێڵ بێت بەدووی بەواقیعکردنی فەنتازیاکەیەوە، ئەوا لە منداڵدانی ژیانەوە، کۆرپەیەکی حەقیقیی زۆر خۆشەویست لەدایك دەبێت کە ناوی شیعرە. لێرەوە شیعر جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ پرۆسیسەکردنی غەریزە کەپتکراوەکانی ژیان، ئافەریدەکردنی بەهەشتێکە کە خاڵی نییە لە جەنگ . جەنگی ئەو لەگەڵ هەموو ئەو ناجۆرییانەیە کە ناهێڵێن لە ماڵی ژیاندا چێژ لە (**بوون**)ی خۆمان وەربگرین. هەڵبەتە ئەمە خەونی بەحەقیقیکردنی ئەم ژیانو خەونەوەیەو بەهەشتێکە تەنیا لەسەر ئاستی تێکست.

"**بەشێك لەمەسەلەی نووسینی شیعری، پەیوەندیی راستەوخۆی بە ئازادیو خەونی ئازادیو لەوێشەوە ئیرۆسێتو شەهوەتو چێژەوە هەیە، چێژیش فەزایەکە دەلالەتی ئەزموونە بەردەوامەکانی ناوەوەی شاعیری لەخۆدا هەڵگرتووەو لە پرۆسەی نووسینی شیعردا بەرجەستە دەبێت**"*

ئێستا خاڵی هاوبەشی نێوان عەشقو شیعر جگە لە ستاتیکا، خەون–چێژیشە، کە غەریزەیەکە مرۆڤەکانی سەر ئەم زەمینەو یاسای سروشتیش وای داناوە لەپێناوی وەرگرتنی کەمترین چێژدا –کە لەمسکردنی دیوە حەقیقییەکەی ژیانە– زۆرترین قوربانیو پرمەترسیترین ئەزموون پرۆسیسە

* پەی بردن بەژیان پەی بردن بە شیعرو بوون.. عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا .

بکەن. ئەم دەستپێکە هێندەی سەرتایەکە بۆ چوونە ناو قەسیدەیەکەوە، هێندە خەمی دۆزینەوەی پەیوەندیی دیالیکتیکی عەشقو شیعری نییە..

بەر لە هەموو شتێك، ناونیشانی شیعرەکە دەستی نابەڵەدیمان دەگرێتو بەرەو جێگەیەك رامان دەگوزەرێت، کە عەشق بیرکارییانە بۆشاییەکی داگیرکردووەو ناوی لێناوە **مەملکەتە ماتماتیکییەکەی عەشق** .

هێواش.. هێواش
عەشق رووتی کردینەوە!

بەم دەستپێکەوە دەروازەی ئەو مەملەکەتە دەترازێنێت، شاعیر لە زەمەنی رابردوودا دەئاخڤێتو دەڵێت: عەشق رووتی کردینەوە !

چۆن رووتی کردینەوە؟ لە چی رووتی کردینەوە؟ ساتی لەدایکبوونی عەشق بەرامبەر بە ساتەوەختی گیانەڵڵاو مەرگی درۆیە. عەشق دوا وێستگەی دەستبەرداربوونی غایە رەشەکانی دوێنێیە بۆ ئەمڕۆ، عەشق کوچە تاریكو تنۆکەکانی رۆح دەپشکنێت.

ئەگەر ئەم چەمکە بە رووە پۆزەتیڤەکەیدا لە رێبوار سێوەیلی بخوازین، دەتوانین بڵێین عەشق ساتی رووتبوونەوەو (**بەشووشەییبوون**)ی کارەکتەرەکانیەتی. هەر عەشقە بەدەستی غەزەبەوە ماسکەکان فڕێدەداتو پنتێك بەپەنهانی ناهێڵێتەوە. ئەوە عەشقە بێئاگا لە خۆمان رووت رووتمان دەکاتەوە.

بەهێڵەکانی دەستماندا دیارە
تۆ..
لەناو گومانەکانی مندا دەژیت و
منیش..
لەناو ترسەکانی تۆدا!!





لێرەوە کەسی شاعیر بینای ئارگۆمێنتێك دەکاتو یادمان دەخاتەوە ئێمە داغڵی مەملەکەتێك بووین، دابەزین بۆی یاساغە. تا ئەم ساتەش تۆ لەگومانی مندا دەژیتو من لە ترسی تۆدا، هەنووکە پرۆسەکە ناکامڵە، بەڵام ناکامڵییەکی جوان (**من**)ی شاعیر خۆی نەسپاردووەو ناسپێرێت بە یەقینێکی کۆنکرێتیو یەقینێکی ناشرین کە هەموو گومانەکانی من ئیفلیج بکات.

ئەی یاخیترین نهێنی!!

لە پرۆسەیەکدا کە بێشەرم رووتو قووتمان دەکاتەوە، هێشتا شتێك ماوەو خۆی نادات بەدەستەوە، (**یاخییە**) نهێنیسەکەو ویستی ئاشکرابوونی ئەفەرۆز کردووە، ئەو شتە لە سترەکتورەکانی عەشقەو بێ ئەو، هاوکێشەکە یەکسانە بە سفر. ئەو شتە تەلیسمانەیە (**تۆ**)یە کە ناکرێتەوە، مەگەر دێڕەکانی شیعر ببنە کلیلی ئەو کۆدەو هێواش هێواش خۆیو گومانە پەمەییەکانیمان پێبناسێنێت.

ئێستا کە لەناو چەقی خۆمدا
دووبەشی تەواو.. یەکسانم!!
بەشێکم پڕە لە تۆو
بەشەکەی تریشم..
لەناو تۆدا..
هەناسەیەکی ئێجگار کورتە!

هێمن یادمان دەخاتەوە ئەم مەملەکەتە ئێستا کە منو تۆ تێیدا گەشتیارین، مەملەکەتی ماتماتیکە. کەواتە دەبێت زمانی پەیڤینیش زمانێکی بیرکارییانە بێت، دواتر دەڵێت ئێستا کەواتە ئەم (**کات**)ەی کەپێش تر بە فلتەری پاکبوونەوەدا تێپەڕیوە. بارگاوی بووە بە عەشق، واتە ئێستا ئەو لەحزەیەیە کە منی شاعیر تێیدا عاشقمو لە عاشقبوونمدا ناسنامەی خۆمم ونکردووە، یان دەمەوێت ونیبکەم. ئەو تەنها ناسنامەیەی کە پێمە هی (**تۆ**)یە.

کاتێك.. خۆم لە تۆدا دەردەکەم
هەر دەکەمەوە تۆو
کاتێك.. خۆم لە خۆم دەردەکەم.
هەر دەکەمەوە تۆ!

لێرەدا (من) دەیەوێت مردن یان فەنابوونی خۆی رابگەیەنێت.

من.. تەواو نابەڵەدم لە خۆم!!
.....
من تەواو خاڵی ئەبوومەوە لە خۆم
پڕاوپڕ دەمکردەوە تۆ!

ئەو هیچ بوونێکی نەماوەو تەواو تەواو تەڤلْ بووە بە تۆ، لەگەڵ ئەو تۆیەدا جیاکردنەوەیان زەحمەتە، تەنانەت لە زمانی تێکستەکەدا. ئەم ئاوێزانبوونەی (وجودی) هەردوولا، ئەفسانەیەکی کۆنی گریکیم دەخاتەوە یاد کە دەڵێت مرۆڤەکان سەرەتا یەك رەگەز بوون، هەشت پەلیان هەبووەو خاوەنی دوو دەمو چاو بوون، کاتێك زیوس لێیان بێزار دەبێتو سزایان دەدات، بڕیاردەدات لێکیان جیابکەنەوەو لەسەر باری ستوونی دەیانکانە دوو کەرتەوە. لەو رۆژەوە ئەو دوو کەرتە دەگەڕێن بەدووی یەکدا، هەتا یەکتر تەواو بکەنو ببنەوە بە یەك، ئەو ئەفسانەیە هەموو پەیوەندبیەکی ئیرۆتیکی مرۆڤەکان، بە هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئەو ئەسڵو تاك رەگەزەییە دەزانێت.

زەمەنی نووسینی ئەم قەسیدەیە، رۆژانی بزرکردنی (تۆ)ی یارە، چونکە سروشتی مرۆڤ، سروشتێکە وێنەکان لە دوورەوە جوانتر دەبینێت، ئەو چاوەی لە نائامادەیی بەرامبەردا شتەکان دەبینێت، زۆر جیاوازو هەستیارترە لەو چاوە خەواڵووەی لە واقیعدا لەمسی شتەکان دەکات. کەچی هێشتا تاسەی بینینی حەقیقی لێمان ناگەڕێت:





ئەی ناسکترین خەیاڵ تۆ لە کوێی؟

بەڵگەمان بۆ ئەم قسانە ئەوەیە شاعیر بەتاراوگەبوونی خۆی رادەگەیەنێت:

ئەمێستاکە.. من
ماڵێکی شەرمنم.
بەتەنیشت ئێوارەیەکی پەستەوە
تنۆك تنۆك سەفەرم لێ دەچۆڕێ و
چۆرچۆڕ رێگە دەمخواتەوە!!

ئیدی ئەو نائامادەییەی ئەمی شاعیر، غیابێکی رۆحییە یان غیابێکی فیزیکی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لێرە لەجەم ئەو ئامادەگی نییە. عەشق تایبەتمەندییەکی یەکجار سەیری هەیە، جاری واهەیە خۆت تەواو دەکەیتو هەست بە بوونی خۆت دەکەیت، ئەمەیان گشتیترە. جاری واش هەیە کەرتت دەکاتو خۆتت لێ وندەبێتو تیایدا فەنا دەبیت. ئەم حاڵەتە نوخبەوییە لای شاعیرەکەی ئێمە کەوتووەتەوە:

بەبیرم دادێ
کاتێك کە ڕەگم بوو
خۆم لە ژێر رەگی عەشقدا دەربهێنم
دەمکردە تۆیەکی تەواوو
چەند کەرتێك لە خۆم!

ئەم گیرۆدەبوونەی (من)ی شاعیر بەو (تۆ)یە نادیارەی تا کۆتایی قەسیدەکە موخاتەبە دەکرێت، تەنها شاعیری نەگرتووەتەوە، بەڵکو هاوکێشەکانی (منو تۆو خوداو گەردوونو سەفەر)دا ئەو (تۆ)یە هەموو شتەکانی ناو ژیانی لە خۆیەوە گلاندووە، تا لە کۆتایی هاوکێشەکەدا دەڵێت:

کەسمان تەریب نەئەبووینەوە بە خۆمان و
هەموو هەر دەمانکردەوە تۆ!!

مادامەکێ هەر لەو هاوکێشەیەداین، دەبێت ئـەو حەقیەقەتـەش بڵـێین کـە بـە بڕوای خۆمان درکمان پێکردووە. هێمن روانینێکی جوداو تایبەتیی بۆ (**سـەفەر**) هەیە، ئەوەتا لە هاوکێشەکەدا بەتەنیشت گەردوونەوە دایناوە:

منء تۆو خوداو گەردوون و سەفەر بووین..

واتا جیاواز لە گەردوون! کە دەبووایە وەك هەر شـتێکی تـر ئۆرگـانێکی ئـەم گەردوونە بووایە. ئەم جیهانبینییەی ئـەو بـۆ سـەفەر، لـە زۆربـەی قەسـیدەکانی تری دیوانەکەدا وێنەدانەوەی هەیە.

لەبەر ماچ رێت پێنەدام بڕۆم!
تا ڕووخسەتێك لە سێبەرێك بخوازم و
لەپاڵ دار هەنارێکی لەرزۆکدا
هێمایەك بۆ چاوەڕوانی دانێم!
نیشانەیەك بۆگومان ئیختیار کەم!
ژمارەیەك بۆ سەفەر بدۆزمەوە!
حەرفێك بۆ عیشق زیاد بکەم..!
رێت پێنەدام بڕۆم!!

### ***قەسیدەی پەتاو نهێنییەکانی پشتی (...)***

لـە هونـەری ماچـکردندا کـە ژوانـە راسـتەقینەکەی جەسـتەو رۆحـە، بـە بـڕوا ئەفلاتونییەکـەی سـەلماندنی عەشـقێکی تەندروسـتە. بـە مانایـەکی تـر، ئـەو عەشقەی ماچی تێدا نەبێت، پرۆسـەیەکی ناکامـڵو حەزلەخۆکردنـە. جـا ئەگـەر لەو هونەرە خاڵی لە تیۆرو یەك پارچە پراکتیکـەدا، مـەحوی گـەورە لـە لابردنـی لێو لەسەر لێویا گیانی دەربچێت پێـوە، ئـەوا هـێمن کـەمێك بـە زیادەڕەوییـەوە دونیادیدەی خۆی لە ماچدا رادەگەیەنێت:

لە بیرەوەریی ماچدا
من.. پیرترین لێوم!!





بە بڕوای **هایدگەر**، بـوون لەگـەڵ کەسـانی تـردا یەکێکـە لـە پێـشمەرجەکانی بوون. مرۆڤیش لە کاتێکدا بوونی هەیە، کە ئەم پێـشمەرجەی هـەبێت، هەڵبەتـە بەتەنیشت پێشمەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانی تـرەوە. دەکرێـت لـەو دیـدەی سـەرەوە جارێکی تر وا بڕوانینە پڕۆسەی عەشق، کە پڕۆسـەیەکە پێویـستی بـە کەسـێکی تـر هەیـە لـە دەرەوەی خۆمـان. کـە وایـە لـە مومارەسـەکردنی عەشـقدا، ئـەو پێـشمەرجەی سـەرەوە دەسـتەبەر دەکـەینو هاوکێـشەکەش وای لێـدێت ئێمـە عەشق دەکەین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە (**بوونمان**) هەیە.

من.. هێمایەکم بۆ نەبوون و
تۆش.. نیشانەیەکی بۆ بوون!

ئایا ئەم دێڕە شیعرەی نێو قەسیدەکە، پارادۆکسێك دروستناکات لەگـەڵ ئـەو رایەی سەرەوەدا؟ لە حەقیقەتدا مرۆڤ بوونێکی هەیەو نییە، هەیە وەکو ئـەوەی خاوەنی کۆمـەڵێك بەرهـەمو پـڕۆژەی جیاجیایـەو بـەردەوام ئەکتیڤییـەتی خـۆی دەسەلمێنێت، لە هەمانکاتدا بوونێکیشە کە نییە، وەکو ئـەوەی هەنـدێك پـڕۆژە لە ژیاندا هەن کە هێشتا پێیاننەگەیشتووەو نەبوون بە بەشێك لە بـوونی. رەنگـە ئەم نەبوونەی هێمن لەمەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە دەشێت لە رابـردوودا مـنی شاعیر هەبووبێتم یان لە ئایندەدا هەبم. بـەڵام بـە لـۆژیکی **هـیگڵ**، **"نـەبوون لـە بوون پەیدا دەبێت."** کەواتە ئێستا کە ئەو بوونی هەیە، من نیمە:

بزانم من بەتۆوە چیم... پێدەکرێ؟!

ئەم دێڕە پەیامێکی چاوەڕواننەکراوی راگەیانـد، ئێمـە کـەمێك بـەر لـە ئێـستا فاتیحایەکی یەکجاریمان بۆ (**من**)ێك داخست کـە لـەناو (**تـۆ**)یەکـدا مـرد، کەچـی سەرلەنوێ لەو تۆیەوە هەناسەیەك دێت، بە هەڵپەو جۆشێکی سەیرەوە عاشقانە موغامەرەو هەر عاشقانەش موجازەفە دەکات:

من.. بە تۆوە دەتوانم!
لەودیو ئایندەوە بژیم
مردن لە بیر ئارەزووەکانی وەهم بەرمەوە
ترسەکانی خودا لەئێستیدا دەربهێنم..!

ئەم زیکرە نوێیە، حاڵێکی هێندە گەرمی لە **(دەروێش= منی شاعیر)** هێناوە لە ناخودئاگاییمەوە دەستم دەگات بە شتەهایەك، کە مرۆڤی ئاسایی بەهیچ کلۆجێك پێیان ناگات. هەست دەکەم من عەشقێکی ئەکشنانە پراکتیك دەکەم، ئەم تەجەللایەی **(من)** بازنەکانی سنووری بۆ ناخوێنرێتەوەو دڕکە زێکانی ئەخلاقیشی ئەفەرۆز کردووە:

من... بە تۆوە دەتوانم
کۆلانەکانی مێژوو سیاچارە کەم
دەرگاکانی بەدبەختی قفڵ بدەم
ژوورەکانی دۆزەخ هەرەس پێبهێنم..!

هەر لە سەرەتاوە باسمان لەوە کرد کە شاعیر ئیدیعای کامڵبوونی خۆی نەکردووە، بەپێچەوانەوە لە تەواوی قەسیدەکەدا حونجەی ڕۆژگارەکانی تەنیایی‌و گەڕانەوەو ئینتیما بۆ ئەزموونی پێشتری دەکات. هێمن درکی ئەوەی کردووە کە خود لەناو کاتدا دەژی، مادام خود زەمەنی‌و مێژوویی بێت، ئەوا کامڵبوونی تەواو یۆتۆپیایە. ئەمە بەو مانایە نایەت هەوڵی دروستکردن‌و تەواوکردنی خۆی بکوژێت، بەپێچەوانەوە ئەو لەتەك خەونی باشتربوون، گەورەتربوون‌و کامڵبووندا ڕێدەکات. لێرەدا هێمن کامڵبوونی خۆی لە پاکبوونەوە لە خۆیدا دەبینێت، سەرچاوەگرتنی ئەو گومانەش لە بچووکیی خود یان لە گەورەیی ئەوی دییەوەیە:

ئەی ئاسوودەترین خەیاڵ
پاکم کەرەوە لە خۆم!





بەدوای ئەمەدا شاعیر داوادەکات کە حەقیقەت بگەیەننە ئیمپراتۆرییەتی عەشق، بۆ ئەوەی بچینە ئەو کۆمارەو خەونی سەوزی ئەو مەملەکەتە ببینین. هەرچی زووترە دامبڕە لێرە، لە شاری ناشیرینییەکان دەستم، دەمم، قاچم، فرمێسکم، لاشەم، تەنانەت قەدەرم لە قەدەری ئەو دەڤەرە لێك جودابکەرەوە، چونکە ئێمە ناتوانین لەوێندەر بەهەمان ئەو ئەندامانەوە بژین کە بەر لە ئێستا یەك پارچە لە ناشیرینکردنی منو تۆدا دەستیان هەبووە:

دەستم لە دەستی ئەو هەورە بازنەییانەو
دەمم لەدەمی ئەو شۆرشە لاتەریبانەو
قاچم لە جێ پێی ئەو هەنگاوە سێگۆشەییانەو
لاشەم لە لاشەی ئەو حەقیقەتە لاکێشەییانەو
فرمێسکم لە ئاوی ئەو شەونمەو چوارگۆشەییانەو
قەدەرم لە قەدەری ئەو سەحرا بێگۆشەییانە...
جیاکەرەوە... قەیناکە!

ئەمە جگە لە میتافۆرە شیعرییەکەی، هەریەك لە بازنەو لاتەریب سێگۆشەو لاکێشەو چوارگۆشە، کۆمەڵێك بابەتی نێو ماتماتیکن کە پەیوەندییان هەیە بەو تاریفە ماتماتیکییەی شاعیر بۆ عەشق هەیەتی.

گەر لەناو خۆتا بمکوژیت
سپێدەیەکم.. پڕپڕ لە عەشق!
ئێوارەیەکیشم.. پڕپڕ لە ماچ!

شاعیر داوای مەرگێکی خواستراو دەکات بەدەستی مەعشوقەکەی، چونکە هەموو شتەکانی نێو ئەم دونیایە بچووکن لە بەرامبەر گەیاندنی لیڤڵی من بە ئاسوودەیی، من تێرنابم یان **فروغی فەروخزاد** وتەنی من نامەوێت تێرببم‌و بەس. من دەمەوێت بە فەزیلەتی تێری بگەم، وەرەو بمکوژە، من دڵنیام ئەو

کوشتنەی تۆ وەکو هەموو شتەکانی دیت جوانە. دڵنیام ئەو مەرگەی تۆ مەرگێکی گوڵگوڵییە.

با فرۆیدییانەو لە دەلاقەی سێکسەوە بڕوانینە کۆتاییەکانی ئەم قەسیدەیە، کە ئێمە پێمانوانییە سەرەتاکانی سێکس کۆتاییەکانی عەشق بێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە لە عەشقدا، سەرەتای کۆتایی واریدەو کۆتایی کۆتایەکان مەحاڵە. مەرجیش نییە هەموو عەشقە سەرچڵەکان، ئۆرگازمیەتیان هەبێتو لە پرۆسەیەکی سێکسیدا بتوێنەوە، چونکە زۆرجار سێکس پەیوەندییە سۆزدارییەکانی لەگۆڕناوە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ جیاکردنەوەی سۆزداری لە عەشق. بەهەرحاڵ، ئەو عەشقانەی لەسەر ئاستی رۆحی، بێگەردو جاویدانیوناسکترن لەو عەشقانەی لەسەر ئاستی جەستەن. لەوانەیە بەم قسەیەمان کەمێك لەگەڵ دیدی ئەفلاتون بۆ عەشقدا بێینەوە، دواجار هەر چۆنێك بێت، ئەمە رای ئێمەیە:

ئەی ئەرخەوانیترین یار
لەناو خۆتا هەڵمبگرە...!

بەکارهێنانی ئاوەڵکاری شوێنی (**لەناو خۆتا**)و بەکارهێنانی کاری (**هەڵمبگرە**)و بەتایبەتیش لە سیاقو تۆبۆگرافیایەکی وادا، زیاتر مەیلێکی سێکسییانە دەدەنە شیعرەکە.

لەناو گوناهەکانی خۆتدا.

هێمن ئەوە دەزانێت ئەو شتانەی ئەو دەیخوازێت، پارچەیەکە لە تابۆو حەرام، لەتێکن لە گوناه. بەڵام غەریزەکانی من کە دواجار واتە من، لە هەموو شتێك گەورەترن. بە خوێندنەوە سایکۆلۆژییەکەدا واتا (**ئەو**)ی هێمن کە بەرپرسە لە ئیختیارکردنی شتەکاندا، ئەمە دەخوازێت. هەموو داوایەکی (**ئەو**)یش لەزەتدارو خۆشو بەچێژە.





بۆیە داوادەکاتەوە وەرە پێکەوە ژیانێك دەکەین کە خۆمان بڕیار لەسەر یاساو شەریعەتو جوانییەکانی دەدەین، بەو مەرجەی تۆ بێیت. ئەگەر نەیەیت هاوکێشەکە ناکاتە سفر. وەلێ لە نائامادەبوونی جەمسەرێکدا بەهیچ بیردۆزێکی ماتماتیك شیکار ناکرێتو بە ناتەواوی جێدەمێنێت، بۆیە تکایە جارێکی تر وەرەو بڕیار بدە:

بە بڕیارێکی ماچ هەڵمبگرە.. ئەی یار
من ماچێکم.. بۆ ئەبەد
بەبڕیارێکی عەشق هەڵمبگرە.. ئەی یار
من عەشقێکم.. بۆ ئەبەد
بەبڕیارێکی ژیان هەڵمبگرە.. ئەی یار
من ژیانێکم.. هەتا ئەبەد!!

شێوازی ریزبەندیو بیبلۆگرافیای **ماچ**و **عەشق**و **ژیان،** زۆر بەوریاییەوە لەم پارچەیەی کۆتاییدا ئیشی لەسەر کراوە، عەشق بووە بە میکانیزمی گەیاندنی ماچ بەژیان. لە رەهەندێکی تربشەوە، بە سەهمێك پەیوەندییەکی ماتماتیکیی نێوان ماچو ژیان سەلمێنراوە: **ماچ ــــ عەشق ــــ ژیان**.

ئەم پرسپێکتیڤەی دواییان، ناسکترینو رۆمانسیترینو پڕئەنجامترینیانە. ئەریك فرۆم پێیوایە عەشق هیچ شتێك نییە جگە لەوەی لە کورتترین پێناسەدا، توانای بەخشینە. هێمنیش پێیوایە ئەگەر تۆ بڕیار بدەیت ماچێك بە من ببەخشیت، ئەوا عەشقت بە من بەخشیوە، عەشقم پێببەخشیت، کەواتە ژیانت پێبەخشیوم، منیش هەموو ئەمانە دەبەخشمەوە بە تۆ زائیدەن **ئەبەدییەت**:

بەبڕیارێکی ژیان هەڵمبگرە.. ئەی یار
من ژیانێکم... هەتا ئەبەد!!

واژەی **هەتا ئەبەد،** مەیلی سەرمەدیتو خلودییەتمان بۆ دەردەخات، ئەو دێڕەی فرۆیدمان بیردەخاتەوە کە دەڵێت: **"عەشق بەردەوام کاری خۆی**

**کردووە وەك غەریزەی ژیان لەبەرامبەر غەریزەی مەرگدا."** بەمشێوەیە لە دونیاو فەزای شیعردا، بە واسیتەی زمانەوە خواستی ماچێك هێندە جوانو هێندە ناسكو هێندە درێژدەبێتەوە، تا دواجار لەسەر ئاستی تێكستێك ئەفراندن خەلق دەبێت. ماوەتەوە بڵێم ئەم باسە هێندەی سەرنجێكی تایبەتیی خۆمە لەمەڕ شیعرەكە، هێندە خوێندنەوە یان ڕەخنەیەكی میتۆدی نییە.

**2002**

* **مەملەكەتە ماتماتیكییەكەی عەشق،** قەسیدەیەكی نێو ئەو كتێبە شیعرییەیە كە بەناوی (**سروودەكانی یاخیبوون**) هێمن حەمەجەزا لە ساڵی (2002)دا بڵاویكردووەتەوە.

# ئەپسێردێتی تێکست

# و

# ئیرۆسییەتی خەیاڵ

**رامانێك لە شیعری**

**(نامەیەكی پاییزی) محەمەد عومەر عوسمان**

*محەمەد عومەر عوسمان عارفێکە لە یەک کاتدا موحافیزکارو کودە تاگێڕیشە.. لەسەر ئاستی فۆرم پابەندو لەسەر ئاستی جیهانبینی یاخییە.*

**د. شاهۆ سەعید..**

ئەگەر شیعر بە دیوێکدا سەرکێشییەکی زمانەوانیو بیناکردنی خەیاڵ بێت، ئەوا بە دیوەکەی تردا، شیعر بە جۆرێك لە جۆرەکان ئیشکردنو هەڵکۆڵینە لە مەعریفەدا. بەو مانایەی شیعر لە دەرەوەی تەفسیرە جوداکان، هەڵگری جیهانبینییەکە کە پڕاوپڕ ئەزموونی خودی شاعیرە.

شتێکی نوێمان نەوتووە ئەگەر بڵێین ژیانکردن لەناو واقیعێکی نائاساییدا، میکانیزمی دەوڵەمەندبوونی خودی ئەزموونکەرەکەیە، **دانتیو مەولاناو سەعدی** هیچیان ژیانێکی ئاسایی نەژیان، بۆیە دواجار تێکستی نائاساییان بەرهەمهێنا.

رەنگە لەو پەرەگرافەی پێشوودا، شێکمان لەبارەی داهێنانەوە چنگ کەوتبێت، بەڵام ئایا ئەفراندن تەنیا لە بازنەی ژیانکردنی نائاساییدا خۆی دەبینێتەوە؟ ئەو پرسیارە دەمانخاتە کێشمەکێشمێکی قووڵەوە کە دەتوانین دواجار بە سوودوەرگرتن لە میتۆدی قوتابخانە رەخنەییەکان لێی دەربچین.





ئایا شیعر پیشاندانی دیوە نەبینراوەکەی تری ژیانە؟ ئایا شیعر دەتوانێت زیاتر لە چێژ شتێکی ترمان بداتێ؟ شیعر دەکرێت چۆن کۆمەکی ئەو بوونەوەرە تەنیایە بکات کە ناوی مرۆڤە؟ بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارانە، دەچینە ناو خوێندنەوەو رامان لە شیعری **(نامەیەکی پایزیی)**ی **محەمەد عومەر عوسمان:**

Ǽæ ʒ æ K þ   Æ ɡ η æ η ǭ KDZ

ئەی ئەو کچەی پایزانیش بەرگت سەوزەو گوڵی تەڕ
ئەدەی لەسەرت
خەو مەبینە.. قۆڵ و باسکم پشتێنێ بێ بۆ کەمەرت!
تۆ نەتدیوە.. چۆن ئاگری سپی پیریی بەربۆتە قژی سەرم!
زۆر ئەترسم دارستانی قژی رەشت بگرێتەوە
تۆ نەتدیوە.. پەنجەکانم دە چڵی وشك و برنگن؟
گەر بینە شانەی قژت.. ساتێك نابا ئەشکێنەوە!
لۆمەم مەکە گەر دیت چاوم هەر دەم وەك هەوری زستان وابوو...
من کەناری شیعرم بەسە باوەشم بۆ بگرێتەوە
ئەگەر هاتوو بیستت خۆم کوشتووە بزانە کە..
نەمتوانییوە شیعرێ بڵێم.. ئازارمی تیا جێبێتەوە

شاعیر لە تەواوی ئەم شیعرەدا، وەکو ستایڵی هەمیشەیی خۆی پاییزانە دەنووسێتو پاییزانە دەئاخافێتو پایسزانە بیری کردووەتەوە. وەلێ ئەم پایزدۆستییە نەیهێشتووە لە روانین بۆ واقیعدا دونیابینییەکەی کورتی هێنابێت، حەمە عومەر گەرچی دەزانێت ئەو چیتر کەڵکی لە ئامێزگرتنی کیژێکی نەماوە، بەڵام ئەم دەرگایە بەناوی هەموو پیاوی گەردوونەوە بەسەر ئەم خانمەدا داناخات، ئەو لە ئەوجی دەستلەخۆشتندا، دەکارێت دڵی کچێك بداتەوە کە لە وەرزەکەی خۆیدا **(ئەگەر ئەم دەستەواژەیە راست بێت، چونکە تازە**

**حەمەعومەر خاوەنی وەرزێکە بەناوی پایز، ئەمە شتێکە لە ناوەندی رووناکبیری کوردیدا براوەتەوە)** بە جلێکی سەوزو گوڵێکی تەڕی سەریەوە، لە شاعیر بێتە پێشێ‌و هەموو جەستەی هاواری باوەشێك بكات.

ئەم تێكستە ئەگەرچی بە دیوێكدا تواناو وەستانی نووسەر لە بەرامبەر هەندێك فیگەری جوانی ئەم دونیایەدا رادەگەیەنێت، بەڵام بە دیوێكی تردا، مانەوەی هەمیشەیی نووسەر لە نۆستالوژیادا بەیاندەكات. كاتێك شاعیر دەڵێت:

گوڵی تەڕ ئەدەی لەسەرت

واتە ئەوەی تۆ دەیكەیت، زەمانێكە من تیایدا ناژیم یان جێمهێشتووە، بۆیە دێڕەكە جۆرێك لە سەرسوڕمانی تێدایە. حەمە عومەر نایەوێت ببێت بە خەونی كچێك، دەزانێت ئەو خەونانە دۆنكیشۆتین، شاعیر بە هەموو هەوڵی دەیەوێت ئەوی تر لەو بێئاگاییە بهێنێتە دەرێ، لێرەوە شیعر ئەركە راستەقینەكەی خۆی دەگرێتە دەست، ئەو ئەركەی كە **ئەفلاتون** پێیوابوو **"شیعر دەبێت حەقیقەت بڵێت، ئەگەرنا ئەوە شیعر نییە."** ئەم شیعرەی حەمە عومەر، حەقیقەتێكی تاڵدەڵێت.

ژیاندۆستی لەم شیعرەدا دەگاتە لوتكە، كاتێك شاعیر بەو هەموو عەبەسییەتەی ناو ژیانی خۆیەوە، خەمێكی بۆ ژیانی ئەوانیدی هەیەو دەڵێت:

زۆر ئەترسم دارستانی قژی رەشت بگرێتەوە

شاعیر یەكلایی كردووەتەوە كە ئەو لە دەرەوەی ئەم بازنەیەی ئێمەدا دەژی، بازنەیەك جوانیو حەقیقەت هێشتا لە جێگەی خۆیاندان. ئەگەر لەم نیوە دێڕەدا بانگەشەی خۆجیاكردنەوە لە ئەوانیدی هەبێت، ئەوا بەتەنیشت ئەوەوە ئایدیای پێكەوەژیانو پێكەوەهەڵكردنو خەیاڵی داننان بە ئەوانیدی ئامادەیی هەیە.





لە دێڕی دواتردا، شاعیر جیهانی خۆی لە جیهانی ئەوی دی دەداتو دەڵێت كە پەنجەكانی ئەو كەڵكی شانەكردنی قژی كچێكی نەماوە، ئەگەر جەبرێك ئەم دوو جۆرە ژیانكردنە لە یەك بدات ئەوا پەنجەكانی ئەو:

ساتێك نابا ئەشكێنەوە

رەنگە ئەم دالە وەك كەرەستەیەك كۆمەكمان بكات لە تەئویلی ئەم دەقەدا، كە ئەم دوو جیهانە مەبەست لێی جیهانی رۆحو جیهانی ماتریال، یان دونیای خەیاڵو دونیای واقیعە.. ئەمە لە كاتێكدا ئەگەر ئەوەمان لە یادبێت كە عەشق بەرجەستەترین پرۆسەیە كە خەیاڵو واقیع تێیدا بەریەك دەكەون.

لەم شیعرەدا نووسەر وەكو نمایندەی خەیاڵو ئەویدی وەك نوێنەرێكی راستەقینەی واقیع دەردەكەون. لێرەوە لەوە دەگەین كە شاعیر نایەوێت خۆشەویستی ئەم خانمە قبوڵبكات، چونكە پێیوایە ئەوان سەر بە دوو دونیای جودان، لە هەمانكاتدا دەخوازێت بەرسڤێكی ئەو خۆشەویستییە بداتەوە تا ئەو جێگەیەی دەكرێت، بەڵام لەم رەهەندەوە شاعیر شكست دەخواتو ناتوانێت خۆی فریوبدات. لە دوا دێڕەكانی شیعرەكەدا، جارێكی تر ئەوە بەگوێی خوێنەرو بەتایبەتییش ئەوی دیدا دەداتەوە، كە ئەو ئامادەیی نییە بۆ ژیان لەناو پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتبی لەو شێوەدا.

تەواوی ئەم شیعرە دیالۆگی نێوان عەبەسییەكو ژیاندۆستێكە، بەڵام ئەوەی جێی لەسەروەستانە، ئەوەیە كە عەبەسییەكە زۆر جاران لە ژیاندۆستەكە زێدەتر بەتەنگ ژیانەوەیە! ئەمەش ئایرۆنی دروست ناكات لەگەڵ خودی چەمكەكە، هێندەی ئەوەی دواجار شیعرەكە وەك تێستێكی هیومانی دەستپێدەكاتو كۆتایی دێت.

ئایا شاعیر لە کاتێکدا داواکەی ئەویدی ڕەتدەکاتەوە، بۆ ئەم ڕەتکردنەوەیە خاڵییە لە نێرجسییەتو پاساویشی ئەوە نییە کە ژیان پوچو بێبەهایە؟ ئەوەی ئەم درکی پێکردووە خەڵك نایزانن؟ شاعیر خۆی وەك پەیامبەر ناساندووە لەم دەقەدا؟ ئەگەر وایە ئەم هەموو ڕێزدانانە بۆ ئەوانی تر لە چییەوە هاتووە؟ چۆن بەم هەستەوە توانیوێتی ئەم پرسە کۆمەڵایەتییە بەبێ ڕتوش بۆ ناو تێکستێك بگوێزێتەوە؟

هەموو ئەم پرسیارانە وامانلێدەکەن ڕاستییەکی وتراو بڵێین، ئەویش ئەوەیە ئەو توانای لێکبوردنو بەخشینەی لە شیعرەکانیدا دەبینرێت، دەقاودەقی ژیانی ڕاستەقینەی خۆیەتی، دەتوانین وا سەیری حەمە عومەر بکەین کە ژیانی وا لەناو شیعرەکانیداو شیعرەکانیشی یەك پارچە ژیانی ئاسایی خۆین.

بەو پێیەی شاعیر شارەزاییەکی باشی لە تەسەوفدا هەیە، دەکرێت ئەم شیعرەی وابخوێنرێتەوە کە جەدەلێکی قووڵی نووسەر خۆیەتی لەگەڵ خۆی لە یەك کاتداو لەگەڵ مەعشوقیش (**خودا**). لە کۆتاییدا هزری خۆ ئازاردان وەکو میراتێکی ئاینی دزە دەکاتە ناو شیعرەکەو شاعیر سەرفرازیی خۆی ڕادەگەیەنێت. کە ئەو بەریەککەوتنی لەگەڵ دونیای مادەدا هیچ لە ئازارەکانی کەمنابێتەوەو ئەزموون نەکردنی ئەو پەیوەندییەش، حەزی مانەوەیە لەنێو دونیای خۆیدا کە دونیای ئازارە.

وێکچوونی شیعرەکە بە تێکستی سۆفیانە لەوەوەوە سەرچاوە دەگرێت، تێکستی نێو ئەدەبیاتی تەسەوف، تێکستی ئامۆژشین. بەو مانایەی هەمیشە تێکستێکن سەرقاڵی ئاگادارکردنەوەی خەڵکن لەوەی دونیا فانییەو حوکمەکانی تری دین لەناو ئەم جۆرە تێکستانەوە دەبینرێن. دەقی سۆفییانە زۆرتر ئاماژەو هێمای سادەو رووکەشو ڕوونو کەمتر خۆیان لە قەرەی ڕازو ڕەمزو





دال دەدەن، ئەگەرچی خودی تەسەوف لەوە قووڵتر دەڕواتو دەبێتە یەکپارچە تێڕامان لە خودو خودا. بەڵام بەداخەوە لەسەر ئاستی نووسین، ئەم هزرە هێندەی برنەکردووە کە گواستنەوەیەکی بێڕتوشمان بۆ بکات. بەکورتی تەسەوف هێندەی لە بینینو بەرکەوتنو ئەزموونکردنەوە گەیشتووەتە خەڵك، هێندە ئەدەبیاتەکەی نەیکاریوە ئەمە بگەیەنێت.

بەشی وێکچوونی ئەم شیعرە، لە نیوەدێڕی دووەمەوە دەستپێدەکاتو درێژدەبێتەوە تا کۆتایی شیعرەکە، کە خۆی لە شێوەی گیانێکی فانیدا دەبینێتو ئەویدیکەی وەك خالیدو نەمر دیدەکردووە.

زمان لەم شیعرەدا وەك زۆرێك لە ئیشەکانی تری حەمە عومەر، زمانێکی بێ گرێوگۆڵو سادەیەو شاعیر ئەم سادەییەی زمانی دەقەکەی خستووەتە خزمەت بەرهەمهێنانی مانایەکی قووڵو ڕاوەستان لەبەردەم دەرگای مردندا، بە شەڕکردن بە خوازەی وەرزێكو ئامادەکردنی کچێکی جحێڵو تێگەیاندنی لەوەی ژیانی مە ژیانێکی زۆر پیرۆزو پڕماناترە لەوەی تۆ بۆی دەچیت.

ئەگەر چی هیچگەراییەك باڵی بەسەر شیعرەکەدا کێشاوە، کەچی شاعیر توانیوێتی بڵێت ئێمە کۆمەڵێك ڕەنگی جیاوازین هەرچەندە یەك ڕەگەزو یەك خێزان بین.

نیوەی یەکەمی شیعرەکە، پێکهاتووی کۆمەڵێك وشەی پڕ لە وزەی ژیاندۆستیو ئاماژەی نیشاندانی جوانییەکانی ژیانن: (**بەرگی سەوز، گوڵی تەڕ، ئاگری سپی**...) لە بەرامبەردا نیوەی دووەمی شیعرەکە کە ئەنجامیشە، تژییە لەو وشانەی مرۆڤ نزیك لە نائومێدی دەکاتەوەو دەیخەنە خەیاڵی هیچێتیی ئەم ژیانە: (**چڵی وشكو برنگ**، **شکانەوە**، **خۆکوشتن**، **ئازار**...) بەریەککەوتنی ئەم دوو جیهانە، بەریەککەوتنی ڕاستەقینەی ژیانی خودی شاعیرەو

سەرپشککردنییەتی لە هەڵبژاردنی: **کچ، گوڵی تەڕ، بەهار**... لەگەڵ هەڵبژاردنی ژیانێکی دی خاڵی لەمانەو پڕ لە هەموو شتێك. کە دەڵێین هەموو شتێك، مەبەستمان ئەو شتانەیە کە زمان دروستیاندەکات لە خەیاڵدانی شاعیردا. ئەوەتا خۆکوشتنی نووسەر پەیوەندیی بە باکگراوندێکی ئەبستمۆلۆژیی گەورەوە نییەو روانینێکی فەلسەفیی لەم خۆکوشتنەدا نابینرێت، هێندە هەیە ئەمە خۆکوشتنێکە لەسەر ئاستی شیعرێك بەهۆی کێشەیەکی زمانەوانییەوە:

ئەگەر هات و بیستت خۆم کوشت بزانە کە
نەمتوانیوە شیعرێ بڵێم ئازارمی تیا جێ بێتەوە

ئەم تێکستە لەو تێکستە غەمگینانەیە کە خوێنەری هۆشیار رادەوەستێنێت. حەمە عومەر بە نامەیەك بەرامبەرو خەڵکیش ئاگاداردەکاتەوە لە زەمەن، لە تێپەڕینی رۆژانێك کە رەنگە هەتاهەتایە نەیبینینەوە، لە بەرکەوتنی جوانیو پیری، پێکهەڵپژانی رۆحو جەستە لە چاوتروکانێکدا.

**2006**

## عــەشــق؛

## پرۆسەیەك بۆ جەللادبوون

*هەرکەسێک چەند جەللاد بێت هێندە دەتوانێت عاشق بێت جەللادو عاشق جمکانەن.*

***لە قەسیدەیەکی ئیبراهیم ناودەشتی–یەوە***

زۆرجار ئەفسانە گێڕانەوەو قسەکردنە لەحەقیقەتێکی قورس، کەتاك زاتی ئەوە ناکات خۆبەخۆ ئەو حەقیقەتە بڵێت. ئەفسانەی ئادەمو حەوا ئەفسانەیەکی فرەڕەهەندە کە دیاردەکانی **هاتنەبوون** **(دروستبوون)** **عەشق**، **ژیانکردن**و دواجار **مەرگ** هەڵدەگرێت. لە درێژبوونەوەی ئەو چیرۆکەوە، **قابیل**و **هابیل** وەك دوو کارەکتەری راستەقینە دێنە سەر ئەو شانۆیە، تا بە منو تۆی بینەر ژیان– مەرگ **(تەواوبوون)** بناسێنین. درێژتربوونەوەی ئەفسانەکە بۆ کۆتاییەکی پڕ سەرسوڕمان، گەڕانی قابیلە بەدوای میکانیزمێك تا لە رێیەوە جەستەی کوژراوو خوێناویی هابیلی تیا ونبکات.

خاڵی قسەکردنی ئێمە، دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان عەشقو کوشتنە، هەڵبەتە نابێت لەیادمان بچێت لەم گێڕانەوەیەدا ئێمە پشت بەو ریوایەیە دەبەستین، کە پێکهەڵپژانو شەڕی نێوان قابیلو هابیل بۆ عاشقبوونی هەردووکیان بە خوشکەکەیان دەگێڕێتەوە.





بۆ شرۆڤەکردنی وەها رووداوێك **(کوشتن لەبەر عەشق)**، کە بەردەوام گرەنتیی دووبارەبونەوەی هەیە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ شوناسی عەشقو زەرورەتی عەشق. من واتێدەگەم کە عەشق بەرهەمی قۆناغێکی فیکری یان زادەی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نەبێت. عەشق لە حەواوە تا دەگاتە دوایەمین کچ کە ئێستا لەدایك بووە، حزوری هەیەو بەردەوامدەبێت. لەوێوە کۆتایی ژیان دەستپێدەکات کە ئەم چەمکە بکەوێتە بەر مەترسی. عەشق بێتاقەتیی زەمانی هەتا لێدانی کەڕەنای ئیسرافیلی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، عەشق بەتەنها بابەتی بەردەستی مرۆڤە کە لەهەموو فۆرمێکی بەرژەوەندی خاڵییە، ئەگەر بەرژەوەندی لە عەشقدا هەبێت، ئەوا زمان ناچارە لەبری چەمکی بەرژەوەندی، ئەلتەرناتیڤێکی تر بدۆزێتەوە. بەرژەوەندی چەمکێکی **(من)**گەرایی ئەو نەزمانەیە کە دونیای ناشیرینی دەرەوە بەڕێوەدەبەن. بەرژەوەندی لە فەرهەنگی رۆحانیدا جێینابێتەوە. پرسیارەهایەکی وەك ئەوەی ئایا عەشق پێداویستییەکی غەریزیو فسیۆلۆژییە؟ ئایا عەشق پرۆسەیەکی عەقڵانییە؟ ئایا عەشق خەونێکە خۆنەویستانە دەبێت ببینینو شەڕێکە مەحکومین بەوەی بیکەین؟ ئایا عەشق پڕکردنەوەی بۆشاییە رۆحییەکانو هاوسەنگکردنی هاوکێشەکانی سروشتە؟ ئایا عەشق دۆزینەوەو گەڕانە بەدوای خوددا؟

هەڵبەتە دەیان پرسیاری تریش بخەینە سەر ئەم تێکستە، هێشتا هەژارترین لەوەی بتوانین پێناسەیەکی ستاندارد بۆ عەشق دابڕێژین، چونکە لە دواجاردا پرۆسیسەکردنی خودی عەشق، پێناسەکانی ئێمە دەسپێرێتە دەریاو پێماندەڵێت زمان لەئاست عەشقدا کڵۆڵترە لەوەی وەسفی بکات.. عەشق نانووسرێتەوە، عەشق شتێکە دەبێت ببینیت.

لەوەها پرۆسەیەکی تەمومژاویی وەك عەشقدا، دوو هۆ پانتاییەك داگیردەکەنو لە هاوکێشەی جەلادو قوربانیمان دەنێنو دەمانگەیەننە ئەنجامێکی وەك مەرگ.

**یەکەم**

***خەون:***

ئەگەر خەون لە عەشق دابماڵرێت، ئەوا (**عەشق**) (**بوون**)ی خۆی لەدەست دەدات. ئەوکاتە عەشقیش دەچێتە چوار چێوەی پەیوەندییە رواڵەتگەراییەکانی تری ژیانەوە. جیاواز لەمانەش، عەشق تا ئەو پنتە جوانە کە کورو کچێك لە هەموو ژوانێکدا یەکتر پڕ لە خەون دەکەن. چونکە نابێت بیرمان بچێت، هەموو خەونێك لە واقیعبوونیدا دەستبەرداری جوانبی (**ستاتیکای خەونەکە**) دەبێت.

**دووەم**

***بەهی خۆزانین:***

بەشێوەیەکی گشتی عەشق ویستێکی تەمەلوکانەیە. کەسی عاشق تەنیا جەستەو خەون نا، بەڵکو هەموو شتێکی مەعشوقەکەی بەهی خۆی دەزانێت. کەم نین ئەو چیرۆکانەی بەهۆی فڕاندنی رەفتەیەك، تەوقەی کچێکەوە دوو عەشیرەتی داوە بەیەکدا. تەوقە، مەتاتێك، سیمبولە بۆ خودی کچەکە، فڕاندنی لەچکێك، واتە فڕاندنی کچەکە. فڕاندنی کچەکەش، واتە فڕاندنی شتێك کە هی منە. عاشق لێرەوە هەست بە مەترسی لەدەستدانی مەعشوقەکەی دەکات، هەستدەکات کەسێك هاتووە کە هەم خەونەکەی داگیردەکاتو هەم شتێکیشی لێدەسێنێت کە هی خۆیەتی. خۆ ئەگەر ئەو کەسە (**ئەو کولتوورە**) دانوستان قبوڵنەکاتو بەبێ مەرج ئەو شتەی نەداتەوە کە هی خۆیەتی، بێ یەكو دوو بۆی لە سەنگەر دەچێت. منی عاشق شەڕێك دەکەم کە بەهەموو





پێشهاتەکانییەوە قبوڵمە، ئەگەر مەرگیش بێت. ئەو جەنگە لای عاشق شەرافەتمەندترین جەنگە بە ئەستوورترین رقەوە.

شەڕی قابیلو هابیل شەڕکردنە بە هەمان میتۆد، سەیر لەوەدایە شەڕی عەشق وەك شەڕی شتەکانی تر تیۆرو یاساکانی جەنگ نایگرێتەوە، لە کورتترین نموونەدا؛ مەرج نییە لە شەڕی عەشقدا لایەنی بەهێز بیباتەوە (**چونکە لە عەشقدا لایەنی بەهێز ئەوەیە کە زۆر قووڵ خۆشویستنی هەیە، واتا توانای قوربانیدانی یەکجار زۆرە.**)

زۆرجار ئەو حیکایەتانەی زیندانمان بۆ دەگێڕنەوە، کە ژنەهایەك بەهۆی پەیوەندییەکی دۆستدارییەوە، پیاوێکی تریان خۆشویستووەو دواتر مێردەکەی خۆیان کوشتووە یان زیندەبەچاڵیان کردوون. راستییەکەی ئەم ژنانە لە یەك کاتدا جەلادو عاشقن. ئەم کارانە چەندە نالۆژیکیو ناعەقڵانیو تەنانەت نائینسانییش بن، بەڵام عاشقانەن. ئەمەش وەڵام بە پرسیارێکمان دەدات کە لە سەرەتادا بە مەبەستی دۆزینەوەی پێناسێك بۆ عەشق؟، کردمانو ئێستا گەیشتین بەو بەرسڤەی کە بەڵێ عەشق پرۆسەیەکی تەواو ناعەقڵانییەو لێرەوە ترسناکی دەستپێدەکات. راستییەکەی دەبێت ئێمە بزانین لەگەڵ پرۆسەیەکی ترسناکی وەك عەشقدا چۆن مامەڵەدەکەین.

من لام وایە هەر شکستێکی ئێمە، لەسەر هێڵێك لە یادەوەریماندا نەخشدەبێت، بەڵام شکستی خەون پانترینو درێژترین هێڵ دروستدەکات کە ئێشکردن لەسەر لەیادکردنی ئەم شکستە، ئێشکردنە لەسەر مەحاڵ. رەنگە بازرگانێك دوای نابوتبوونی یان دەستگرتن بەسەر سەروەتو سامانەکەیدا، بتوانێتو ئیشبکاتەوە بۆ پێکەوەنانی ماڵەکەی، یان سۆزانییەك لە رێی ئیرادەی هێزەوە بتوانێت ئەو جەستە داگیرکراوەی خۆی کۆنترۆڵبکاتەوەو بگەڕێتەوە

نێو ژیانی ئاسایی. لەم بارانەشدا هێزی بیرچوونەوە رۆڵێکی کارای هەیەو بەردەوام لەدوای هەر بەربەستو کەوتنو شکستێکەوە، ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە مرۆڤ بدات. هێزی بیرچوونەوە پڕە لە وزەی ژیان، وەلێ ئەم هێزە گەورەو گەردوونییە لەئاست (**شکستی خەون= شکستی عەشق**)دا پیرەپیاوێکی داماوە.

کاتێك خەون لە مرۆڤێك داگیردەکەین، واتە راستییەکەی مرۆڤەکەمان لە پەلوپۆ خستووەو (**بوون**)یمان خستووەتە بەر هەڕەشە. هەموو بوونێکی ئەم گەردوونەش، لە ململانێیەکی گەورەدایە بۆ مانەوەی. لێرەوە دەشێت هەر شتێکی چاوەڕواننەکراو لەم (**بوون**)ە چاوەڕێبکەین. بە تیۆرە فیزیکییەکەشی، کاتێك پەستان لەسەر تەنێك دادەنێین، شێوەو قەبارەی ئەو تەنە مەحکوم بە گۆڕان دەکەین. ئێستا بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئێمە خۆمان دەستمان هەیە لە پەروەردەکردنی جەلادێکدا! وەختێك هەوڵی داگیرکردنی خەونی مرۆڤێك دەدەین. ئەمە بەتەنیشت ئەوەوە کە ئەسڵی پرۆسەکە (**عەشق**) سروشتێکی پڕ زەبروزەنگی هەیە.

وەختێك سارتەر دەڵێت: "**ئەوانی تر دۆزەخن.**" راستییەکەی نەیویستووە برا لە برا بکات بە دوژمنو خۆشەویستی نێوان ئینسانەکان بکوژێت، بەڵکو ئەو ئیکتیشافێکی گەورەو گەردوونیی کردووەو بەو ئامانجە گەیشت کە هەموو بوونێك هەڕەشەیە لەبەردەم بونێکی تردا. بوونێکی تر واتە هەڕەشە لەبەردەم بوونی مندا. بوونێکی تر واتە تەسککردنەوەی مەودایەکی بەرین لە خەونەکانی من. کاتێك لە عەشقدا بوونێکی تر دێت، ئیتر تۆ لەبەردەم دوالیزمەی لەناوچوونو لەیادچوونەوەدایت. ئەم دوو ریانی مەرگە وەختێك تێدەپەڕێنیت کە تولەڕێی سێیەم بدۆزیتەوە. ئەویش رێگەی سڕینەوەی (**ئەوی تر**)ە، لە





واقیعو ژیانو خەیاڵی (مەعشوق)دا. ئەو ئەوەی کە پێشتر هی من بووە، هەڵبەتە هەڵبژاردنی ئەم رێگەیە سەختترینیانەو پێویستیی بە قوربانیو بەخشینێکی زۆر هەیە، کە بوونی هێزی بەخشین، جارێکی تر جەخت لەسەر عاشقبوونی تۆ دەکاتەوە. چونکە **ئەریك فرۆم** پێیوایە لە کورتترین پێناسەدا، "**عەشق هیچ نییە جگە لە توانای بەخشین.**"

جارێکی دەگەڕێینەوە سەر ئەفسانەکە، وەختێك قابیل ئەم شەڕە دەباتەوەو هابیلی برای دەکوژێت، ئیتر ئەمە دوا خاڵی ئاسوودەگیی قابیل نییە. ئەو دەبێت ئەم جەستە کوژراوو خوێناوییە بسڕێتەوە، ونو فەنای بکات، نەك بە خاتری ئەوە دەیشارێتەوە کە برایەتی، ئەوە ئەو رقە هێجگار گەورەو وەحشیانەیەی قابیلە کە دەخوازێت ئەم جەستەیە بەکوژراوییش لە دونیا بکاتە دەرەوە. دەبێت لێرەوە ئێمە ئەوە بزانین شاردنەوەی مردوو، بێحورمەتیکردنە بە خودی مردووەکە نەك رێزگرتنی. وەختێك لەگۆڕی دەنێین، پێیدەڵێین **ئیتر تۆ دەبێت لە شوێنێکی نزمتر لە ئێمەوە سەیری شتەکان بکەیت. وەختێك دابدەپۆشین، دەمانەوێت پێیبڵێین ئیتر چاوی تۆ نابێت بە هیچ گەردنێکدا بڕوانێت، ئیدی تەواو.. لێوی تۆ نابێت جارێکی تر تامی ماچ بکات.. تەواو دەستی تۆ لەوە کورتترە بهێڵین بگاتە هیچ پرچێك.** ئەمانە هەموو ئەو مەنەلۆگانەی ناو نەستی قابیلن، وەختێك سەرقاڵی شاردنەوەی جەستەی هابیلی برایەتی.

ئێستا ئەگەر ئێمە بکەنە نووسەری ئەم سیناریۆیەو بمانخەنە پێش رووداوی کوشتنەکەی هابیلو تکامان لێبکەن سیناریۆکە تەواوبکەین، بێئەوەی هابیل بکوژین، من لاموایە لەو کاتەدا ئەم سیناریۆیە ناتەواوترین سیناریۆی ئەم گەردوونە دەبێت. ناکرێت هابیل هەڵبدەین بۆ تاراوگە، کێ گەرەنتیی

نەگەڕانەوەی هابیلێك دەکات؟ ناکرێك هیچ شتێکی تر لە هابیل بکرێت، جگە لە کوشتن‌و سڕینەوەی، چونکە هابیل ئەو کاتەی هاتە ناو ئەم یارییە جەهەنەمییەوە، ئەوکاتە ئیمزای لەسەر کوشتنی خۆی کرد.

قابیل هابیلی نەکوشت بۆ ئەوەی مەعشوقەکەی پێیبڵێت: **"تۆ ئازاترین پیاوی دونیایت، ئیتر من هی تۆم."** نەخێر.. قابیل دەیزانی کە عەشق نازانێت ئازاو ترسنۆك، مەردو نامەرد کێیە. عەشق کوێرە، مادام قەدەری ئەمیش عاشقبوونە، کەواتە قەدەریشی بوو کە ببێتە پیاوێکی جەلاد.

لێرەوە دەبێت ئەو قەناعەتە گەمژەو ساویلکەییە تێبپەڕێنین، کە پێمانوابێت عەشق هەڵگری گوتارێکی ژیاندۆستییە بەتەنیا. راستییەکەی عەشق خەتەرترین دیاردەی ئەم گەردوونەیە کە دەبێت هەوڵی بەدەستهێنانی (**مەعریفەی مامەڵەکردن**)ی بدەین.

**2003**

## بەختیار علی؛

## پیاوی خوێنەرە جیاوازەکان

زموونی زیاتر لە پانزە ساڵی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، کۆمەڵێك چەمکی هێناوەتە کایە، یان چەمکگەلێکی تری پێناسکردووە، کە سەرلەنوێ دارشتنەوەو تێگەیشتنیانی کردووەتە کاری نەکردە. یەك لەو چەمکانەی دونیای گفتوگۆو نووسین (**جیاوازی**)یە.

ئەم جیاوازییەی لەم پانزە ساڵەی رابردوودا بەریکەوتووین، خودی (**جیاوازی**) خۆی نییە. واتە جیاوازییەکی لۆژیکی نییە لەسەر ئاستو پلەبەندییەکی دروست، جیاوازییەك نییە کە بتوانێت جیاوازی دابرێژێت.. واتە کاتێك دوو شت، دوو نووسین، دوو نووسەرمان لەلا جیاوازە، لەوەوە نەهاتووە کەیەکێك لەم دووانە خاوەن بوونێکی زیاتر، خوێندوەیەکی فراوانتر، دیدێکی روونترە.. لە باشترین حاڵەتدا، لەوەدا کورتبووەتەوە کە ئێمە جیاوازین تەنیا بۆ ئەوەی لەیەك نەچین. ئێستا وەختە چەمکەکە رەنگو بۆیەکی سایکۆلۆژی بگرێت، واتە جیاوازییەکانی ئێمە لەیەکتر جیاوازییە لە قیندا.

لەم مێژووە نوێیەی دونیای رووناکبیریی کوردیدا، کەس هێندەی بەختیار عەلی قسەی (**جیاوان**)ی لەسەر نەکراوە، بە جۆرێك ئەو نووسینە (**جیاوازانە**) لە رووی قەبارەوە، لە کۆی کارەکانی ئەم نووسەرە زیاترن. پرسیاری زیندوو ئەوەیە ئەمانە چییان وت؟ چییان خستە سەر دونیابینیو ئەبستمی بەختیارو خوێنەرەکانیشی؟!

هەڵبەتە روونە کە قسەکردن لەبارەی ئەم پیاوەوە، سەختەو مرۆڤ دەخاتە ناو تونـاوتونو رێگومکەیەکی کوێرەوە. جارێك لەبەرئەوەی بواری کاری





نووسەرەکە زیاتر لە کایەیەکەو جارێکیش لەبەرئەوەی قورسایی ئەم کارانە رێنادات وا بەسانایی هەموو خوێنەرێك لەسەر خۆی بهێنێتە قسە.

راستییەکەی من دەمێکە لەبیری ئەوەدام وتارێك لەمەڕ ئەم باسە بنووسم، لەسەر تێگەیشتنو ناسکردنی بەختیار عەلی وەك خۆیو بەختیار عەلی وەك ئەوەی هەیە.

بە بڕوای من، ئەم نووسەرەی دونیای ئەدەبی ئێمە خاوەنی سێ جۆر خوێنەرە؛ خوێنەرانێك کە ناتونن هەزمی بکەنو لە کورتبینییانەوە بێ شرۆڤەو لێکۆڵینەوە، راستو چەپی بەسەردا دەهێننو لە وێبسایتە شەرمەزارو خۆخەجلەکانەوە ئەوەندە دەڕشێنەوە، کە بڕست لە خوێنەرە بەستەزمانەکانی خۆشیان دەبڕن. ئەم جۆرە خوێنەرە ئەم پیاوەی پێ قوتناچێتو لێرەوە قسەی بڕیوەتەوە کە هەر چییەکی نووسیوەو "**هەر چییەکیش لە ئایندەدا دەنووسێت**" هی خۆی نییەو دزیوێتی.. جێی داخە ئەم تایپە لە خوێنەر دیدیان وەك جیکڵدانەیان هێند بچووکە، کە فرسەتی قبوڵکردنی دەقی گەورەی کوردیی لەدەست داوە. دیسان جێی سەرنجو تێبینییە کە بەشێکی ئەم خوێنەرانە لەناو نەوەی دەیەی شەستو حەفتاکاننو لێرەو لەوێش گەرا پیسو شڵەقاوەکانیان لە گۆمەزاری نەوەی نوێدا چاودەکرێت.

لەسەر ئەم ئەستێرەیە هەر پارتو ئایدیایەك پێویستی بە گەلەککاریو خەڵك لە خۆکۆکردنەوە هەبێت، ئەدەب وەك کایەیەکی خەیاڵکاریی– مەعریفی پێویستی پێی نییە. چونکە ئەدەب ناکۆتا درێژدەبێتەوە. رەنگە تێکستێکی ئێستا لە سەد ساڵی داهاتوودا، ژیانی خۆی دەستپێبکات. هەموو کێشەی نێوان ئایدۆلۆژیاو ئەدەب، نەمرییە. هەردوکیان هەڵوەدای ئەوەیانە نەمرن، کەچی هەمیشە ئەدەب یارییەکەی بردووەتەوە.

رەنگە هەر نووسەرێکی دونیا بگریت، پێیخۆشبێت ژمارەیەك بچێتە سەر خوێنەرەکانیو کتێبێکی زێدەتر بفرۆشرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە نوسەرەکە بۆخوێنەرەکانی نەیەتە خوارو ئەوان رابهێنێت بۆ لای خۆی سەربکەون.

بەشێکی تری خوێنەرەکانی بەختیار عەلی کە **زۆرینەن،** ئەوانەن کە ئەم پیاوەیان خۆشدەوێت، خۆیان لێدەبێتە پاڵەوانی رۆمانەکانی، خۆیان لێدەبێتە **فەرەیدونی مەلەك**و **سەریاس**و **جەلادەت**و **دڵشوشە**و **ماجەلان**. ئەم جۆرەی خوێنەر، وەك عاتیفە دوای بەرهەمی ئەم نوسەرە کەوتوونو زۆرجاران بێئەوەی خوێندبێتیانەوە، لەسەری هەڵدەدەنێ، دەیکەنە هەرا. تا ئاستێك بەختیار عەلییان کردووەتە تەوتەمێکی رووناکبیریو هەر ئەمانیشن فارس وتەنی **هیزمکشی** جەنگی نێوان جۆری یەکەمو نووسەرن.

بە بڕوای ئێمە، ئەم خوێنەرە خوێنەرێکی کوشندەیەو خزمەت بە نووسەرو پەیامەکەشی ناکات، ئەمان خوێنەرانێکی مەزاجیو ججێڵن، نە قووڵ دەفکرنو نە قووڵ دەئاخفن. ئەم نەوە نوێیەی خوێنەری بەختیار عەلی، پشکێکی لەو رەنگکوێرییەی جۆری یەکەمی پێبڕاوەو ناتوانێت لە رەشو سپی بەولاوە، رەنگێکی تر نازبکات.

جۆری سێیەمی خوێنەرەکانی ئەم پیاوە، لە رووی ژمارەوە کەمترینی خوێنەرەکانین، بەڵام دەکارن ئەم پیاوە وەك خۆی بخوێننەوەو لە جێگەو شوێنی خۆشی قسەیان لە هەندێك شوێنی بەختیار عەلی هەبێتو بتوانن ئەوەندە لەگەڵ کارەکانیدا بژین، کە هەست بە بچووکترین گۆڕان (**نەك گۆڕانی رایکاڵ**) لە فیکری نووسەردا، بۆ نموونە: لە چەمکەکانی (**نەمری، عەشق، مەرگ**و **عەدالەت**) لە**مەرگی دووەمی تاقانە**وە تا **شاری مۆسیقارەسپییەکان**و **غەزەلنووس** بکەن.





ئەمانە کورتەی جۆری خوێنەرەکانی ئەم نووسەرەن، بەو هیوایەی لە جێگەیەکی تردا بتوانین قسەیان لەبارەوە بکەینو ئەم ستوونەش، ئێمە نەختە هیچ بەرەیەك نە لە دۆستە مەزاجیو نە لەدوژمنە سەرپێییەکانی بەختیار عەلییەوە.

**2008**

# سێوی شین..!

بەهەموو ئەو واقورمانو سەرسورمانو ئەبلەقییەی مرۆڤ لەبەرامبەر سروشتدا هەیەتی، کەچی ناتوانێت کەماڵییەکەی نەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئینسان خۆی دەستێکی ناڕەنگینو گەورەوگرانی لە دروستکردنی ناسازیدا هەیە، دەنگی تراکتۆر بهێنەرەوە بەر زەینی خۆت.. دەنگی موەلیدە..

بەڵام ئایا دەشێت سروشت خۆی لەگەڵ هاروهاجتریت مەخلوقیدا کە ئینسانە بەراورد بکات؟ حەق بوو سروشتیش جارجار ئەپدەیتی خۆی بکردایەوە با ئەو جارانە دەیان قەڕنو سەدان ساڵیشیان لەنێواندا بێت.

بیر لەوەبکەرەوە هەندێك شت لەم سروشتەدا زیادە نین؟ سوهراب گوتبووی **"ئەگەر کرم نەبا، ژیان شتێکی کەم دەبوو"** بەڵام داخۆ بوونی جرجێکی بۆرو تەڕی پیسی ناو زێرابێك، بەزیاد نازانی؟ زیاد لەبەرامبەر ئەو حەمکە جوانییەدا کە سروشت خاوەنییەتیو مرۆڤ بێ ئەوان ناتوانێت چرکەیەك بەردەوامبێت.

ئایا نەدەبوو لەجێگای گریانو زیڕەزیڕ، منداڵ دەنگێکی هەبایە بەوێنەی گمەگمی کوکوختی، ئەو کاتە ماڵەکانیش دەسبەرداری دۆزەخی خۆیان نەدەبوونو تامی باخچەیەکیان نەدەدا؟

نەدەکرا **کەر** لەجێگەی ئەو سەڕە سەڕە ناخۆشەی، کە خوداش بەخودایەتی خۆی رقی لێیەتی، دەنگێکی وەك بولبولی هەبایە؟ دەزانم نمونەکەم لەرووی ئەندازەییەوە خراپە، (**ئاخر ئەوە کۆڵی منە لەهارمۆنیادا کە هەرگیز شتە شیاوەکانم بۆ پێکەوە کۆنابێتەوەو بەردەوام خەمی ئەو کێماسیەم دەمکوژێ**) ئەگەرنا نابێتو نەگونجاوە کەر بەو پەیکەرە زەبەلاحەیەوە دەنگێکی ناسكو





نزمی وەك دەنگی بولبولی هەبێت، دەی با سروشت بەو توانا فراوانە هونەری_ئیستاتیکییەی خۆیەوە لە خولْقاندندا، هەڵەکەی هەردووکمان راستبکاتەوەو دەنگێکی دیکە بێافرێنێ، مەگەر بۆ سرشت هیچ شتێك نامومکینە؟

هەرچەند دەزانم ئێستا جەمال غەمبار لە پێشنیازێکی وەها پەستە. ئەو جارێك لە تەلەفوندا پێی وتم "توانا.. بیری (**کەر**) دەکەم.. زۆر زۆر بیری دەکەم.. دەمێکە گوێم لەدەنگی نەبووە.. لەم قاڕە گەورەیەدا کەرێکی وەك لای خۆمانی لێنییە بسەڕێنێو ئەم دڵەی من ئاو بدات" ئەگەرچی ئەم قسەیە خاڵی نییە لە وێنەیەکی شیعریی تژی لە تاسەکردنی نیشتیمان، هاوکاتیش دیسانەوە گەڕانەوەیەکی قوڵی شاعیرە لەسەر ئاستێکی قوڵی نوستالوژیی بۆ ئێرە.

زۆر زیاد ناڕۆین لەوەی داوای هەڵگرتنەوەی مردن لەسروشت بکەین، چونکە من بۆخۆم پێم وایە دیوێکی تری ژیانەو بەهەموو ئەو خۆفەی هەمانە لەبەرامبەری، جوانییەکیش خۆی تێدا مەلاس داوە.. جوانییەکی پەنهان.. جوانییەك کە بێ وردبوونەوەو بیرکردنەوە لێی هەرگیز نایبینی.

**لێ ئایا نەدەشیا ئازار نەبێت؟!**

ئەگەر وابوو یەکەم شت لەشارەکەی خۆمانەوە دەستپێدەکەین، لە (**نەخۆشخانەی فێرکاری**)یەوە، نەخۆشەکانمان ئیزن دەدا بۆ ماڵەوە.. خوا حافیزتانبێت.. بینای نەخۆشخانەکەمان دەکردە **گەلەریی**.. وێنەی دۆکۆمێنتی رۆژانی زوو (**ئێستامان**) تێدا نمایش دەکرد.. دیمەنی قریشکەی ژنێك لەساتی منداڵبووندا.. ئازاری پیاوێکی پیر لە نەشتەرگەری هەڵکۆڵینی چاویدا.. تابلۆی منداڵێك کە ئاوی گەرمی پیادا رژاوەو زریکەی تا عەرشی عەزیم ناوەستێت.

هەرچەند لە جوانی زۆر رابمێنین کەچی هێشتا خۆمان پێ لەوە ترسنۆکترە ئەم پرۆپۆزەڵە بنێرین بۆ سروشت. راستیش نازانین بەچ میکانیزمو لە کام قاسیدەوە بینێرینو بیگەیەنینە جەناب عالی پایەبەرز (**سروشت**)ی سەروەرمان؟ کەچی زەحمەت نییە مرۆڤ بۆ ئەم بارە کۆمەك لەخەیاڵ بخوازێت، لەوەدەچێ تەواوکردنی دونیا لەدەستی ئێمەدابێت، دەستی خۆمان نـا.. دەستی خەیاڵمان.. ئێستا ئەم وێنەیە بیهێنە پێش چاوی خۆت؛ سێوێکی شینمان هەبێت.. شینێکی کاڵ.. خاڵی رەشی ورد تانوپۆی نەخشاندبێت.. کە چاوی زۆر لەسەر وردبکەیتەوە لەودیو پێستە ناسکەکەیەوە دەنکە رەشەکانی ببینی کە ئارامو مەنگ لە ناوەڕاستیدا چەقیونو ئەوانیش چاوەڕوانی قەپاڵێك دەکێشن.

**2009**

**داهێنەر؛**

**جارێك وەك مامان..**

**جارێك وەك خالیق**

ئایا **جوانی** لە خودی شتەکاندا بوونی هەیە؟ یان وەکو **کانت** دەڵێت هارمۆنییەتە لەنێوان شتی شتەکانداو هەستێکی خۆشو چێژە؟ یان نا.. خودی جوانی لە چاوماندایەو بۆ ئەوەی قسە لە جوانی بکەین، لەبەرئەوە دەبێت قسە لە بوونی چاو بکەین؟ هێشتا بۆ خۆشم لە بەرسڤی وەها پرسیارێکدا ساغنەبوومەتەوە، مەگەر تەنیا (**جوانیناسی**) وەك بەشێکی فەلسەفە، بکارێت وەڵامی لۆژیکیو بارگاوی بە ئارگومێنت بەم پرسیارانە بداتەوە. کەچی یەقینم هەیە کە شتێك هەیە جوانە، ئەو جوانییەش شتێك لەناو مندا دەخاتە هەلەکەسەما.

ئێمە چۆن جوانییەکان دەدۆزینەوە؟ ئایا کەشفی جوانی لە شتێکدا دەکەین؟ یان لە پرۆسیسی ناولێناندا جوانی دەناسێنین؟ یان ئێمە جوانی دروستدەکەین؟ ئەگەر وەڵامەکە یەکەمیانە، بۆ هەموومان وەکو یەكو بەیەك رادە چێژ لە جوانیی هەموو شتەکان ناکەین. ئەگەر دروستیشی دەکەین، چۆن دەکرێت لە کاتێکدا لەسەر جوانییەك نزیك بە شەش ملیار مرۆڤ کۆك بین؟ بۆ نموونە: جوانی یەکەم هەڵڕوانینی ساوایەك بە دەوروبەری خۆیدا، یان جوانی دیمەنی خۆرئاوابوونێك.

فەلسەفەی کلاسیكو بەتایبەتییش سووکرات، بوونی هەر شتێکی نوێ وەك دۆزینەوەو دەرهێنان سەیردەکات، نەك وەك هاتنەبوونێکی نوێ، کە تا پێش ئەم چرکەیە نەبووە. تێزی مامانکاری لای وایە هەموو شتەکان خۆیان لە





خۆیاندا هەن، کاری فەلسەفە دەرهێنانو دۆزینەوەی ئەو شتانەیە لە رێگەی پرسیارو گومانو دیالۆگەوە.

لە حاڵێکی وادا، بونیام تیادەمێنێت، **گۆران** لەرزینی زیخی ژێر کانییەکی بەر تریفەی مانگە شەوی دۆزییەوە؟ یان دروستیکرد؟ (**دروستکردن لێرەدا بەو مانایەی کە رەنگە تا پێش نووسینی ئەم شیعرە زیخ لەژێر ئاودا نەلەرزیبێت، کە بیرکردنەوە لە شتێکی وەها، سەردەرهێنانێکی لۆژیکیی بەدواو نابێت!**).

یان لە تابلۆیەکی **رۆستەم ئاغالە**دا کە لیپاولیپ گوڵو لالەزارەو کارێکە لە سروشتدا، لە خاڵێکی نزیك بەچەقی تابلۆکە، وەك فیگەرێکی فەرعی، گوێدرێژێك تەستەقول دەکات. لەجیاتی ئەو تەستەقولەی ئێمە چاومان پێی راهاتووە، گوێدرێژەکەی **ئاغالە** گوڵ دادەنێتو گوڵ دەکاتە خوارێ. سەیرکردنی ئەم تابلۆیە، دیسانەوە دەمانخاتەوە بەردەم پرسیاری ئایا راستیەکەی گوێدرێژ هەوا دەهاڕێتو ئێمە نەمانزانیوەو ئێستا **رۆستەم** ئەم جوانییەی نیشانداین؟!

فریوی ئەو چاوانە لە چیرۆکێکی **کاروان عومەر کاکەسوور**داو لەزاری کارەکتەرێکەوە قوتابخانەت لێدەکات بە تەڵەی مشك، ئەم فۆتۆیەی قوتابخانە لە زوومی کاروانەوە (**لە کاتێکدا ئەگەر لەیادمان بێت لە رووی فۆرمەوە، نەخشەسازیی بینای قوتابخانەکانی ئەم وڵاتە هەمیشە نزمو ئاسۆییو پەنجەرەکانیشیان ئاسنو کەتیبەبەندن،**) تەواو مرۆڤ دەخاتە گومانەوە کە ئەمە وێنەی راستەقینەی قوتابخانەیە نەك ئەوەی لەسەر جادەو کۆڵانەکانەوە ئێمە دەیبینین. (**بەو تێبینییەی من نامەوێت لێرەدا قسە لە هیچ مەدلولو کۆدێکی ئەودیو ئەم دالو سیمبولەی چیرۆکەکە بکەمو تەنها مەبەستمە لە ستاتیکاو پرۆسیسی جیاواز روانینو جوانی لە چاوی ئەم چیرۆکنووسەوە سەرنجبدەم.**)

من بۆ خۆم تا ماوەیەکی زۆر سەیری بینای هەر قوتابخانەیەکم دەکرد، وەك تەڵەی مشك دەهاتە بەرچاوم. من لەنێوان وێنە واقیعییەکە (**ئەو وێنەیەی رۆژانە بەریدەکەوین**)و وێنە راستەقینەکە (**ئەو وێنەیەی کە لە ئەسڵدا هەیە**)و ئەو وێنەیەی کە خۆم لەژێر کاریگەریی چیرۆکەکەی کارواندا بۆم دروستببوو، سەرم لێ تێکچووبوو.

هەر ئەم منە خراپەی خۆم، لە **هیوا قادر**ەوە هەستم بە تامی **شیویت**و فێنکیی قاژە **شووتیی** عەسران کردووە. جارێکیشیان لە شیعرێکی **دلاوەر قەرەداغی**یەوە بەتەواوی فێربووم چێژ لە خواردنەوەی **پەرداخێك ئاو** وەربگرم. پێشتر من سەدانجار ئاوو شووتیو شیویتم خواردبوو، بەڵام..!

بێحیکمەت نییە شاعیرێکی جوانیناسی وەك **سوهراب سپێهری** دەڵێت: "**دەبێت چاوانمان بشۆینو بە جۆرێکی دیکە دونیا ببینین.**" ئەم شیعرە جەختێکی ترە لەوەی کە جوانییەکان لە خۆیاندا هەنو ئامادەن، بەڵام چاوێکیان لازمە بیانبینێت، ئەوا ئێستا لەسەر وەزنی شیعرێکی گۆران وەختە بڵێم: (**دە.. خودایە چاوێکی وا**).

**2008**

# ژیانێکی تر

# بە قەرز..

سەعات **2:44** دەقیقەی شەوە، لەبەر مۆمدا (**برایانی کارامازۆف**)م تەواوکرد، هەناسەیەك هەڵدەکێشم، فریاناکەوم بیدەمەوە، بیرمدەکەوێتەوە دوای ئەمە سەرەی چییە؟ کام کتێب بخوێنمەوە؟ بەسەر لیستەکەی ناوزەینمدا دەچمەوە، جارێ من لەخۆئامادەکردنی گفتوگۆیەکدام لەگەڵ خانمی رۆماننووس (**ئەحلام موستەغانمی**)و لە پەیداکردنی کتێبەکانیدام. چەند رۆژێکیشە لەکتێبخانە سەرەم بۆ (**هێڵنج**)ی **سارتەر** گرتووە، چاپێکی (**کۆمار**)ی **ئەفلاتون**م دەستکەوتووە زۆر بەدڵم نییە، لەسۆراخی چاپێکی تردام. دەمێکە وەعدم لەگەڵ خۆم هەیە (**دانپیانانەکان**)ی **رۆسۆ** بخوێنمەوە، بەینێکیشە (**هێرمان هیسە**) ئەو عارفە خۆرئاواییە رۆژهەڵاتناسە، خەیاڵمی داگیرکردووە، پێم غەریبە ئەم پیاوە چۆن ئەو هەموو قوژبنو کەلەبەرە تاریکانەی رۆحی ئینسان پێدەزانێت.

دڵم بۆ شیعرێکی ناوازەی (**سوهراب سپێهری**) لێدەدات کە سێ هەفتەیە لە ئینتەرنێت وەرمگرتووەو نەمخوێندووەتەوە، بیری (**کۆستانتینۆ گۆرگیۆ**) ئەو قەشە ئینساندۆستە **هەنگاری**یە دەکەم. لەوەوە دەزانم کە ئەدەبیاتی ئەوروپای رۆژهەڵات چەند بەرز ئینسان دەناسێتو چۆن هەستی مەترسی لەسەر ئەم بوونەوەرە لە کتێبەکانیاندا بەروونی لەبەرچاوە. لە کەیەوە تاسەی (**گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوو**)ی **مارسیل پرۆست** دەکەمو لەبەر گەورەییەکەی جەسارەت ناکەم دەستی بدەمێ. حەزدەکەم (**لۆرانس**) بخوێنمەوەو زێدەتر لە ژن تێبگەم.





ئەم ساتگەلەی ژیانی مرۆڤ هێندە سەختە بونیام نازانێت لە رێگومکەی ئەو کتێبخانە گەورانەدا، چی هەڵببژێرێت. بیر لە خۆم دەکەمەوە، لە خانووەکەم کە دەبێت سەری مانگ چۆڵی بکەم.. لە ئیشێك کە هێشتا نەمدۆزیوەتەوە.. لە ئێوارەخوانێکی دەرەوە لەگەڵ هاوسەرەکەم.. ئاهـ من چەند قەرەباڵغو چەند تەنیام خودایە.

لە خۆمەوە مۆبایلەکەم بەدەستەوە گرتووەو دەمەوێت ئەم ساتە قەلەقییانە بۆ برادەرێك بنووسمەوە.. لەوسەرەوە بە دێڕێکی خەواڵوو وەڵامم دەداتەوە، کە ئەوەندی هەڵە تێدایەو هێندەی پیت پەڕاندووە، بەزەحمەت بۆم دەخوێنرێتەوە، نووسیویەتی: **"ژیانێکی تر قەرزبکە."**

**2008**

# پیاوێك.. لە ئاونگ

**دلاوەر قەرەداغی** هاوڕێی من نییە، بەلاّم هەندێك لەشیعرەکانی وەکو ئەو یەك دوو هاورِێ ماندووەی هەمە دەناسمو لەگەلّیان ژیاوم.. رێکەوت وایکرد لەو رۆژانەی پێشوودا بۆ کۆڕێکی شیعریی ئەو لەگەلّ چەند هاوڕێیەکدا بچینە **دەربەندیخان**. کەبەیانی وادەی سەفەرەکە هات، بەڕێکەوت هەر منو **دلاوەر** حازر بووین، پێکەوە رۆیشتین. تەواوی رێگای هەلّزنان بەشاخداو بەرەو دەربەند، جگە لەچەند قسەیەکی ئاسایی شتێکی وامان لەگەلّ یەك نەوت. بێدەنگو بەگوێگرتن لە (**پایزی تەلّلایی**) فریبرزی لاچینی یەوە رێگەمان بڕی.. لەو سەفەرەدا من زێدەتر هەستم بەو ئارامییە قولّەی ناو شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغی کرد.. لەوێ زانیم ئەم پیاوە چەند لەشیعرەکانی دەچێتو چەند لەگەلّ خۆی راستگۆیە.

(**کۆلاّن**)ی ئەم شاعیرە سەرەتای بونیادنانی مێژووە بۆ شارێکی بێ مێژوو.. ون بوون.. گەورە بوون.. فیراق.. خوێنو شۆڕش.. روخانی ئێستاو گەڕانەوەیەکی نوستالۆژی لەسەر ئاستێکی قولّ بە ئیستاتیکایەکی بەرز بۆ جاران، جارانی سادەیی.. جارانی جوانی.. جارانی مندالّی.

دوای ئەو هەموو سالّە دووری، دلاوەر لە نوێترین کاریدا (**کۆلاّن**) دەنوسێتەوە، بەلاّم ئەمجارە لەژێر ناونیشانی (**دەچمەوە بۆ کۆلاّنی پایز..!**). نوسینەوەی سەرلەنوێ (کۆلاّن) لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە؛ کەلەڕاستیدا ئەم شارە بێ مێژووە!! **"من شتێکی گرنگم لێ ون بووە/ من شتێکی گرنگم لەبیرچووە/ من بەدوای شتێکی گرنگدا/ دەگەڕێم"**.





مرۆڤ نالوێ لەشارێکی بێ مێژوودا بژێت، بۆیە ئەگەر دەستی کەمیش بێت دلاوەر لاپەڕەیەك لەو مێژووە تۆماردەکات. هەروەك چۆن خوێنەر ناتوانێت مێژووی **هەولێر** لە رۆمانەکانی **کاروان کاکەسوورو شێرزاد حەسەن** و مێژووی **سلێمانی**–یش دوای **حەمە فەریق حەسەن** لە **بەختیار علی**و **ئیسماعیل حەمە ئەمین**–دا نەبینێو نەخوێنێتەوە، ئاوهاش بۆ گەڕانەوەو پیاسەکردن بەزەمەنی لەدەستچووی ئەم شارەدا، خوێنەر دەتوانێت دوای ئەو مێژووە سەیرو سیحراوییەی **عەتا محەمەد** لەچیرۆکەکانیدا بۆ سلێمانی خەیالّیدەکات، **دلاوەر قەرەداغی** بخوێنێتەوە.

بۆساتێك بیر لەوەدەکەمەوە هەمووان لەئێستادانو رۆژانێکی تر دەنوسنەوە!.. وەك شتێ دەلّێی هەموومان لەسەر بەیازێکی بۆر دانیشتوینو بەپەڕەموچێك مێژووی شارەکانی خۆمان دەنوسینەوە، وابزانم جارێك یەشار کەمال–یش لەبارەی خۆیو ئەستەمبولّەوە شتێکی وای درکاند.

ئەو مێژووەی ئەدیبێك دەینوسێتەوە جودایە لەوەی دیرۆکنوسێك خەریکێتی، هەمیشە چاوی مێژوونووسەکان لەدیوی دەرەوەی رووداوەکانو دەربارو باقوبریقی جلوبەرگی پاشاکان زیاتری نەدیوە، وەك **رۆسۆ** دەلّێت **"مێژوونووس ئەوەندە لەسەر وەسفی سیماو روخساری کاراکتەرە مێژووییەکانی دەوەستێت، ناوەوەیانی بیر دەچێتەوە"**. ئەوە چیرۆکنووسو شاعیرەکانن ئەم مێژووە تەواو دەکەنو دەینوسنەوە، زەحمەتە خوێنەرێکی **دلاوەر قەرەداغی** هەبێت حاجی رەشیدی عەرەبانچیو ئەسپەکانیو رادیۆ شکاوەکەی نەناسێت. مرۆڤ کەمێك دیقەتبکات دەتوانێت لەرێگای شیعرەکانییەوە مالّی **دلاوەر** لەم شارەدا بدۆزێتەوە، ئێمە کاتێك وتمان **ئەستەمبولّ**و **سلێمانی** دوو شاری بێ مێژوون،

هـەر لـەو رەهەنـدەی سـەرەوەبوو، نـەك ئـەوەی مێـزەرو مـشكی، سـەرەنێزو خەنجەر، ئەسپو برنەو لەكتێبی مێژووی ئەم شارەدا نین.

ئەگەر **شێركۆ بێكەس** لەسەر ئاستی خەیاڵی نەتەوە مێژوونووسـێكی شـیعری بێت، ئەوا دلاوەر قـەرەداغی لەسـەر ئاسـتی خـەیاڵی تاكەكـەس هـەولێكی تـری نوسینەوەی ئەو مێژووە ونەیە.

بۆ **دلاوەر (وەك دەنگێكی جدیی شیعری)** شتێك لە جوانی ئەم شارە كەمە.. وەك بڵێی جوانی لـەم دەڤـەرە بـچوكە بـۆ ئـەم كـوڕە بەهەنگـە شـەلێ دەڕوات. لەنەوەی نوێی شیعردا بونیام دەتوانێت یەك سوپا ریزبكات كەدورو نزیـك لـەژێر كاریگەری ئەم پیاوە دەرناچنو لێرەو لەوێ بە ئەنقەستو نا ئەنقەست هەر ئـەم شاعیرە دەنوسنەوە.

كوردییەكەی **دلاوەر** هێندە شیرینە كە ئینسان دەتوانێت كوردییەكی شكاو و كەل تەنانەت بە وەرگێڕانەكانی ئەم، دەمەزەرد بكاتەوە.. پیاوێك هەموو سـاڵێك بـــەخێرایی بەباوەشـــێك كتێبـــەوە خـــۆی دەكاتـــەوە بـــەم نیـــشتیمانە خەڕەكەشكاوەداو لەوسـەرەوە فڕۆكەیـەكی گێـژ لەگـەڵ خـۆی هـەڵی دەگرێـتو دەیبات.

پیـاوێكی ئـاونگی.. مرۆڤێكـی دلگـەورە ئـەوەتا لەیـەكێك لەشـیعرەكانی ئـەم دواییەیدا نوسیویەتی **"بەتامی بەرسیلە بوغز سوێند دەدەم زۆر بۆی دانەچێت/ ژیان كورتە"**.

**2008**

**دەقی**

**دووەمی نامەیەك**

**کە ناگات..!!**

**لە ساڵی نوێی تەمەنی تۆدا..**

بیستو دووەمین سالّی تەمەنت خۆشهاتو بیستو دوو جار پیرۆزباییت لێدەکەم. بیستو دوو هەزار جار بەختەوەریی تۆم دەوێت.. بیستو دوو ملیۆن جار پێتدەلّێم خۆشمدەوێیت. ئەمشەو من لای تۆ ئەم یادە دەکەمەوە. لەدیوی ئەمدیوی خەیاڵەوە دێمو لەدیوی ئەودیوی پەنجەرە بەرزەکانی ماڵەکەتەوە، رەوانەم بکە.

من دێمو لەوێم.. بەناو پەردە خەتخەتەکەی پەنجەرەکەدا دێمە ژووریّ، بەئەسپایی هەنگاو دەنێمو هۆڵە بچووکەکەت دەبڕم. وەك هەمیشە نەوسنانە دەچمە چێشخانەکەت، سەلاجە بچووکەکەت دەکەمەوە، حەیف شیرینیی تێدا نییە. من هەمیشە حەزم لە شیرینییە، پێم سەیرە لەم جەژنەدا ئەم ماڵە بیّ شیرینی بێت.

سەلاجەکە دادەخەمەوەو چاوم دەچێتە سەر قاپو قاچاخەکەت، لەناویاندا پەرداخەکەم دەدۆزمەوە. ئەو پەرداخەی نیوەی لای منەو نیوەی لای تۆ. دەینوسێنم بە سینگمەوەو دەلّێم: **"من لەمەدا شەربەت دەخۆم."** تۆ گوێت لێنییە، دەنگم بەرزتر دەکەمەوەو تۆ بێخەبەریت، هاوار دەکەمو تۆ قسەکانم ناژنەفیت. بە قاتێك تراکسودی سەوزو رۆبێکەوە لە ماڵەکەدا دێیتو دەچیت، وەك ئەوەی شتێکت لیّ ونبووبێت یان چاوەرێی کەسێك بیت. وا دێیتە پێشچاوم گەرمات بێت، رۆبەکەت دادەکەنیت.. لە قاتەکەتدا زیاتر هەست بە





جەستەت دەکەم، جوانتریت. چێشخانەکە بەجێدەهێڵمو (**چاوەزارە شینەکە**) نابینمو دێمەوە هۆڵەکەت. لە پەیکەری ئەو منداڵە دەڕوانم کە بە دیوارەکەوە هەڵتواسیوە.. بیرمدەکەوێتەوە **ئـــــاهـــ**.. ژووری نوستنەکەتم نەبینی، کە دەچمە ژوورەوە، کانتۆرەکەتم بەرچاو دەکەوێت. دەمەویّ روخسەت بخوازم، بەڵام تۆ نە گوێت لێمەو نە دەشمبینی، ناچار بیّ روخسەت تاکی کانتۆرەکەت دەکەمەوە.

قاتەکانت، چاکەتە زیرەییەکە، بلوسە کاکاویو قاتە کابۆکەت، پانتۆڵەکانت، هەموو شتێك دەبینم، تەنانەت ستیانەکانت کە هەڵتواسیون. لەو ماڵەدا هیچ شتێك ئاسەواری ئەوەی لەسەر نییە کەسێکی تری تێدا بژی، جگە لە سیسەمی نوستنەکە، کە من نەمبینی یان نامەوێت بیبینم. دوایین شتی ئەو ژوورە بێزام دەکات.. چاوەڕیّ ناکەم گوێم لە هەناسەکانی تۆو بۆنی عەترەکانی بەیانیت بێت.

لەسەر مێز تەوالێتەکەت، قەڵەملیۆیکی گۆشتی هەڵدەگرمو دەڕوانمە ئەو هێڵە وردانەی کە لە خشاندن بە لێوە تەنکەکانی تۆدا، لەسەری دروستبووە. هەر بەو قەڵەملێوە دوو دێڕ شیعر لەسەر ئاوێنەکە دەنووسمو ئیمزایەکی خۆم جێدەهێڵم. دێمەوە هۆڵەکەو سیدییەکی (**نەریمانی بابان**) دەخەمە سەر سیدییەکەو دەمەوێت بڵێم **"بەتەنیا گوێگرتن لە نەریمان تامێکی هەیەو بەیەکەوە گوێگرتن تامێکی جیاوازتر."** من چوومەتە ناو گۆرانییەکەی نەریمانو تۆش لە تەنیشتمەوە دانیشتوویت، زۆر نزیکیت.. هەست بە گەرمیی جەستەت دەکەم.. لە ناکاو ژوورەکە جێدەهێڵیتو پاش کەمێك بە کوپێك نیسکافەوە دێیتەوە. لام وایە وتووتە: **"ئیتر ئێمە لە دوو کوپی جیاوازدا ناخۆینەوە، بە هەردووکمان کوپێکمان بەسە."** لەلامەوە دانیشتوویتو بەهێواشی لێوە

تەنکەکانت دەخەیتە سەر لێوی کوپەکە، قومێك‌و دووان دەخۆیتەوەو سەرەی من نایەت. لەدڵی خۆمدا دەڵێم: **"جوولەکە دەتەوێت دیقەدیقەم پێبکەیت؟!"** چەند قومێکی تر دوایی دەهێنێت بە نیسکافەکەو من هیچم لێ نەخواردەوە.

وەختێك کە دەزانم تۆ تا ئێستا منت نەبینیوەو ناشمبینیت، هەڵدەستمو لە پەنجەرەکەوە وندەبم.. ئیتر یان ئەوەتا کەوتوومەتە خوارەوە بۆ حەوشەکەو لەوێ مردووم، یان لەگەڵ کۆترێکدا فڕیومو لەو ئاسمانە لەباڵ دەدەم.

**2004**

**لەساڵی تازەدا**

**ئیمەیلێك**

**کە نایینێرم...!**

خوێنەرێك لەسەر كتێبێكی مۆسیقا هەڵدەسێنمو داوای جگەرەیەكی لێدەكەم، ئەو حەپەساوو وڕ داواملێدەكات دووبارەیبكەمەوە. من راستاو راست دەڵێم جگەرەیەكم بەرێ‌و ئەو زۆری دەهێنێت‌و من ئەوەندە سستم، بە ئەستەم دەمم بۆ هەڵدەچڕێت‌و دەڵێم ئەگەر نامدەیتێ، دەڕۆم.

ئەو لەوە دەترسێت من فرسەت لە ساتێكی وا وەربگرمو دڵناسكیی خۆمی تێدا بەیانبكەم، بە قەلەقییەكی زۆرەوە هەڵدەستێت‌و جگەرەیەكم لە گیرفانی پاڵتۆ زیرەییەكەیدا بۆ دەردەكات.

من گێژو نوشوست بە پلیكانەكاندا وڕ وڕ پێ دادەنێمو دەزانم چەندە جەستەم بۆ سەرەوە هەڵدەكشێت، ئەوەندەش بەناو خۆمدا بەردەبمەوە بۆ كەندێك كە دەمێكە تیایدا گیرمو دەربازم نابێت. بیر لە تۆ دەكەمەوە، جگەرەكەم بە لێوەوەیەو بیر لە تۆ دەكەمەوە، لە تۆ كەهێشتا نەمدیویت‌و ناتناسم. لە تۆ كە شەوێكی ئاوا ساردی پڕ بێكەسیم حەزتكرد وەكو دۆستێك خۆت بناسێنیت‌و من لە چاتینی سایتێكی گەنجانەدا، لە ترسە زوقمی ناوخۆمو رەهێڵەی دەرێ، هاتبوومە كافییەكەوەو دەمویست لە یەك كاتدا دوو گەرمیم چنگبكەوێت، كە عەیامێك بوو لە یەكێكیان‌و ئەبەدێك بوو لە دووەمیان بێبەش بووم.

بیرمە پرسیاری سادەت دەكردو وەڵامی تێكچڕژاوم دەدایتەوە، كە هەموویان بە كەفی نائومێدی سەرتوێژیان گرتبوو. تۆ وەك كچە جحێڵێكی پڕ لە وزەو ئیقاعو من وەكو پیرەپیاوێكی دەستبەتاڵی ئەم رۆژهەڵاتە فەرامۆشە،





دەدواین. من وەكو هەمیشە كە نائومێدییەكەم زۆرم بۆ دەهێنێت، هەموو شتێك بەجێدەهێڵم، ئاوا بەجێمهێشتیت. نازانم بۆ گەمژەیی ئەوەم كردبوو ئەدرەسەكەم بۆ جێهێشتبوویت.

جگەرەكەم بە لێوەوەیەو لەو باڵكۆنە ساردو چۆڵەدا دێمو دەچمو ساردەباش قاژ قاژم دەكات. بیرمدەكەوێتەوە دەبێت ئاگر پەیدابكەم، دەگەڕێمەوە خوارەوەو جارێكی تر هاوڕێكەم لەسەر كتێبی نۆتەكان هەڵدەسێنمەوەو پێیدەڵێم ئاگرم بداتێ.. تۆ لە ژوورێكی گەرمی شارێكی سارددا، بەدیار گۆرانییەكی فارسییەوە ئیمەیڵەكانت بۆ من دەنێریت‌و من لە دڵێكی ساردی ناو جەستەیەكی ساردی شارێكی سارددا، هەموویان هەڵدەگرمو لە خوێندنەوەیاندا تێدەگەم كە قورسایی مێینە لە ژیانی پیاودا، تەنها ئەوەندەیە كە ناهێڵێت لیتەی بەدبەختی بگاتە قوڕقوڕاگەی. بەنامەكانتدا دەزانم كە ژن چ سیحرێك لە ئێمەو چ دەستتێكەڵكردنێكی نامەردانەی لەگەڵ ئەو شتەدا هەیە كە من قسەی لەگەڵ ناكەمو خەڵك ناویان ناوە ژیان.

دەزانم لەوە دەچێت ئێستا كاتی خوێندنەوەی شتەهایەكی لەم بابەتە نەبێت، من دووكەڵ دووكەڵ جگەرەكە هەڵدەمژمو دەخوازم چیتر هەوای ساردی دەرێ، قلێش نەكاتە رۆحمەوە. بیر لە تۆ دەكەمەوە لە تۆ.. دەڵێم بۆ لە وەڵامی ئیمەیلێكی مندا نووسیبووی: **"سوپاس بۆ ئەو هەستە جوانە، بەڵام ببورە بەڕێز، لەوانەیە ئەدرەسەكەت بە هەڵە وەرگرتبێت.. من ئەو كەسە نیم كە تۆ باسیدەكەیت"** ئەوەندەیتر گێژ دەبم، بە حاڵ رووناكیی گڵۆپە زەردەكانی جادەكەی ئەوبەر چاودەكەم، ئەوان ئەستێرەیی تیشكی خۆیان بێپەروا درێژدەكەنەوەو من هێشتا لەو ئاریشەیەدام كە ئێوە بۆچی لە خۆرئاوا یادەوەریتان هێندە لاوازە، كە ناتوانێت كۆمەكی بیرخستنەوەی سێبەری لاری

درەختێکی ئەو بەرماڵەکەتان پێبکاتو من بۆ یادەوەریم وەختە بمخنکێنێتو توند توند بووە لە ملمو هێور هێور هەناسەم قەپات دەکات؟! دەکۆکم، زۆر دەکۆکم، فلتەری جگەرەکە بە دیوارەکەی بەردەمم دەکوژێنمەوەو نازانم بۆ کوێی فڕێدەدەم.. وەختێك ئاگرەکە دەهێنمەوە بۆ هاوڕێکەم، سەری داژنەوییە بەسەر کتێبەکەیداو ئاگرەکەم لێوەردەگرێت، وەلێ من دەزانم ئەو جگە لەو خەیاڵانەی من لەو کتێبەدا، هیچی دیکەی بۆ نەخوێندراوەتەوە.

**2005**

# خۆکوشتن

# لە ئاوێکی سارددا

ماوەیەکە زۆر گۆڕاوم، **هۆشم** بە خۆم نییە.. شەو تا سوبح بەدیار **مەولاناو شەجەریانە**وە بیر لەتۆ دەکەمەوە، کە ڕەنگە لە چاکەتو بیجامەیەکی پەمەییداو لەژێر چەرچەفێکی شیندا بێخەیاڵ وەك (**لازۆ**) نووستبێتی. ماوەیەکە ئەوەندە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا ڕۆچووم، دەترسم ڕۆژێك ئیتر لێی نەگەڕێمەوە.. خۆرەکەی (**سادقی هیدایەت**) بەردەوام ناوەوەم دەخواتو حەزناکەم کەس پێمبزانێت.

لە ماڵەوە نان دەخۆم.. نازانم نانی کەیە، (**کوردە**) دەڵێت: **"لەسەر خۆت نیت."** ئەوەندە **هێواش** ئەمە دەڵێت، بە شێوەیەك **هەر** دەنگی نابیستم، وەلێ لەودیو چاوە قووڵو پڕ میهرەکانییەوە **هەست** بە عبوری ئەم دێڕانە دەکەم. لەگەڵ (**شاخی**)دا لە قاوەخانەی کوڕێکی خوێنشیرین داوای قاوەیەکی تاڵ دەکەم. دەڵێم: بەڕێز با خەست بێت وەك مەیلی منو کەم شەکر بێت وەك دڵی ئەو.

یەکێکیان دەبڕم، نازانم توتەیە یان برا تووتە یاخود باڵابرزە، یان شادە یان براگەورە، یەکێك لەو پەنجانەمە. چەقۆکەم خستووەتە سەریو گوێم لە کیڕەکیڕێتی. کەمێك ئەڵقەکەم دەبەمە پێشەوە، ئەوە ئەوە ناهێڵێت بیبڕم.

ئاگام لە خۆم نییە.. لە کلێنسێکی سپیدا، پەنجەی سووری خۆم لەسەر کیبۆردەکەت دادەنێمو وەك **هەمیشە** ژوورەکە جێدەهێڵم.. کلێنسەکەت کردووەتەوەو **هەستاویت**و یەك بە دونیا دەقیژێنیت.. **هەموو** ژوورەکە لەگەڵتدا رادەپەڕن، کەس **هیچ** نابینێت. دەتبینم لە تیشێرتێکی قاوەییدا دەستت





گرتووە بەدەمتەوەو ماتو حایر ناتوانیت بگریت، کەچی وا لە کلێنسە سوورەکەوە پەنجەی سپیی من دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەڕژێتە نێو دوگمەکانی کیبۆردەکەوە.

شەوێکی درەنگ، بە دەمانچەی **کلۆك**ی شاعیرێك لەنێو دارەکانی سەرچناردا بەدیار قیڕەی برا بۆقەوە، چاودەبڕمە قنچکی **هە**رمێی بەجێماوی سەرخۆشێك. دەرگای ماشێنەکەم کردووەتەوەو دەمەوێت خۆم بکوژم.. درێژ کەوتووم خوێنی گەرمم فیچقە دەکاتە ئاوە ساردەکەوەو کەس نازانێت پێکەوە بۆ کوێ دەڕۆن.

**هێ**شتا گوێم لە شەجەریانی ناو ماشێنەکەمە دەچریکێنێت: "ئەی دڵی ماندوو لەکوێی.." من لەبەرخۆمەوە، نــــا، خۆم نەماوم. لە دڵمدا دەڵێم: ئەی **شانازی** ئەم دڵە **ناسەلیم**ەی من، تۆ لە کوێیت..؟!.

**2007**

*ئەوا ناوانەی ناو کەوانەکان کۆمەڵێك کەسن، کە من بەبێ ئەوان ئەم بێمانایییەم پێ تەواوناکرێت کە ناوی ژیانە.

**نـــامەیەك لە**

**جەلادەت ئیسماعیل کۆترەوە**

**بۆ شاناز سەلیم**

**شەرەفی کردنەوەی ئەم نامەیە**

**بەر لە هەرکەسێك، بۆ خودی شانازخانمە..!**

دەستخەتێکی باریکو شکستە ئەمەی لەسەر زەرفی بۆری نامەکە نووسیبوو:

**"شاناز.. چۆنی؟ وەك هەموو بێماناییەکانی ئەم دونیایە، نازانم بۆ ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم! دەزانم ئەگەر ناوە عەجیبو غەریبەکەم نەبایە هەر نەتدەناسیمەوە، ئاخر ئێوەیەك گەر بتانەوێت لە ڕۆژێکدا بە قەولی خۆتان هەزار پەڕۆ گواویی وەك من دەناسن."**

نامەکە پەلەپرۆزۆیەکی خراپی پێوە دیاربوو، وەك ئەوەی قاسیدەکەی بەسەریەوە وەستابێتو ئەو نامەیەش دوا نامەی زیندانییەکی هەتاهەتایی بێت بۆ کچێك، کە ڕێگەنادەن بۆ هەتاهەتایە جارێکی تر نامەی بۆ بنووسێت.

**"شاناز... نازانم کە ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە، هێشتا هەر شێتی پرتەقاڵیت؟! نازانم تۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان بیر لەو دۆستانەت ناکەیتەوە کە کوشتووتن؟ ئاخر دەبێت تێبگەم چۆن شەوێك کەسێك لەبەر دەرگاکەتان بۆ تۆ خۆی دەکوژێتو تۆ ئەو شەوە لە هەر شەوێکی تر، زووتر دەچیتە خەوێکی قووڵو ئارامەوە! دەزانم ئێستا یەق دەدەیتەوە، لە حەژمەتدا لێوت دەگەزیت، تف دەکەیت لە نامەکەم، لە خۆم، جوێن دەدەیت... دەزانم کە نامەکە هەلاهەلا ناکەیتو لە پەنجەرەی ڤێللاکەتەوە نایدەیتە بەر با، لە موحتەرەمیتەوە نییە! ئەوە تەنیا دەتەوێت سۆراخێکی سامیر لەم نامەیەدا بخوێنیتەوە..**

**بمبورە بێئومێدت دەکەم.. ئەگەر لەبەر ئەوە نەبایە کە پێم خیانەت بوو، هەر زوو دەمتوانی ئاقاری ڕۆمانەکە بە لایەکی دیکەدا ببەم.. دەشمتوانی!**





**بەسووکایەتییەوە زەردەخەنە نەتگرێت. ڕاستی ئەگەر خۆم ڕۆمانەکەم بنووسیبا، هەر وامدەکرد. دەڵێست چی ئیتر چیرۆکنووسەکان وان. من زوو ئەمەم وتووە، پیاو ژیانی خۆی بدات بە سەوزەفرۆشێك، بە شاعیرێك، بە هەلاجێك، بە فیتەرێك، بە گەوادێك، باشترە لەوەی بیدات بە چیرۆکنووسێك. ئەو کوڕی باشانە ئەو ژیانەی تۆ والێدەکەن، هەرخۆت خۆت نەناسیتەوە تێیدا.**

**بەهەرحاڵ شاناز..**

**ڕاستیت دەوێت لەم دونیا خەڕەکە شکاوەدا، کەس وەك ئەوان ناتوانن ژیان وا سیحرییانە بگێڕنەوە.. من گلەییم لە شەرەفیار زۆرە.. چۆنم پێشبینی کردبوو، هەروا دەرچوو، دەمزانی لەنێوان ڕۆیشتنی منو چاپکردنی ئەو ڕۆمانەدا، بە بیانووی چاککردنی ڕێنووسو دروستکردنی گرێی نوێو ڕاستکردنەوی هەڵەی زمانەوانییەوە، چۆن ئەم ڕۆمانە دەستکاری دەکات. هەر چۆنێك بێت، ناتوانم بڵێم ئەوەی شەرەفیار نووسیویەتی، ژیانی من نییە."**

پاشماوەی نامەکە لەمدیویەوە نووسرابوو، ڕەنگە نووسەرەکەی کاغەزی چنگ نەکەوتبێت یان نەیویستبێت خوێنەرەکە لە خوێندنەوە بپچڕێنێت، بەردەوام ببوو: **"ڕاستییەکەی لەو خراپخانەیەی ناوی کوردستانەو پڕە لە خراپی وەك تۆ، زەحمەتە لە ئاغای شەرەفیار دەستپاكو ڕاستگۆتر ببینینەوە، ئەگەرنا خۆ ئێمەی کارەکتەری ڕۆمانەکان، خۆمان دەسەڵاتی هەڵبژاردنی نووسەرەکانمان هەیە.**

**من ئەگەر مەیلم لێبایە، دەچوومە خەیاڵی نووسەرێك لە جێگەیەکی دوورتر. شاناز ئەوە منو تۆین ئەو کەسە هەڵدەبژێرین کە دەماننووسێتەوە. دەزانم ئێستا قێزت دێتەوە کە ناوی تۆ بە نموونەش لەگەڵ خۆمدا دەهێنم.**

**داوای ساڵێکو قسور دەبێت داوای لێبوردن لە خوێنەرەکانی ئەو رۆمانە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بکەم، کە لەم نامەیەدا نهێنییەك دەدرکێنم کە نەدەبووایە بیدرکێنم.**

**شاناز..**

**باش گوێبگرە کاغەزو بەڵگەنامەکانی ئەو دۆستە موحتەرەمەی تۆ، هۆکاری مردنەکەی من نەبوو! ئەو برایانەی بەردەوام دەستیان لە خوێنی یەکتردایە، منیان لەوە سیلاویتر سەیردەکرد کە دەستیانم پێپیسبکەنو بمکوژن.**

**شاناز ئەگەر خودایەك هەبێت، ئەوە شایەتە، ئەگەر نەشبێت، ئەوە خۆمو خۆت دڵنیاین، ئەوەی منی ئاگر تێبەردا، تۆ بوویت.. ئاگر ئاگر ئاگر. رەنگە لە ئەدەبی شەرەفیار خۆیەوە بێت، خۆی لەم وێنەیە لادابێت، یان ئەویش فریوی جوانییەکەی تۆی خواردبێت، یان لە رێزی خۆیەوە بۆ خوێنەرەکانی نەیویستبێت هێندە ژنیان لەلا ناشیرین بکات.. شاناز بۆنی خوێنت لێدێت، دەست لەم پیاوکوشتنە هەڵـــــــ ..."**

نووسینەکە تەواو نەببوو، کاغەزەکە هەر هێندەی تیا جێببووەو جارێکی تر سەیری ناو زەرفی نامەکەم کرد هیچی تێدا جێنەمابوو، لام سەیرە بەشی دووەمی ئەم نامەیە کەوتووەتە کوێوە؟!.

**2007**

# دانپێدانانەکانی

# بەردێکی خوێناوی

بەوە نییە رەقم، دڵم یەك پارچە ئاوە، مێژوو بخوێننەوە، من رۆژێك لە رۆژان خستوویانمەتە سەر بەرماڵو ناوچەوانیان خستووەتە سەرم. بەڵام بەعومرم سووکایەتیی وام پێنەکراوە، بەحەیاتم لەسەر خۆشەویستی نەگیراومەتە کەس، هەموو مێژووی من بخوێننەوە، بێحورمەتییەکی وای تێدا نییە.

لە دڵەوە شەرمەندەم. لە دڵەوە تف لە نیوتن–یش دەکەم کە پاساوی زانستیی بۆ کەوتنەخوارەوەی منو سێو دەهێنێتەوە. چی دەبوو؟ با من کە هاوێژرابام، هەر بەهەواوە بمامایەتەوەو نەکەوتمایە لە کەس. ئێوە گوێتان لێنەبوو پڕ بە گوێی ئەو بەردهاوێژە جەلادانە قیژانم. جوێنم دا خوێڕییانە ئەمە بە من مەکەن. هاوارم کرد یەك بخۆنو یەك ببڕنەوەو یەك قڕبکەنو ئەمە بە من مەکەن. پاڕامەوە دەستم بە دامێنتان، مەحجوبی بەردەم ژنم مەکەن. ئاخر من ئەمەم لەگەڵ هەر کەسێکدا پێبکرێت، لەگەڵ ژندا پێم ناکرێت.. ئاخر زۆر کەرەسەی تر ئەوەیان لەگەڵ ژندا کرد، ئەمەش بە بەرد مەکەن، دەغیلتانبم رووی سپیم لێهەڵمەماڵنو ئەمە بە من مەکەن.

کێ گوێ لەبەرد دەگرێت؟!

من دەستێکم گرتبوو بە چاومەوەو بەدەستەکەی ترم گوێم ئاخنیبوو، کەچی هێشتا قیژەی ئەو کچە زەمهریری ناومی شەقدەکردو دەگەییە منو دەگەییە ئێوەو ئەفسوس نەدەگەییە خودا.

جوێنم دا.. ئەو رۆژە تفم لە خۆم کرد. لەو قەدەرە شوومەی منی فڕێداوەتە ئەم وڵاتەوە. حەزمدەکرد ئەو عەسرە، من لە جێگەیەکی ترو لە شوێنێکی





دوور، تەنگوتاوی ژێر جەستەی ژنێك بام لە قەراغ دەریا، نەك لەم شارە تاڵو تارە خوێن بهێنم لە ژنێك.

ئاخر برادەر ناکرێت بە دەستێکت وێنە بگریتو بە دەستەکەی ترت من بهاویتە **دوعا**.. لە عەدەسە بچووكو بێکوالێتییەکانی مۆبایلەکانتانەوە، ئەم نەبەردیو ئەم گیانبازیو ئەم تاوانە گەورەیە بۆ دونیا بگوێزنەوە.

هیچ رۆژێك وەك ئەمڕۆ من بەسەرنەکراومەتەوە، لەبەر سوورەی تەمموزدا، لە بەفری سەرماوەرزدا، منم لەوێدا کەوتوومو کەسێك پێینەوتم: خاڵۆ چ کارەیت؟!

ئەمڕۆ بەرنەدەکەوتم.. لەم کۆڵانەدا چەندجار کێشرام بە دوعاداو هەنگاوێك ئەولاتر هاوێژرامەوە ئەو کچە. چاوم گری بوو.. بە من، هەموو جلەکانیان لەبەر دادڕی.. بە من، شینو مۆریان کردەوە. بە بەرچاوی پۆلیسو خوداوە، بە من کردیان بە خوێنو بە ئەو کردیانم بە خوێن.

لێرە، لەم نیشتیمانە بەجەهل تەنراوەدا، رۆژ نییە مۆمی عەشقێك بە رەشەبای کۆنەپەرستی خامۆش نەبێت. دوعا نە یەکەمین قوربانیی دەستی ئەم غەدرەیەو تا دەسەڵاتیش هێند بێباكو خەمسارد بێت، نە دوایین خوێن دەبێت بەدەستی خەتا بڕژێتە بەرپێی بەربەرییەتەوە.

**2007**

**من سۆپەرمان نیم..**

**منیش وەك تۆ**

**پێویستم بە گریانە**

**لەوەڵامی تۆدا کە پێتوتم پیاو ناگری..!!**

روانینی ژن بۆ پیاو، روانینێکی خوداییو سەیرکردنێکی تەجەلاییانەیە.. لەلای ئێمە ژن تووشی شۆکێکی گەورە دەبێت، کاتێك لە پرۆسەی ژیانکردن لەگەڵ پیاودا، بەر ئەو راستییە دەکەوێت کە پیاو دۆنکیشۆتێکی دۆڕاوەو چیتر پیاو ئەو ئەو قەیسەرو جوامێرو شۆڕەسوارە نییە کە سەردەمێکی زۆر، ژن لەخەونیدا دیبووی.

ئەم ئایرۆنییە لە بەریەککەوتنی خەونو واقیعدا، ژن توشی شۆکێکی درێژخایەنو مەترسیدار دەکات. هەڵبەت من نەمویستووەو نامەوێت سۆپەرمان بە مانا نیتچەییەکەی (**مرۆڤی باڵا**) بەکاربهێنم، ئەگەرنا ژنی خۆناسی خاوەن ئیرادەش کاتێك درك بە دیوە بۆگەنەکەی دونیا دەکاتو ئیش بۆ ئەوە دەکات ئەو دونیایە تێبپەڕێنێتو لەجیهانێکی نوێدا گوتاری خۆی رابگەیەنێت، ئەمانیش مرۆڤی باڵان.

من دەمەوێت بڵێم پیویستە سەرلەنوێ کار لەسەر یەکتر ناسین بکەینەوەو ئارگۆمێنتی بەردەوامو قسەی جدیمان لەسەر یەك هەبێت، لێرەوە ناکرێت جارێکی تر ژن هەر لە پەنجەرەی عاتیفەوە چاوبڕکێ لەگەڵ پیاودا بکات.

هەمیشە لای ئێمە قسە لەسەر ئەوە کراوە کەپیاو نەیویستووەو نایەوێت ژن وەك خۆی بخوێنێتەوە، لە کاتێکدا راستییەکان وەها پیشاندەدەن تەنانەت ژنە دەرکەوتوو و رووناکبیرەکانیش، کەمتر دەستی دۆستایەتی بۆ پیاو رادەکێشنو ئەو پەیوەندییە لە حەزەرێکی بەردەوامدا دەژی.





بە ئێستاشەوە ژنی کوردی خاوەنی گوتارێکی پیاوناسی نییە. ئەوەشی لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکان بەچاپ دەگات، کەمتر خۆی لە قەرەی خوێندنەوەیەکی ئەپستمۆلۆژیی ئەم پەیوەندییە دەدات.

ماوەتەوە بڵێم دەکرێت ژنی ئێمە وێنایەکی تر، وێنایەکی واقیعی تر لە زەینی خۆیدا بۆ پیاو دروستبکات، وێنەیەك وەك وێنەکەی خۆی پڕبێت لە ئازارو خۆشی، فرمێسكو پێکەنین.

خانم من وەکو تۆ مرۆڤم، دەدەۆڕێم.. دەشکێم.. دەڕووخێم.. بۆ نابێت بگریم؟!.

**2006**

# بەتەنیا لەیلی تۆ

# یان

# سەفەری خەونەکانی ئێمە

نامەیەك بۆهونەرمەند سالار مەحمود

لەهەرکوێیەکە..

*مرۆڤ بۆئەوەی خۆی بدۆزێتەوە پێویستە خۆی ونبکات.*

***ژاک درێدا***

ساڵی (1989)یە، باوکم لەپێشمەوە دەڕواتو منیش ماتو بێدەنگ لەدوایەوەم. لەوانەیە وەك هەمیشە خەیاڵم ڕۆیشتبێت، لەنزیك تۆمارگای خیام گوێم لەدەنگێك بوو، **لەیلی-ی** بانگدەکرد **"ئەرێ هۆ لەیلی.."** ئەو دەنگە چەندێك منی هەژاندو چەندێکیش تاساندمی. پیاوێك لەیلی بانگ دەکات، (**لەیلی**)یەك نە من دەیناسمو نە دەشزانم لە کوێیە؟ خولیامە منیش بگەڕێمو لەیلی لەگەڵدا بدۆزمەوە. بەڵام ئەوکات من نە پێوپلی گەڕانم هەبوو، نە هێندەش گەورە بووم کە بتوانم کاسێتێك لەو دەنگە بکڕم.

ڕۆژان تێپەڕینو هاوڕێ زۆر خۆشەویستەکانم سەفەریان کرد. ئەوکەسانە بەجێیانهێشتم کە باوەڕم نەبوو بێ من نییەتی هەنگاو بهێنن.. هەندێکیان دوای ساڵانێك دووری بە فاکسێك، ئیمەیلێك، پاساویان بۆ سەفەری خۆیان هەبوو.. ئەم نیشتیمانەیان ماچ دەکرد، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دوای دوو تف بەجێیانهێشتبوو. هەندێکی تریانم نەبینییەوە، بێدەنگ بەبێ ئەوەی نامەیەك بنێرن، لەوێ ژیان دەکەن.





ساڵی(2003)یە، کەس لەپێشمەوە نییەو لە جاران ماتترم.. خەیاڵم لە هەموو شوێنێکە، لەلای خۆم نەبێت.. لە دارەسووتاوەکە گوێم لە پیاوێکە لەیلی بانگدەکات، **"ئەرێ هۆ لەیلی.."** بەرەو ڕووی دەنگەکە ڕۆیشتمو لە دوکانێك سیدییەکی (**سالار مەحمود**)م کڕی.

لە ماڵەوەم گوێم لە (**ئەرێ هۆ لەیلی**)یە، هێدی هێدی پێڵووەکانم قورسدەبن.. دەکەوێتە یادم هەموو ئەوانەی بەجێیانهێشتووین، بەدوای **لەیل**دا ڕۆیشتوون.. هەرکەسەو لەیلی خۆی. خودایە چ کارەساتێکە وەختێك هاوڕێکانمو سالار مەحمودیش وێڵی دوای (**لەیلێ**)نو بێدەنگیش تا دێت گەورەتر دەبێت.

سالار گیان، تۆ بێدەنگییەکەت بشکێنە، ئەوا ئێمە هەموومان بۆ(**لەیلێ**)ت دەگەڕێین.. **"هاوار (لەیلێ) تۆ لە کوێی؟.. لە کوێ؟!"**

**2003**

# شیعرفرۆش

ئەگەر چێژێکی ستاتیکیی شیعرییانە لە پەیڤەکانی (**گوڵفرۆشو نانفرۆش**)دا مابێت، ئەوا لە بەرامبەردا قێزەونبوونی پانتایی وشەکانی (**خۆفرۆشو لەشفرۆش**)ی جێنەهێشتووە، بەم پێیە پاشگری (**فرۆش**) بچێتە سەر هەر ناوێك لە پۆزەتیف یان نێگەتیفکردنیدا رۆڵێکی ئەکتیفو کارا دەبینێت.

ئیدی ئەگەر ئەم پاشگرە چووەسەر ناوێکی ناسکی وەك **شیعر**، ئەو ساتە چ دەڵێیت؟! برادەرێکم کە یەکێکە لە شاعیرەکانی ئەو شارەو رەنگە ئێوەش بیناسن، لەم رۆژانەدا پێیوتم کە خەریك بووە شیعرەکانی بفرۆشێت. من لە سەرەتادا سەرێکی حاڵینەبوونم بۆ راوەشاند، پاشان وتی: "**شیعرەکانم دەفرۆشمە کەسێك، کە بەناوی خۆی چاپو بڵاویاندەکاتەوە، بەرامبەر بە بڕێك پارە.**"

ئەو هەر ئەوەندەی وتو منیش داوای روونکردنەوەی زیاترم لێکرد، بەڵام باش لەوە بێگومانم کە بەنیازی سەفەرەو باری داراییشی باش نییە، ئەمەیان بۆ خۆی قەیرانێکە، ئێمەش کەمتازۆر لێی بێبەش نیین. بەڵام داخۆ ئەو سەوداکەرە قارەمانە کێ بێت کە هاتووەتە بازاڕی شیعرو دەخوازێت هەستە زۆر تایبەتەکانیشمان لێبکڕێت؟!

جارێکی تر هەلومەرجە گێڕو ئیفلیجو ناتەواوەکەی ئابووری وایکرد دەستمان بچێتە ناو خۆمانو ئەم جارەیان لە مەزادەکەی ئەم دەڤەرەدا، لە دوای گورچیلەو خوێنو پارچەکانی تری جەستەمان، شیعرەکانمان هەڕاج بکەین.





سەیرە شاعیرێك شیعری چەند ساڵ کوێرەوەریی ژیانی تاراوگەو شاخو زیندان لە چرکەیەکدا هەرزانفرۆش بکات بەرامبەر بەوەی چاوی لەم شارە ببڕێت، بەڵێ سەیرەو سەیریش نییە.

چونکە لەمێژە زۆرێك لە شتەکان ئاوەژوون، هەموو ئەوانەی پێدەکەنن، دەمامکن نەك رووە راستەقینەکان، هەموو ئەوانەی شەڕدەکەن، منو تۆو لوولەی تفەنگێکن نەك جەنگاوەر، دواجار هەموو ئەوانەی پارچەیەك حەبی "**میبرۆبامێت، سومالدرین، ئاڕتین**"[*] یان لە گیرفانی ناوە شۆڕەسوارو کوڕە خوێنگەرمەکانی ئەم شارەن، نەك قورماچییە دۆڕاوەکان.

لەبەر ئەوە سەیر نییە لە مەملەکەتێکدا رووداوەکان نالۆژیکی بن، لە کاتێکدا ژیانکردن تیایدا بۆ خۆی نالۆژیکییە.

**2000**

---

[*] ناوی چەند حەبێکی هۆشبەرن.

## کتێبە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم

| ز | ناوی کتێب | بابەت | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد | |
| 2 | ئایین (هزر سیاسەت) | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| 3 | بەیەکداکێشانی شارستانێتی | فیکری سیاسی | سامئیل هانتینگتۆن | ئاوات ئەحمەد |
| 4 | سوەیلا | رۆمان | شارام قەوامی | |
| 5 | رۆژی هاتنەکەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵڵا | |
| 6 | سیماکانی عەقڵانیەتو خورافە | | فالح عەبدولجەبار | ئاوات ئەحمەد |
| 7 | وەنەوشەکەی چیرۆك | چیرۆك | کۆمەڵێك نووسەر | شیرین.ك |
| 8 | نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | فیکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| 9 | فیمینیزم | فکری | نورە فەرج | عەبدوڵڵا تاهیر |
| 10 | لەروانگەی خۆرئاواوە | فکری | کۆمەڵێك نووسەر | ئومێد عوسمان |
| 11 | منداڵباز | رۆمان | فەرهاد پیرباڵ | |
| 12 | کیمیاگەرانی وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | کۆمەڵێك نووسەر | یاسین عومەر |
| 13 | گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | فواد زەکریا | حەمە کەریم |
| 14 | خەمەکانی رۆشنگەری | فکری | هاشم ساڵح | ئاوات ئەحمەد |
| 15 | یەڵماز گۆنەی | | کۆمەڵێك نووسەر | حەمە کەریم |
| 16 | هەناسەی پێخەفەداخراو | چیرۆك | چنوور سەعیدی | |
| 17 | سادقی هیدایەت | لێکۆڵینەوە | حەمە کەریم عارف | |
| 18 | یادەوەرییەکانی کۆلۆنێکی خاپوورکراو | چیرۆك | سیامەند هادی | |
| 19 | | شیعر | کەمال ئەمینی | |
| 20 | تیانووسی پاشای هیچ | شیعر | یاسین عومەر ئیبراهیم | |
| 21 | لەسێبەری پرسیاردا | دیدار | سەمەد ئەحمەد | |
| 22 | زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە | شیعر | پۆل ئیلوار | فەرهاد پیرباڵ |
| 23 | گێلاسی خوێن | رۆمان | عەتا محەمەد | |
| 24 | حەرامترین | چیرۆك | عەلی پێنجوێنی | |
| 25 | رەنگە کاڵبووەکانی دنیا | شیعر | گەروس عەبدولمەلیکیان | مەریوان هەڵەبجەیی |
| 26 | کۆنترۆڵی میدیا و راگەیاندن | راگەیاندن | نوام چۆمسکی | کەریم قادر پوور |
| 27 | مۆزارت، شمشاڵی ئەفسوناوی | هونەری | ئەنیس مەنسور | مامۆستا ئەحمەد |
| 28 | ئەفرێنەرانی خۆر ئاوا | فکری | هاشم ساڵح | ئومێد عوسمان |
| 29 | دەریایەك لەوشە | دیدار | مهاباد قەرەداغی | |
| 30 | داهێنان و مەرگ | لێکۆڵینەوە | سەلاح حەسەن | |
| 31 | ژنێ لەبەردەم وەرزێکی | ژیان و بەرهەم | فروغ فروغزاد | ئازاد بەرزنجی |
| 32 | گەڕان بەدوای قولاییدا | چیرۆك | پاتریك زوسکیند | شیرین. ك |
| 33 | پابەندبوونی ئەدەبی | لێکۆڵینەوە | رمضان الصباغ | ئاری عوسمان |
| 34 | مێرووڵەو کۆتر | منداڵان | ئیزۆپ | جەبار سابیر |
| 35 | من و باپیرەو نەنە | منداڵان | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| 36 | دیالۆگ، خەندە، ئازادی | لێکۆڵینەوە | میخائیل باختین | هادی محەمەدی |
| 37 | مامزێر | رۆمان | کاروان کاکەسوور | |
| 38 | ئێمە گوناهین | چیرۆك | هیوا ئەمین نژاد | |
| 39 | شەبەنگی بوون، زایەڵەی.. | راڤەی دەق | هەندرێن | |
| 40 | خۆشم ئەوێی شێتەگیان | منداڵان | ستیوارت همپڵ | جەبار سابیر |
| 41 | فریشتەکان | چیرۆك | رەسوڵ یۆنان | جەبار سابیر |
| 42 | پاییزی عومری من | شیعر | ژاوێن شاڵی | |
| 43 | نەتەوەو حەکایەت | لێکۆڵینەوە | رێبوار سیوەیلی | |
| 44 | گەمەی پاقیژە | شانۆنامە | ژان ژینێ | دلاوەر قەرەداغی |
| 45 | ماجەراکانی سەلمانی فارسی | رۆمان | یوسف عیزەدین | |
| 46 | گەڕانەوەی خوشکەکان | چیرۆك | هەورامان وریا قانع | |
| 47 | تارژەنی رەنگ | حیکایەت | عەتا محەمەد | |
| 48 | ئەوەی دنیا رزگار دەکات جوانییە | کۆدیدار | هیواقادر | |
| | | | | |